دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥١٥

www. kurdistanukurd.com

پێنج شەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٨ ـ ٢٢ی ژوولای ٢٠٠٩ ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



**دەقی وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ٢٢ی پووشپەڕدا**

سیاسی



**وتاری مەهدی خانبابا تارانی لە میتینگی بروکسێل دا**

سیاسی



**ئێران و ئەگەرەکانی گۆڕان لەداهاتوودا**

کوردستانی



**بۆچی" هاووڵاتی" بوون پێوەندییەکی یەك لایەنەیە!؟**

## لە ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی دا

# قاسملووی ڕێبەر، جارێکی دیکە سەرنجی دنیا بۆ لای نەتەوەکەی ڕادەکێشێتەوە



میتینگ لەبەردەم کۆمیسیونی ئۆرووپا - بروکسێل

### ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە چەند حەوتوو پێشترەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆی بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی دوکتور قاسملووی ڕێبەر ئامادە کردبوو، لە ٢٢ی پووشپەردا، بە شێوەیەکی کەم وێنە ڕێزی لەم ڕێبەرە شەهیدە گرت و وەفاداریی خۆی بە ڕێگاکەی و ئامانجەکانی پێشان دایەوە. ئەگەر چی دوو حەوتوو زیاتر بوو، هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە ئامادە باش دابوون و هەرەشە لە خەڵکیان دەست پێ کردبوو، بەڵام سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەوڵی لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و ئۆگرانی بیرو ئەندیشەی د. قاسملوو، بە تراکت، دروشم، وێنە و پوستێری تایبەت بەم یادەو ئاڵای کوردستان ڕازایەوە.

لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ٢٠ ساڵەی تیروری د. قاسملوو و هاوڕێیانیدا، شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەدی مانگرتنێکی گشتیی کەم وێنە بوون. خەڵکی شارەکانی بۆکان، مەهاباد، شنۆ، سەقزو ڕەبەت یەکپارچە دووکان و بازاڕیان داخست. لە ورمێ، نەغەدە، سنە، مەریوان، جوانڕۆو چەندین شاروشاروچکەی دیکە، بەشێکی بەرچاو لە دوکانەکان داخران. مانگرتنەکە سەرەڕای هەرەشەی کاربەدەستان و شکاندنی قفلی دوکانەکان، هەتا ئێوارە درێژەی هەبوو. بێزاری دەربڕین لە ڕێژیمی تیروریستپەروەری کۆماری ئیسلامی و نیشاندانی وەفاداری بە ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو بە زۆر شێوەی دیکە خۆی نواند.

### تۆڵە ئەستاندنەوەی ڕێژیم

نارەزایەتی دەربڕین و حەرەکەتی مەدەنیی سەرانسەریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ تۆڵە ستاندنەوەی کاربەدەستانی ڕێژیم بەرەو روو بۆوە. بڕینی کارەبا، پلۆمپ کردنی دوکانەکان، گرتنی چالاکانی سیاسی و فەرهەنگی و مەدەنی، هەرەشە و فشار بۆ سەر بازاڕیان لە زۆر شاری کوردستان بە دوای ئەم مانگرتنەدا درێژەی هەیە.

### باشووری کوردستان

لە باشووری کوردستانیش، حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێك کۆڕو سمینارو کۆبوونەوەی بەرینی بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەریی قاسملووی ڕێبەر بە بەشداریی سەدان کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و دەیان حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان پێك هێنا.

لەلایەکی دیکەوە پشتیوانی لە کەمپەینی چالاک کردنەوەی تیروری د. قاسملوو، هاوڕێیانی لە زیاد بوون دایەو تا ئێستا زیاتر لەپێنج هەزار کەسایەتی و مرۆڤی تێکوشەر، ئەم کەمپەینەیان ئیمزا کردوە.

### میتینگێک لەبەردەم کۆمیسیۆنی ئۆرووپا – بروکسێل

لە پێتەختەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە چەند ڕێورەسم دا ڕێز لە کەسایەتیی د. قاسملوو گیراو داوای وەگەر کەوتنەوەی پەروەندەی تیرۆری ئەو ڕێبەرە کرا. لە بروکسێل بە بەشداریی دەیان کەسایەتیی کورد، ئێرانی و ڕۆژئاوایی و بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەردەم کۆمیسیۆنی ئورووپا میتینگێگ بەڕێوە چوو. بەشداران وێرای بەرز ڕاگرتنی یادی د. قاسملوو و تیشك خستنە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتی و تێکۆشانی ئەو ڕێبەرە، داوایان لە یەکیەتیی ئورووپا کرد پشتیوانی لە داوای ئەوان بۆ چالاك کردنی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو بکەن.

## سوپاسنامە

### لە پێوەندی لەگەڵ چالاکییەکانی ٢٢ی پووشپەڕدا

**خەڵکی تێگەیشتوو و خەباتگێڕی کوردستان!**

**تێکۆشەران! ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

**ئۆگرانی ئامانجەکانی قاسملووی نەمر!**

لە ٢٠ ساڵەی تیرۆری د. عەبدوڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و هاوڕێیانیدا، جارێکی دیکە وەفاداریی ئێوە بە ئامانجە بەرزەکانی ئەم ڕێبەرە شەهیدەو، سووربوونی ئێوە لە سەر داواکردنی وەگەڕ کەوتنەوەی پەروەندەی تیرۆری ١٣ی ژوئیەی ڤییەن خۆی نواندەوەو جارێکی دیکە بێزاریی ئێوە لە ڕێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی بە دەسەڵاتدارانی ئێران و بیروڕای گشتیی دنیا نیشان درایەوە.

بەشداری بەرینی خەڵکی کوردستان لە مانگرتنی گشتیی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، حەرەکەتێکی مەدەنیی ئەوتۆ بوو کە یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان و شێلگیربوونی ئەوان لەسەر خەبات بە دژی ڕێژیمی دیکتاتورو تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی سەلماندەوە. تەعتیلیی یەکپارچەی دوکان و بازارەکان لە شارو گوندەکانی مەهاباد، بۆکان، سەقز، شنۆ، ڕەبەت و بەشدارییی بەشێکی زۆری دانیشتوانی زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستان لەم مانگرتنەدا، هەروەها زۆر حەرەکەت و کردەوەو چالاکیی تویژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك بە تایبەتی لاوانی خەباتگێر لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕو لە ڕۆژانی رابردوودا بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی قاسملووی ڕێبەر، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگای شانازین. ئێوە لە حاڵێکدا وەفاداریی خۆتان بە ئامانجەکانی ڕێبەری شەهیدمان و، بێزاریی خۆتان لە ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی پێشان دایەوەو مانگرتنی گشتیی خوتان ئازایانە بردە سەر کە زیاتر لە حەوتوویەك بوو لەگەڵ هەڕەشەی کاربەدەستان و مانۆڕی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە بەرەوڕوو بوون. دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان شانازی بەم هەڵوێستەتان دەکاو سوپاس و پێزانینی خۆی بەم بۆنەیەوە بە ئێوە ڕادەگەیەنێ. هەر لەم دەرفەتەدا بە پێویستیی دەزانین سوپاسی هەموو ئەو کوردو ئێرانی و کەسایەتییە ڕۆژئاواییانە بکەین کە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان، لە چالاکییەکانی پێوەندیدار بە ٢٠ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوودا بەشدار بوون. سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی کە لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە خۆیان گەیاندە بڕۆکسێل بۆ ئەوەی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاودەنگی بکەن و، داوای چالاکبوونەوەی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو بە کۆمیسیونی ئورووپا ڕابگەیەنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێزانینەوە هەوڵی هەموو لایەك لە بەرز ڕاگرتنی یادی د. قاسملوو لە ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونیدا، هەڵ دەسەنگێنێ و، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئۆگرانی ڕێگای ئامانجەکانی قاسملوو لە سەرانسەری جیهان دڵنیا دەکاتەوە کە پشت ئەستوور بە ئاگایی، شێلگیری و هیممەتی بەرزی ئەوان و پشتیوانیی بێدریغیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ چالاك کردنەوەی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملووو لەمەش زیاتر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدە تێ دەکۆشێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٣ی پووشپەڕی ١٣٨٨**
**١٤ی ژووئیەی ٢٠٠٩**

## خالید عەزیزی، وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە واشینگتۆن کۆمەڵێک چاوپێکەوتنی کرد



**هاوڕێ خالید عەزیزی وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە حەوتوی ڕابردوودا سەردانی واشینگتۆنی کرد.**

لەو سەفەرەدا کاک خالید بەهاوڕێیەتیی کاک کامران باڵنور، نوێنەری حیزب لە ئامریکا کۆمەڵێک دیدار و چاو پێکەتنی سیاسییان کرد.

لە ڕۆژانی چوار شەممە و پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٧ و ١٨ لە گەڵ بەشی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی مەجلیسی سێنا و هەروەها بەشی دەرەوەی کۆنگرە ئامریکا کۆ بوونەوە. لەو کۆبوونەوانەدا بابەتەکانی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستانی ئێران هاتنە بەر باس و لێکدانەوە. هەیئەتی حیزب لە هەردووی ئەو کۆبوونەوانەدا ئاماژەیبەو ڕاستییەکرد کە بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن و دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەو مانایەیە کە خامنەیی و سەرۆک کۆمارەکەی شەرعیەتی قانوونییان نەماوە، بۆیە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبێ پشتی خەڵکی ئێران بگرێ و ئێستا باشترین دەرفەتە بۆ فشاری سیاسی دیپلۆماسی بۆ سەر ئەم ڕێژیمە و تەرێک خستنەوەی لە ئاستی نێو دەوڵەتیدا.

## بەربەرەکانی دژی دەوڵەتی کودیتا، لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات پەرە دەستێنێ

لە دوای کودیتای ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردانەوە، ڕێبەری ڕێژیم و دەوڵەتی کودیتا، سەرەڕای کەڵك وەرگرتنیان لە توندترین هەڕەشەکان و دڕندانەترین سەرکوتەکان بۆ کپکردنی ناڕەزایەتیی خەڵك، لەگەڵ بەربەرەکانیی زیاتری خەڵك و مەحکووم کران لە لایەن بیروڕای گشتیی جیهانەوە بەرەوڕوون.

کودیتای ٢٣ی جۆزەردان نەك هەر مەودای نێوان خەڵك و دەسەڵاتبەدەستان، بەڵکوو کەلێنی نێوان بەڕێوەبەران و سیما ناسراوەکانی کۆماری ئیسلامییشی زیاتر کرد. ڕەفسەنجانی، وتارخوێنی نوێژی هەینیی تاران کە بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە دژی کودیتاوە چەند حەوتوو بوو نەچووبووە نوێژی هەینی، ڕۆژی جومعەی ڕابردوو، خوتبەی دا. بەڵام چونکە چاوەڕوان دەکرا قسەکانی لە تەئییدی خەتی خامەنەیی و پشتیوانی لە دەوڵەتی کودیتادا نەبن، بۆ یەکەم جار لە لایەن ڕادیۆو تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتی بڵاو نەکرانەوە. خەڵکی ناڕازی لە کودیتاچییەکان بەشداری لە نوێژی هەینییان کرد بە دەرفەتێك بۆ ئەوەی جارێکی دیکە حوزووری میلیۆنیی خۆیان بە دەسەڵاتداران نیشان بدەنەوەو سووربوونی خۆیان لە سەر بەربەرەکانی ڕابگەیەننەوە.



# ڕێوڕەسمی یادی بیست ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە بەردەم بارەگای کۆمیسیۆنی ئورووپا

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ١٣ ی ژووئیەی ٢٠٠٩ ی زایینی، لەسەر بانگهێشتنی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە بۆنەی بیستەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری ڕێبەری ناوداری کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی ڕێورەسمێکی بەشکۆ و جەماوەری لە بەردەم بارەگای کۆمیسیۆنی ئورووپا لە بروکسێل بەڕێوە چوو. ئەو ڕێوڕەسمە لە مەیدانی "شوومان" و بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتانی جۆربەجۆری ئورووپایی و دەیان کەسایەتیی ناسراوی کورد و ئێرانی و ئورووپایی و نوێنەرانی چەندین ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵی دۆستی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوە چوو، کاتژمێر ١:٣٠ ی دوانیوەڕۆ ڕێورەسم بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب لەلایەن کۆرسی کوڕان و کچانی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساتێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ئازادی بەتایبەتی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر دەستی پێ کرد.

پێشکەشکارانی بەرنامە، کە کاری وەرگێڕانی پوختەی باسەکانیشیان دەکرد بریتی بوون لە هاوڕێیان گوڵاڵە شەرەفکەندی کە بەرنامەکەی بە زمانی ئینگلیسی بەڕێوە دەبرد و ڕێبوار کەریمی کە بەرنامەکەی بە زمانەکانی کوردی و فارسی بەڕێوە دەبرد.

پاش خوێندنەوەی پەخشانێکی تایبەت بە ڕێورەسمی بروکسێل لەلایەن ڕێبوار کەریمی‌یەوە، داوا لە هاوڕێ مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بەرپرسی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات کرا هەتا لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە وتارێک پێشکەش بکا. دەقی ئەم وتارە لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا خراوەتە بەر چاوی خوێنەران. مستەفا شەڵماشی لە وتارەکەیدا پاش قەدر زانینی بەشداریی بەرچاوی کوردستانییان و کەسایەتی‌یەکان و نوێنەرانی لایەنەکانی دۆستی حیزب و گەلی کورد لەو ڕێوڕەسمەدا، ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی جینایەتی ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ لە ڤییەنی وەبیر هێنایەوە. هەروەها داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ ئەو هەوڵانە کرد کە بە مەبەستی چالاک کردنەوەی پەروەندەی تێرۆری د. قاسملوو وەڕێ خراون. بڕگەکانی دیکەی ئەم بەرنامەیە بە شێوەی خوارەوە بوون :

١. وتاری سەناتۆر پاتریک ڤان کرۆکلسڤەن لە حیزبی لیبرال دێموکڕاتی بێلژیک.

٢. وتاری بەڕێز مێهدی خانبابا تێهرانی کەسایەتیی ناسراوی بزوتنەوەی چەپی ئێران و دۆستی نزیکی د. قاسملوو کە لە ئاڵمانەوە هاتبوو.

٣. وتاری بەڕێز ماتیاس دیپێندالە ئەندامی پارلمانی هەرێمی فلاندری بێلژیک کە بە نوێنەرایەتیی خانمی فریدا بریپۆلس ئەندامی پارلمانی ئورووپا قسەی کرد.

٤. وتاری بنەماڵەی قاسملوو لەلایەن د. حەسەن شەتەوی کەسایەتیی سیاسیی کورد و خوشکە زای دوکتور قاسملوو کە لە ئاڵمانەوە هاتبوو.

٥. پەیامی بورهان جاف نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بروکسێل.

٦. وتاری سەناتۆر ئەلکە تیندەمانس لە حیزبی دێموکرات مەسیحیی بێلژیک کە لەلایەن خانمی ئیلۆنا دی کۆستێرەوە خوێندرایەوە.

٧. وتاری د. هیدایەت مەتین دەفتەری، کەسایەتیی میللیی ناسراوی ئێران و دۆستی نزیکی د. قاسملوو کە لە پاریسەوە هاتبوو.

٨. پەیامی ژان کریستۆف کامبادێسلیس سکرتێری نێونەتەوەیی حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە کە لەلایەن سیروان باباخانەوە پێشکەش کرا.

٩. وتاری کارۆل پرۆن هووبێر نووسەر و ڕۆژنامەوانی ڤێنزوێللایی و نووسەری کتێبی "خولیا و مەرگی قاسملووی کورد" کە لە بریتانیاوە هاتبوو.

١٠. پەیامی پییەر مۆروا، سەرۆک وەزیری پێشووی فەڕانسە کە لەلایەن د. ئاسۆ حەسەن زادەوە پێشکەش کرا.

١١. وتاری سەناتۆر لیۆنێل ڤان دێنبێرگ، سەرۆکی گرووپی کاری کوردان لە خانەی پارلمانتارانی بێلژیک.

١٢. وتاری مارک کراڤێتس، نووسەر و ڕۆژنامەوانی ناسراوی فەڕانسەیی و دۆستی د. قاسملوو کە لە پاریسەوە هاتبوو.

١٣. وتاری د. جەلال مەدەنی، سکرتێری حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی ئێران کە لە ئاڵمانەوە هاتبوو.

١٤. وتاری خانمی کارێراس لە بەرپرسانی پێوەندی‌یەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بێلژیک.

١٥. وتاری پەرویز نەویدی، ئەندامی ڕێبەرایەتیی فیدائیانی خەڵکی ئێران کە لە پاریسەوە هاتبوو.

١٦. وتاری د. ڕەزا عەللامە زادە کەسایەتیی سیاسی و فیلمسازی ئێرانی کە لە هولەندەوە هاتبوو.

١٧. وتاری ئەنوەر میرسەتاری، سەرۆکی فێدراسیۆنی ئۆرۆ پێرس و ئەندامی پارتی سەوزەکانی بێلژیک.

دوو کەسایەتیی دیکە بریتی لە دەروێش فەرهۆ سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە بروکسێل و ڕێبوار نەلاسی نوێنەری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان-یش لە ڕیزی وتاربێژانی ئەم ڕێورەسمەدا بوون کە بەهۆی کەمیی کات دەرەتانی پێشکەش کردنی وتارەکانیان نەبوو.

لە نێوبڕی پەیامەکاندا جەماوەری بەشدار لە مەیدانی شوومانی بروکسێل بە دووپات کردنەوەی ئەو شیعارە کوردی و فارسی و ئینگلیسی‌یانەی لەلایەن هاوڕێیان حەمەڕەسووڵ کەریمی و ناسر فەتاحی‌یەوە دەگوتران، پەیمانی درێژەدانی ڕێگای قاسملووی ڕێبەریان دووپات دەکردەوە، ماهییەتی تێرۆریست و نادێموکراتیکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم دەکرد و داوای هەڵوێست و پشتیوانیی یەکیەتیی ئورووپا لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی شەهید دوکتور قاسملوویان دەکرد.

ژمارەیەکی زۆر پەیام بۆ بەرز ڕاگرتنی بیرەوەریی دوکتور قاسملوو و هەروەها بۆ دەربڕینی هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بەرپرسانی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات گەیشتبوون. پەیامەکانی گەیشتوو بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ئەم بۆنەیە بریتی بوون لە :

١. پەیامی لۆرد ئێریک ئەیڤێبری ئەندامی ژووری لۆردەکانی پارلمانی ئینگلستان

٢. پەیامی د. عەلیرەزا نووری زادە کەسایەتیی سیاسی و دۆستی نزیکی د. قاسملوو

٣. پەیامی پاولۆ کاساکا، ئەندامی پێشووی پارلمانی ئورووپا

٤. پەیامی د. بێرنارد گرانژۆن، سەرۆکی ئیفتخاریی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان

٥. پەیامی ماتس ئینارسۆن، بەرپرسی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی پارتی چەپی سوئێد

٦. پەیامی ژێرار شالیان، کەسایەتیی ناسراوی فەڕانسەیی و دۆستی نزیکی د. قاسملوو

٧. پەیامی لۆرد کۆربیت، ئەندامی پارلمانی ئینگلستان و بەرپرسی کۆمیتەی تایبەتیی ئەم پارلمانە بۆ پرسی ئازادی لە ئێران.

٨. پەیامی بارت ستێس، ئەندامی پارلمانی ئورووپا.

٩. پەیامی ئان کلوود، ئەندامی پارلمانی ئینگلستان و ڕێکخەری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لەم پارلمانەدا.

١٠. پەیامی باقر موئمنی کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی ئێرانی و دۆستی د. قاسملوو.

١١. پەیامی ئان لیند، سکرتێری نێونەتەوەیی حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی سوئێد و کلاس نۆردمارک، بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ ڕایەڵەی کوردی لەو حیزبەدا.

١٢. پەیامی جێرێمی کۆربین، ئەندامی پارلمانی ئینگلستان.

١٣. پەیامی خانمی فرانسواز برییە، کەسایەتیی فەڕانسەیی دۆستی د. قاسملوو و د. شەڕەفکەندی.

١٤. پەیامی بۆب سپینک، ئەندامی پارلمانی ئینگلستان.

١٥. پەیامی فەرامەرز بەختیاری، دەبیری ئەوەڵی حیزبی ئیتحادی بەختیاری و لۆرستان.

١٦. پەیامی سازمانی ئازادیبەخشی بەلوچستان.

١٧. پەیامی ئیسماعیل خۆیی نووسەر وشاعیری ئێرانی.

١٨. پەیامی ئەبولفەزڵ ئۆردووخانی، کەسایەتیی ئێرانی.

١٩. پەیامی د. عەبدولستار دۆشۆکی، سەرۆکی جەبهەی موتەحدی بەلوچستان.

٢٠. پەیامی د. جەوادی مەلا، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان.

لە دوا بەشی ڕێوڕەسمی بیست ساڵەی شەهیدانی ڤییەن لە بروکسێل هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتوو لە هاوڕێیان کوێستان گادانی، کاوە ئاهەنگەری و مەولوود سوارە بە مەبەستی گەیاندنی داخوازییەکانی خۆپێشاندەران لە پێوەندی لەگەڵ فشار هێنانی یەکیەتیی ئورووپا بۆ سەر دەوڵەتی ئوتریش بۆ وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی تێرۆری د. قاسملوو و هەروەها بۆ لەبەرچاوگرتنی بەکردەوەی بەرژەوەندیی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران بەگشتی و وەزعییەتی کوردەکان بەتایبەتی لە سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپادا، لە بەڕێوەبەرایەتیی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی کۆمیسیۆنی ئورووپا لەلایەن ئاغای هووگ مینیارێلی لە بەرپرسانی ئەم بەڕێوەبەرایەتی‌یەوە وەرگیران و لە دیدارێکی تایبەتی‌دا وێڕای پێشکەش کردنی داخوازینامەیەکی نووسراو لەو پێوەندی‌یەدا، نێوەرۆکی داخوازییەکان و چۆنیەتیی بەدواداچوونی ئەم داخوازینامەیان لەگەڵ ناوبراو تاوتوێ کرد. ڕێورەسمی بەشکۆی یادی بیست ساڵەی شەهیدانی ڤییەن لە بروکسێل بە ساتێکی سەمبولیک بۆ بەرز ڕاگرتنی بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری بە گشتی و دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بەتایبەتی و بە پەیمان نوێ کردنەوە لەگەڵ ئیدئال و ئامانجەکانیان کۆتایی پێ هات.



# ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی ڕێبەر لە شاری کۆیە

دوای نیوەڕوی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەر بە مەبەستی یاد کردنەوەو ڕێزگرتن لە خەباتو تێکوشانی ڕێبەری مەزنی گەلی کورد، دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی ڕێورەسمێکی گەورە بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەی، ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو چەندین کەسایەتیی سیاسیی‌و هەروەها نوێنەرانی چەندین حیزبو لایەنی سیاسی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو. ئەو ڕێورەسمە کە لە هۆلی ئوسکاری شاری کۆیە بەڕێوەچوو، بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێ دەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یادی شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملووو هەروەها شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. لە سەرەتای ڕێورەسمەکەدا ماموستا عەبدوڵڵاحەسەن زادە بە نوێنەرایەتیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وتارێکی لەسەر کەسایەتیی دوکتور قاسملوو و ڕۆڵی دوکتور قاسملوو بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد. ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەم پێوەندییەدا ڕۆڵی دوکتور قاسملووی شەهیدی لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە بە مەبەستی بووژانەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو هەروەها تواناییەکانی قاسملوو بۆ لێکدانەوەو خۆێندنەوەی زانستیانەی کێشەکانی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرزنرخاند. ماموستا حەسەن زادە لە درێژەدا پێشنیاری کرد کە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەر بە ڕۆژی بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر ناودێر بکرێ. حەسەن زادە هەروەها لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا تیشکی خستە سەر خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بەتایبەت لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٢ی جۆەردان. لەو پێوەندییەدا بە لەبەر چاو گرتنی بارودۆخی ئێستای ئێرانو تەریك کەوتنەوەی هەرچی زیاتری ڕێژیم لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات، داوای لە هیزو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد هەست بە بەرپرسایەتیی مێژوویی خۆیان بکەنو بەمەبەستی لێك نزیك بوونەوەی هەرچی زیاترو پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش هەنگاوی زیاترو جیدی‌تر هەڵبێننەوە. ماموستا عەبدوولڵا حەسەن زادە باسی مانگرتنی گشتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٠ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو دا کردو سۆپاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی بەم بۆنەیەوە بەوان ڕاگەیاند. لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا ناوی ئەو حیزبو لایەنە سیاسیانەی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەم بۆنەیەوە پەیامیان ناردبوو خۆێندرایەوە. پاشان سروودی "سەفیری شەهیدان" پێشکەش کراو دوابەدوای ئەم سرودەش شێعرێکی هەست بزوێن لە لایەن دوو منداڵی خنجیلانەوە پێشکەش کرا. شاعیری نیشتمانپەروەر سوارە قەڵادزەیی لە برگەیەکی دیکەی ڕێوەرسمەکەدا شێعرێکی خۆی بەو بۆنەیەوە پێشکەش بە بەشداران کرد. دواتر سروودی"ماموستای مەزن و زانا" لە لایەن پۆلێك لە منداڵانی کەمپەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە پێشکەش کرا. ماموستا شەریف حوسین پەناهی یەکێکی دیکە لە بەشدارانی ئەم ڕێورەسمە بوو کە شێعرێکی هەست بزوێنی خۆی بەناوی "پەپوولە" خوێندەوە. دوا بەرگەی ئەم ڕێورەسمە سروودێکی تایبەت بەو بۆنەیە بوو کە پێشکەش کرا.



درێژەی

## خالید عەزیزی، وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە واشینگتۆن کۆمەڵێک چاوپێکەوتنی کرد

لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکاندا داوا کرا کە کار بکرێ بۆ ئەوەی کاربەدەستانی سیاسی و حوقووقیی ئەمریکا بە گوێرەی مەجال و دەرفەتەکانی ئاستی نێودەوڵەتی کار بکەن بۆ کرانەوەی پەروەندی تیرۆری د.قاسملوو.

لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر کۆبوونەوەیەکی تایبەت سەبارەت بە ئێران کە قەرارە ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو ڕێکەوتی ٢٢ی جولای لە بەشی دەرەوەی کۆنگرەی ئەمریکا بگیرێ. کاک خالیدو کاک کامران کۆمەڵێک خاڵیان بۆ باس لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیار کرد بۆ وێنە مەسەلەی کوردلە کوردستانی ئێران و سیاسەت و خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

هەروەها روژی جومعە ڕێکەوتی١٧ی مانگ کاک خالید وکاک کامران لەگەڵ هەیئەتێکی بەشی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا کۆ بوونەوە و وێڕای باسێکی تێر و تەسەل سەبارەت بە ئێران و کوردستانی ئێران بۆ جارێکی تر تەئکیدیان کردەوە کە ئامریکا دەبێ تێ بکۆشی لە بێ هەڵوێستی و ناڕوونی بەرانبەر بە ئێران بێتە دەرێ و باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتی و ئەمنییەتی ناوچەکەدا مەسئولانە ڕەفتار بکا ئەوەیە یان ئەم ڕێژیمە نەمێنێ یان ئەوەندە بگۆڕێ کە وڵامدەری ویست و داواکانی خەڵکی ئێران بێ.

هەروەها لە ماوەی ئەم سەفەرەدا کاک خالید سەردانی کۆمەڵێک ناوەندی لیکۆڵینەوە ی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێرانی کرد و باسی کوردستان و ئێستا و ئایندەی ئێرانی لەگەڵ کردن.

کاک خالید عەزیزی هەوەها لەم ماوەیەدا چاوی بە کومەڵێک لە کەسایەتییە ئێرانییەکان و تیکۆشەرانی نەتەوەکانی ئێران نیشتەجێی واشینگتۆن کەوت و باسێکی تێر و تەسەلی سەبارەت بە لێک نیزیک بوونەوە و بە تایبەتی لێک تێگەیشتنی ئوپۆزیسیۆنی دەرەوە و خەباتی کومەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتدا کرد و میکانزمێکی گونجاو کە بتوانێ زۆربەی لایەنەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ ئەم سەردەمە لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە، هینایە بەر باس.

# دەقی وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

# لە ڕێورەسمی ٢٠ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیدا

## کە بە نوێنەرایەتی لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشکەشی کرد

**میوانە بەڕێزەکان!**

**شەخسییەتە ئەدەبی و سیاسی و دانیشگاهی و نیشتمانپەروەرە کوردەکان!**

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

پڕ بە دڵ بە خێرهاتنتان دەکەم و پڕ بە دڵ لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سپاستان دەکەم کە بۆ ڕێزگرتن لە یادی گەورە پیاوی مێژووی کورد، دوکتور عەبدورڕەحمانی قاسملوو لە ڕێگای دوور و نزیکەوە تەشریفتان هێناوە. حزووری ئێوە لە جەمعی ئێمە دا نیشانەی ڕێزدانانە بۆ بیروباوەڕی د.قاسملوو و،زیندوویی بیرو باوەڕی دوکتور قاسملوو لە لایەك و لە لایەکی دیکەش نیشانەی ئەوەیە کە سیبەری دوکتور قاسملوو لە سەرئێمە قوتابیان و هاوسەنگەرانی دوکتور قاسملوو ماوە.

ئیزن بدەن لێرەدا سپاسی هەموو ئەو هاوڕێیانە بکەم کە لە ئامادەکردن و بەڕیوە بردنی ئەو ڕێورەسمە دا زەحمەتیان کێشاوە و ماندوو بوون. ڕەنگە هەر بۆ خۆشیان بڵێن کە سپاسی ناوێ وئەوە ئەرکی سەرشانی خۆمانە. ئەمنیش دەڵێم سپاسی ئەرکناسییەکەیان دەکەم.

لە دەستدانی هەموو ڕێبەرێك لە هەر بزووتنەوەیەك دا بۆ ئەو بزووتنەوەیەو بۆ ئەو میللەتە کە ئەو بزووتنەوەیە لە خزمەتی دایە خەسارێکی گەورەیە. بەڵام بەراستی زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین لەدەستچوونی دوکتور قاسملوو بۆ حیزبی دێموکرات، خەسارەکەی لەخەسارەکانی دیکە بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی گەورەترە. ئەگەر پێشەوا قازی محەممەد، بنیاتنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، دوکتور قاسملوو بووژێنەرەوەو زیندووکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، حیزبێك کە لە راستیدا لە سەردەمی دامەزرانیدا لە گەڵ ئەوەی سەرکەوتنی زۆر گەورەی بەدەست هێنا بەڵام نەیتوانیبوو ئوسوول و ریوشوێنی حیزبی لە نێو خۆیدا جێگیر بکا تا ئەو کاتەی دوکتور قاسملوو سوکانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە دەستەوە گرت، ئێمە کە بەشێك لە تێکۆشەرانی ڕیزی پێشەوە بووین، هەرکەسەمان بە جۆرێك و هەرکەسەمان بە پێی تێگەیشتنی خۆی حیزبایەتیی دەکرد. بەڵام وەختێك ئەو هات هەم لە نێو حیزبدا ئاڵو گۆڕێکی گەورەی پێك هێنا، حیزبی دیموکراتی خستە سەر ئەو ڕێبازە کە ئێستاش تێکۆشەرانی بە سەربەرزییەوەو بە دەنگی بەرزەوەوە دەڵێن دێموکراتین. هەم لە دەرەوەی حیزبیش دۆست و لایەنگری بۆ حیزب پەیدا کرد و ئیعتباری حیزبی بردە سەرێ.

**دۆستانی خۆشەویست!**

بیست ساڵە دوکتور قاسملوو لە نێومان ڕۆیشتوە. بیست ساڵە لە هەموو مناسەبەتەکاندا، چ لە یادی ویدا و، چ لە مناسەبەتەکانی دیکەدا، لێرە لە ژووریٚ و لە دەرەوەی وڵات، یادی دەکەینەوە، قسەی لە سەر دەکەین و لە بارەیەوە دەنووسین. لە بارەی ئەندیشەکانییەوە، لە بارەی خەسلەتە سیاسی و ئینسانی و شورشگێڕانەکانییەوە، هێشتا تەواو نەبووە و ڕەنگە قەتیش تەواو نەبیٚ. چونکی بە بیٚ ئەوەی بڵێین لە خۆمان بووە،بە راستی ڕێبەرێکی نموونەبوو. ئینسانێك بووکە دەکریٚ بڵێین لەریزی هەرە پێشەوەی ڕێبەرەکانی نەك هەربزووتنەوەی کورد، بەڵکوو بزووتنەوەی سەراسەری لە ئێران، بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە ناوچەو، تەنانەت لە جیهاندا بوو. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم وەك قوتابییەك و هاوسەنگەری نزیکی ڕەنگە لە دەیان بۆنەدا قسەم لە سەر کردبیٚ وشتم باس کردبیٚ. بۆیە بۆ ئەوەی خۆم لە دووپاتکردنەوەی ئەو قسانەی جارانم بواردبیٚ، لە پاشان زۆریشم ئێوە ماندوو نەکردبیٚ، لەم مناسەبەتە دا تەنیا دوو خەسڵەتی دوکتور قاسملوو وەبیر دێنمەوە کە دەتوانم بڵێم ئەو دووانە تەواوکەری یەکتربوون. یەکێکیان خەسلەتی تیژ فکری و تەشخیس و ناسینی هەلومەرج ، لێکدانەوەی مەسائیل پێش خەڵکی. دووەمیان شوجاعەتی ئەخلاقی بۆ بڕیاردان و بۆ ئیقدام. بۆ ئەوەی لە خۆوە قسەمان نەکردبیٚ هێندێك نموونە دێنمەوە. لە پێشدا نموونەیەك دێنمەوە چونکە نەك لە زەمانی حەیاتی دا، هەتا ئێستاشی لە گەڵدابی هەن کەسانێك کە پێیان وابوو دوکتور قاسملوو بیری نەتەوایەتیی تێدا زەعیفە، لە بەر ئەوەی ناسراوە کە دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی چەپ بووە، ماوەیەك لە گەڵ حیزبێکی کۆمۆنیستی وەك حیزبی توودەی ئێران هاو کاری کردوە بە عینوانی ئەندام. بۆیە پێش هەموو شتێك ئەوە باس دەکەم کە لە سەردەمێك دا کە تەنیا ناوی کوردهێنان قاچاغ بوو، باسی ماف و ئازادییەکانی کورد بە جیاوازیخوازی لە قەڵەم دەدراو حوکمی تەکفیری لە سەر دەردەکرا، دوکتور قاسملوو بیٚ پەردەو بیٚ پەروا لە کتێبی بە ناوبانگی خۆی "کوردستان و کورد"دا، هاواری کرد کورد نەتەوەیەکە لە نەتەوەکانی دیکە جیایە، هەقی خۆیەتی وڵاتی خۆی و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبیٚ.



**پێشنیار دەکەم دەنگتان لەگەڵ دەنگی من بخەن کە ڕۆژی سێزدەی ژووئیە، ڕۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بکەینە ڕۆژی بەربەرەکانی لە گەڵ تیرۆر**

ئەگەر ڕۆژێك کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا یەك بگرێتەوە، ئەوە جیابوونەوە لە هیچ وڵاتێك نیە، بەڵکوو یەکخستنەوەی وڵاتێکی دابەشکراوە. بەراستی ئەوە شوجاعەتێکی گەورەی ئەخلاقی و سیاسیی پێویست بوو بۆ ئەوەی ئینسانێك بتوانیٚ شتێکی ئاوا عەلەم بکا. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ئەو شوجاعەتەی نواند لە حاڵێك دا باوەری بەوە هەبوو ئەوەی ئێعلان کردبوو، بەڵام چونکە هەلومەرجی سیاسیی دەناسی، دەیزانی کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکە لەگەڵ ئەوەی یەك مەسەلەیە دابەش کراوە،کوردستان یەك وڵاتە دابەش کراوە، کورد یەك میللەتەو دابەش کراوە، دەیزانی هەڵگرتنی شوعاری سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی کوردستانی گەورە شوعارێکە کە مشتەریی نییە، بۆیە بە شوجاعەتەوە وەختێك شوعاری ستراتیژیی حیزبەکەی فۆرمولە دەکرد، خودموختاری داناو، تا ئەو وەختەی کە شەهید بوو هەر دیفاعی لە خودموختاری کرد. لە گەڵ ئەوەی لە وەختەش دا دەیکوت ئەمن نمایەندەی ئەو نەوەیەی ئێستام، نەوەیەك دیکە هەقی خۆیەتی شتێکی دیکەی بویٚ. بەڵام ئەمن پێموایە شوعاری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبیٚ خودموختاری بیٚ.

نموونەی دیکە، ئەو لەو وەختەدا کە کەسانی دژی سۆسیالیزم و وڵاتانی سۆسیالیستییش، تەزاهوریان بەوە دەکرد کە سوسیالیستن، دۆستی وڵاتانی سوسیالیستین، کاتێك سوپای سووری سۆڤییەتی لە ساڵی١٩٦٨ دا پەلاماری چەکوسلۆواکیی دا و، ئەو وڵاتەی داگیر کرد، بە تاقی تەنیا لە نێو هەموو ئەوانەدا کە کۆمۆنیست بوون یا سەر بە کۆمونیست بوون زیاد لە هەموو ئەحزابی کۆمۆنیستی تەشخیسی دا کە ئەوە غەلەتە و هاواری کرد کە مەحکوومی دەکا، وڵاتێکی سوسیالیستی نابیٚ وڵاتێکی سوسیالیستیی دیکە داگیر بکا و ئەوە داگیر کردنە. لە سەر ئەوە زۆری دی، لەو وڵاتە دەرکرا، ژیانی لیٚ تێك چوو. تەنانەت هەر لە نێو حیزبەکانی مەنتەقەدا، لە نێو حیزبەکەی خۆیدا زۆری پیٚ کرا، زۆری لە سەر نووسرا، مەحکووم کرا. بەڵام ئەو دەیزانی ئەوە دروستە. ساڵی ١٩٧٨ ئاڵو گۆڕێك لە ئێران دا دەستی پیٚ کرد. ئەو وەختە ئێمە ڕەفیقەکانی دوکتور قاسملوو لە بەغدا بووین. ئەو لە دەریٚ بوو چونکە بە دەلایلێك نەیدەتوانی ئەو کاتە لە عێراق بیٚ. لەوێڕا هاتەوەوکوتی ئێمە دەبیٚ بچینەوە وڵات، ئەو ڕاپەڕینە، ڕاپەڕینێکە دیکەیە، لەوەی جاران نییە، ئێران دەگۆڕیٚ، ئێمە دەبیٚ لە نێو وڵاتەکە و لە نێو میللەتەکەی خۆمان حزوورمان هەبیٚ. داواشی کرد کە بە بیٚ سیلاح بچینەوە. ڕەفیقێکمان کە لێرە دانیشتوە، بۆ ئەوەی تەبلیغات نەبیٚ ناوی نابەم، سەری هێنا بن گوێی من، وتی شا ڕۆیی! کوتم چۆن؟ وتی ئەو کابرایە بە بن باڵی خۆیدا دەڕوانیٚ، تازە شا حیسابی ڕۆیشت. ئەمن یەکێك بووم لەوانەی کە لەخدمەت ویدا گەڕامەوە، یەعنی بە سەریەکەوە نەبووین، بەڵام بە فاسیلەی چەند ڕۆژ گەڕاینەوە ناوخۆی وڵات، بۆ وەی بە مەخفی، کاری حیزبی بکەین. ئیعتراف دەکەم لە ترسی ئەوەی پێم بڵێن ترسەنۆکە قبوولم کرد، دەنا پێم وابوو ئەوە یاری بە گیانی خۆمان دەکەین. چۆن بە بیٚ چەك دەچینە نێو دەوڵەتێکی، وەکو ئێرانیٚ دەڵێن تا دەدان چەکدارە و ڕەحم بە هیچ کەس ناکا؟! بەڵام ئەو تەشخیسی دابوو کە ئەمڕۆ ڕۆژی چەك نییە، ڕۆژێکە کە دەبیٚ لە نێو خەڵکی حازر بین و خەڵك دیفاعمان لیٚ‌بکا. ئەوە بوو کە گەڕاینەوە دیتمان کە بە راستی هەلومەرجێکی دیکەیە، ڕۆیشینە سەر جادەی بە نێو شاری پیرانشارو بە شاری نەغەدەیدا ڕۆیشتین بۆ مهابادیٚ، ئەویش هەر داندرابوو مەسئوولی تارانیٚ بیٚ ودەرۆیشت بۆ تارانیٚ.

کاتێك جمهووریی ئیسلامی دامەزرا، حیزبی دێموکرات بە ڕێنوێنیی دوکتور قاسملوو، پێشەنگ بوو بۆ ئەوەی ڕێفراندۆمی جمهووریی ئیسلامی بایکۆت بکریٚ. لەو وەختەدا هەڵوێستێکی وا بە ئیرتداد دەناسرا، بە کۆنەپەرستی دەناسرا، بەلادان لە خەتی ئینقلاب دەناسرا. بەڵام دوکتور قاسملوو ئێعلانی کرد کە ئەوە ڕێفراندۆمێکی دێموکراتیك نییە، ئەوە حەقی ئینتیخابی بۆ خەڵك نەهێشتۆتەوە. چونکە سوئالەکە ئەوە بوو کەجمهووریی ئیسلامیت دەویٚ بێتە جێی ڕێژیمی پاشایەتی یا ڕێژیمی پاشایەتی ؟ ڕێژیمی پاشایەتییش بە خوێن و فرمێسکی خەڵك رووخابوو، کەس نەیدەویست بێتەوە. کە وابوو مەجبوور بوو بڵیٚ بەڵیٚ جمهووریی ئیسلامی! جمهووریی ئیسلامییەك کە تەعریف نەکراوە، کەس نازانیٚ چیە! ئەو وەختی - ئەوەی عومری ئیجازە دەدا هەمووی لە بیرێتی - لە ئێراندا تەنیا کوردستان بوو کە ڕێفراندۆمی تەحریم کرد، ئەگینا خەڵکانی دیکە بە حیزبە سیاسییەکانەوە، بە حیزبە کۆمۆنیستەکانیشەوە بەشدار بوون. دوایە دوو ساڵی پێوە نەخرا کە هەموانیان وتیان تەنیا کوردان کڵاویان نەچووە سەریٚ، کوردان زانیان جمهووریی ئیسلامی چیە، ئەوانی دیکە نەیانزانی.

یان وەختێکی باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران گیرا، حیزبی دێموکرات تەنیا حیزب بوو کە ئەو کردەوەیەی مەحکووم کرد، وتی ئەمە خەباتی دژی ئیمپریالیستی نییە، بەلکوو پێشێل کردنی قانوون و ڕێوشوێنەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەو، ئەوە مەحکووم دەکەین. ئەوە شوجاعەتی دەویست، شوجاعەتی سیاسی و ئەخلاقیی دەویست.

ئاخرینیان نموونەی ئەو شتە بوو کە ناوی نرا سۆسیالیزمی دێمۆکراتیك. ئەو وەختەی دوکتور قاسملوو راست بۆوە بە تاقی تەنیا، کوتی ئەو شتەی ئەو وەختی بە ناوی سۆسیالیزمی مەوجوود لە دنیا دا ناسرابوو، ئەوە نیزامێکی ئینسانی نییە، سۆسیالیزم دەبیٚ لە گەڵ دێموکراسی ئاویتە بکریٚ و ئەم مەسەلەیەی هێنایە گۆڕیٚ کە لە مێژووی کوردستان ولە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە "کورتە باس" ناسرا، بەراستی دەتوانین بڵێین هەموان ئەوەیان بە کفر دەزانی، بەڵام دوکتور قاسملوو ئەوەی نووسی، تێئۆریزەی کرد، بڵاوی کردەوە. لە وێش دا زۆری لە سەر نووسرا ، زۆری هجووم بۆکرا، ماوەیەکی پێوە خرا **کە هەر لەسەنگەر و لەکانوونی وڵاتانی** سوسیالیستی کەسێك راست بۆوە کە وتی سوسیالیزم ئیشکالی هەیە دەبیٚ دەسکاری بکریٚ. ئەمن قەت کۆمۆنیست نەبووم، بەڵام ڕەنگە بڵێم بە داخەوە هێندە خراپە کرابوو بە ناوی سوسیالیزمەوە کە گۆرباچۆف نەیتوانی نیزامەکە ئیسلاح بکا. چونکە وای لیٚ هاتبوو کە درزی تیٚ کەوت ڕۆیی تا ئاخر. ئەوانە نموونەی باش بوون لە تەشخیسی بەجیٚ و بەوەخت و پێشوەختی دوکتور قاسملوو و، لە شوجاعەتی ئەخلاقی بۆ ئیقدام بۆ عەمەل.

**بە راستی ڕێبەرێکی نموونەبوو. ئینسانێك بووکە دەکریٚ بڵێین لەریزی هەرە پێشەوەی ڕێبەرەکانی نەك هەربزووتنەوەی کورد، بەڵکوو بزووتنەوەی سەراسەری لە ئێران، بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە ناوچەو، تەنانەت لە جیهاندا بوو**

لە گەڵ دوکتور قاسملوو دا دوو کەسی دیکەشمان شەهید بوون، هەر لە تیرۆری وییەن دا کاك عەبدوڵڵای قادری ئازەرو دوکتور فازل ڕەسووڵ یا وەکوو لێرە دەناسرا فازڵی مەلا مەحموود. لە گەڵ ئەوەی شانازییە کە بۆ تێکۆشەرێکی دێموکرات لە گەڵ دوکتور قاسملووی ببێتە هاوچارەنووس، بەڵام لە بەر ئەوەی عەبدوڵڵای قادری لە گەڵ دوکتور قاسملووی شەهید بوو کەوتە ژێر سێبەری وی. ئەگەر ئێستا ناوی دەبەم ڕەنگە بۆ ئێوە بەڕێزان ناوەکە تازە بیٚ. ئەو دۆستەمان ئەگەر بە تەنیا شەهید بایە دەنگدانەوەیەکی دیکەی دەبوو. کادرێکی لاو بوو، تەمەنی ڕەنگە٤٠ –٤٥ ساڵ دەبوو ئەگەر شەهید بوو. بەڵام ئینسانێکی زۆر شایستە بوو لە هەموو بوارەکاندا، لە نێو حیزبدا کاری کرد بە تایبەت قابیلییەتی وی لە مەیدانی دیپلۆماسی دا دەرکەوت. حیزب نوێنەرایەتیی حیزب لە دەرەوەی وڵاتی پیٚ ئەسپاردبوو، ببوو بە بەرپرسی دەفتەری حیزب لە پاریس. بە ماوەیەکی کەم ئەو پیاوە توانی زمانی فەرانسەوی بە جۆرێك فێربیٚ کە هەموو کاروباری خۆی پیٚ جیٚ بەجیٚ بکا. پێوەندییەکی بەرینی لە گەڵ کۆمەڵگای فەرانسە دا دەست پیٚ کردو دامەزراند. ئینسانێك بوو کە بۆ کاری حیزبی ماندوویی نەدەناسی و شەوی دەخستە سەر ڕۆژو لەو پێناوەدا نە ماندووبوونی دەناسی نە ئیسراحەتی دەناسی. دوایە دەرکەوت کە کاك عەبدوڵڵای قادری ئازەر بە تەواوی هەستی بەو مەترسییە کردوە کە لە پێشی دایە، بەڵام بۆ مردنیش حازر نەبوو لە دوکتور قاسملوو هەڵ ببریٚ. نیشانەکان دەریان خست کە لە وەختی تیرۆرەکەدا لە پێشدا لە دوکتور قاسملوو دراوە، ئەو بە چنگ و ددان بە گژ تیرۆریستەکان دا چۆتەوە، لە ئاخیردا لەویشیان داوە، ئەویش شەهید بووە. دوکتور فازل ڕەسوڵیش، تێکۆشەرێکی کورد بوو، پیاوێکی بە قابیلییەت و بە توانا بوو، راستە ئەو کوردی باشووربوو، بەلام هم دۆستی حیزبی دێموکرات بوو، هەم دەگەڵ هێندێك ڕێکخراوی ئیسلامی کاری دەکرد و گۆڤارێکی ئیسلامییشی بە ناوی ئەلحیوار دەردەکرد، لەبەر ئەوە پێوەندیی لە گەڵ جمهووریی ئیسلامی پەیدا کردبوو. جمهووریی ئیسلامی ئەوی کردە واسیتە بۆ ئەوەیقەرار لە گەڵ دوکتور قاسملووی دابنیٚ. چونکە پێشتر

**هەر ئەمڕۆ کە یادی بیست ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوویە، لە سەر بانگەوازی قوتابییەکانی دوکتور قاسملوو، کوردستان یەک پارچە لە مانگرتنی گشتی دایە. با هەمووان لێرەوە سڵاوێک بۆ ئەو خەڵکە بنێرین کە هەموو هەڕەشەو گورەشەکانیان بە هیچ گرتووە و لەو مانگرتنە سەرتاسەرییەدا بەشدارن**

واسیتەیەکی دیکەمان هەبوو، جمهووریی ئیسلامی تێ گەیی کە ئەگەر ئەو واسیتەیە هەبێ، ناتوانێ تیرۆرەکە بکات. بۆیە ئەوی کردە واسیتە و لە سەر میزی موزاکەرە ئەویشی تیرۆر کرد. چونکە بۆ وی مەسەلە نەبوو کە دۆستێتی یا دوژمنێتی، بۆ ڕێژیمێك کە لە بناغەدا دوژمنی ئازادی، دوژمنی دێموکراسی و دوژمنی کوردە، لەوێش دا کوردێك دەکوژرا ئەوەندە مەسەلە نەبوو.

ئێستا کە یادی بیست ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاورێیانی دەکەینەوە، یادی دە ساڵەی تێکۆشەرێکی دیکەمان دەکەینەوە کە یەکێك لە قوتابیانی بە وەفای دوکتور قاسملوو بوو. یەکێك لە و کەسانە بوو کە بە هەق لە ئومێدەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. کاك سەید سەلامی عەزیزی کە دە ساڵ و دوو رۆژ دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بە نەخۆشییەکی بێ ئەمان و لەنەکاو بە جێی هیچشتین.لە تەمەنێك دا کە دەتوانم بڵێم تازە تەمەنی پێگەیشتنی بوو، تازە هاتبووە سەر بەر. کاك سەید سەلامی عەزیزی دەتوانین پێی بڵێین سیمبول یان سیمبولی ئەمانەت، سەداقەت، فیداکاری، لە خۆ بوردن. وەختێك لە گەڵ حیزبی دێموکرات ئاشنا بوو ساڵی ١٩٧٩، رەئیسی دادگای شارستانی بۆکان بوو، مەوقعییەتی ئیداریی زۆر بە هێزی هەبوو، بەڵام لە پێناوی ئازادیدا هەموو شتێکی وەلانا، بوو بە پێشمەرگەو، لە پێشمەرگایەتی دا لە بەر پڕکاریی خۆی و لە بەر لێوەشاوەیی خۆی، چووە سەرێ، پلە بە پلە، رۆیی هەتا بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی. دەیتوانی لە ئایندەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا زۆر موئەسسیر بێ کە بە داخەوە وەك عەرزم کردن بە ناوەخت ئەویشمان لە دەست چوو.

**خوشك و برا بەرێزەکان!**

بە تیرۆری دوکتور قاسملوو غەدرێکی زۆر گەورە نە لە حیزبی دێموکرات، بەڵکو لە هەموو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان کراوە. غەدرەکە هەر ئەوە نەبوو کە چەند رێبەری کوردیان تیرۆر کرد، غەدری گەورە ئەوە بوو لە ئورووپای متمەدین دا، ئەو جینایەتە دەرحەقی میللەتی کورد کرا. لە پاشان وەختێك دەبوو ئەو پەروەندەیە رەسیدەگی پێ بکرێ، ئێمە نەتەنیا لە گەڵ تیرۆریستەکان و بنەماڵەی تیرۆریستەکان تەرەف نەبووین تەنانەت لە گەڵ کۆماری تیرۆریستپەروەری ئیسلامییش تەرەف نەبووین، دەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش تەرەف بووین! بە پێچەوانەی ئاڵمان کە ئەگەر بە ناچارییش بوو رێگەی دا قازییەکان تەحقیق بکەن، کون و کەلەبەری مەسەلەکە ئاشکرا بکەن، دەوڵەتی ئوتریش بە شێوەیەکی زۆر کاسبکارانە هەوڵی دا هەموو شتێك دیزە بە دەرخۆنە بکا، پەردە پۆشی بکا. کە لەگەڵیان دادەنیشتین مەسئوولیین تەنانەت لە وەزارەتی دەرەوەش دەیانکوت ئێمە زۆر باش دەزانین کە ئەوانە پیاوی جمهووریی ئیسلامی بوون، جمهووریی ئیسلامی ئەو تاوانەی کردوە. بەڵام ئێمە چ بکەین ئێمە دووسەد کەسمان لەو وڵاتەیە، گیانی ئەوانە دەکەوێتە خەتەرەوە. کە دەکەوتینە سەر دادگا ئێمە لە گەڵ کوللی دەزگای ئوتریشی تەرەف بووین. وابوو لە سێ مەرحەلە دا، دادگا ئێمەی مەحکووم کرد! تەنیا رێگامان ئەوە بوو کە بیبەینە دادگای لاهە. ئێمە لە دادگا دا کارەکانمان سپاردبوو بە خوشکە هێلێنی قاسملوو یان نەسرینی قاسملوو. ئەو بۆ منی باس کرد(من ئەو کات لە دەرەوەی وڵات بووم) کە ئەوە مەسەلەکەیە، وتم ئەگەر بیبەینە دادگای لاهە چی؟ وتی لە دادگای لاهەش هەر مەحکووم دەبین ، چونکە ئێمە لە گەڵ دەوڵەتێك تەرەفین، کە وابوو لەو هەلومەرجەش دا ئەوە باش نییە.

بەڵام غەدری گەورەتر ئەوە بوو کە کۆمەڵگەی جیهانییش بەرامبەر بەو جینایەتە بێ تەفاوەت بوو، بێدەنگ بوو. ئەگەر دیقەت بفەرموون هەمووی هەشت نۆ مانگ پێشتر خومەینی فتوایەکی دەرکرد لە دژی نووسەری ئینگلیسیی بە ئەسڵ هێندی، فتوای قەتڵی بۆ دەرکرد، کارێکی خراپ بوو، ئێمەش هەر مەحکووممان کرد. بەڵام دنیا لە سەری هەژا! ئەو وەختیش دەمانکوت و ئێستاش دەڵێین رێژیمەکە یەك بوو، جمهووریی ئیسلامی ئەو فتوایەی دەرکردبوو، بەڵام هەرەشەی کوشتنی لێ کرابوو، دنیای لە سەر وەجواب هات. بەڵام رێبەرانی ئێمە بە عەمەل کوژرابوون، کەسیان لە سەر وەدەنگ نەهات! بۆیە دەڵێم غەدرێکی مێژوویی جیهانی بوو کە کۆمەڵگەی جیهانی لە بزووتنەوەی کورد و میللەتی کوردی ، بە تایبەت لە کوردی رۆژهەڵاتی کرد. هەروەك زۆر جار وتوومانە پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ویژدانی میللەتی کورد دا نەخەوتوە، نەبەستراوە. ئێستا ئێمە هەوڵێکمان دەست پێ کردوە بۆ وەگەڕ خستنەوەی ئەو پەروەندەیە، بۆ بردنی ئەو پەروەندەیە بۆ دادگایەکی نێو نەتەوەیی، کەمپەینێکیشی بۆ وەڕێ خراوە لە ئینتێرنێتدا، ئیمزای بۆ کۆ دەکرێتەوە. داوا لە هەمووان دەکەم کە لەو پێوەندییەدا هاوکارمان بن، بۆ خۆیان و لە رێگای دۆستانیانەوە با فشارێك دروست کەین لە رێگای بیر و ڕای گشتیی جیهانییەوە لە سەر ئوتریش و کاربەدەستانی ئوتریش کە هەتا ئێستاش بە داخەوە سیاسەتەکەیان گۆڕانی جەوهەریی بە سەر دا نەهاتوە. بەڵام هەل و مەرجە جیهانییەکە نموناسیبترە، بەڵکوو ئەو پەروەندەیە وەجەریان کەوێتەوەو، حەق بە حەقدار بگا، نەك بۆئەوەی چەند تیرۆریستێك موحاکمە بکرێن، تەنانەت ئەگەر ئەو تیرۆریستانە بگیرێن و وەك ئەوەی لە مەنتەقەی خۆماندا باوە ئێعدامیش بکرێن،

ئیهانەیە بە خوێنی دوکتور قاسملوو کە بڵێین تۆڵەی دوکتور قاسملوو وەرگیرایەوە. نا، تەنیا بۆ ئەوەی رێژیمێك کە شایستەی ریسواکردن و مەحکووم کردنە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا، ئەو مەحکووم بکرێ. ئەوە وەك هەیە بناسرێ و بناسێندرێ. ئەگینا تۆڵەی خوێنی دوکتور قاسملوو ئەو کاتە دەستێندرێتەوە کە ئامانجەکانی وەدی هاتبن. بەو



ئاواتە کە ئەو رۆژە زۆر دوور نەبێ کە هەقی دوکتور قاسملوو و خوێنی هەزاران شەهیدی کوردستان دەدرێتەوە، وەردەگیرێتەوە بە بەرقەراربوونی ئازادی بۆ کوردو سەربەخۆیی بۆ کوردستان.

**بەڕێزان!**

دوکتور قاسملوو رۆیشتوە، بەڵام ئامانجەکانی هەر لە جێی خۆیانن. قوتابیانی دوکتور قاسملوو، تێکۆشەرانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا، ئەندیشەی دوکتور قاسملوویان لە بیرەو، بە رێگاکەی دا دەرۆن. ئێمە کە باسی خەسڵەتی باشی شەهیدەکانمان، رێبەرە لە دەست چووەکانمان دەکەینەوە، بۆ وەی نییە کە تەنیا تەعریفیان بکەین. بەڵێ هەقناسینە، ئەمەگناسینە بەرامبەر بەوان. بەڵام ئامانجێکی گەورەترمان هەیە. ئەویە دەبێ تەعلیماتەکەیان، ئامۆژگارییەکانیان بە کار بەرین لە خەباتی خۆماندا. ئیجازەم بدەن لەوەش زیاتر دەبێ هەوڵ بدەین جێیان پڕ کەینەوە. زۆر جارم کوتوە کە بوون بە قاسملوو نە مەحاڵە نە تاوانە، بەڵکوو مومکینە و ئەرکە. دوکتور قاسملوو وەك هەموو منداڵێك لە دایك بوو، بەڵام بە هەوڵ و تێکۆشان، بە ماندووبوون، بە خۆفێرکردن، خۆ پێگەیاندن بوو بەو دوکتور قاسملوویەی کە ئێستا رێزی هەموومانی بۆ لای خۆی راکێشاوەو لە یادی هەمووماندا بە زیندوویی ماوەتەوە. کە وابێ لاوانی کورد، کچان و کوڕانی تازەپێگەیشتوو دەبێ هەوڵ بدەن بە رێگای دا بڕۆن، لەوەش موهیمتر جێی پڕ بکەنەوە. شەرم نەکەن، نەترسێن ببن بە قاسملوو. قاسملوومان بوو، ئیفتیخارە. بەڵام ئیفتیخارێکی گەورە نییە، ئیفتخاری گەورەتر ئەوەیە کە دوکتور قاسملووی دیکەمان هەبێ.

لە باسی قاسملوو دا دەکرێ زۆر بڵێین. بەڵام لێرە ئیجازە دەخوازم لە ئێوەو لە روحی پاکی دوکتور قاسملووش کە بڵێم دوکتور قاسملوو بە حوکمی ئەوەی ئینسان بوو لە هەڵەو کەم و کوڕییش بە دوور نەبوو. بۆ خۆی زۆر جار پێی دەوتین ئینسان هەڵە حەتمەن دەکا، بەڵام موهیم ئەوەیە هەڵەی چووك چەند جار دووپات نەکاتەوە، هەڵەی گەورە کە قابیلی قەرەبووکردنەوە نەبێ نەکا. ئەمن لە باسی هەڵەی دوکتور قاسملوو دا لەو رۆژەدا هەر ئەوەندە وەبیر دێنمەوە کە دوکتور قاسملوو هەر وەکو بۆخۆی بە قازی محەممەدی دەلێ لە بیست و پێنجی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥دا گەورەترین هەڵەی مێژوویی کرد، بۆ خۆشی گەورەترین هەڵەی مێژوویی کرد کە بە بێ نیگابان، بەبێ پاسەوان چوو لە گەڵ کەسانێك دانیشت کە داویان بۆ دانابۆوە. هەڵەیەك کە نە تا ئێستا قەرەبوو کراوەتەوە، نە هیچ وەخت قەرەبوو دەکرێتەوە. کە وابوو ناکرێ بڵێین دوکتور قاسملوو لە کەم و کوڕی، لە هەڵە موبەرڕا بووە. رێز بۆدوکتور قاسملوو هەر ئەوە نییە کە بڵێین هەموو شتەکانی هەر دروست بوون، رێز ئەوەیە کە ئەگەر کەم و کوڕییەکیشی هەیە، لەوەش هەر فێربین. بەڵێ دەبێ لەو هەڵە تاریخییە فێر بین، جارێکی دیکە بە چاو بەستراوی نەکەوینە کەمینی دوژمنان.

لە حاڵێك دا یادی بیست ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دەکەینەوە کە وڵاتی ئێمە، رۆژهەڵاتی کوردستان و سەرانسەری ئێران کەوتۆتە قۆناغێکی دیکەوە. رەنگە حەقمان بێ بڵێین ئێمەش وەکوو قوتابیانی دوکتور قاسملوو، هەلو مەرجی ئێستامان باش خوێندەوە و بە لێکدانەوەیەکی دیکەوە روانیمانە ئینتخاباتێك کە بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە ئێراندا وەرێ خرا. تێ گەیشبووین کە ئەو هەڵبژاردنە لە گەڵ هەلبژاردنەکانی دیکە جیاوازە. دەگەڵ ئەوەی فەزایەکە جۆرێك بوو هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد بە غەیری ئێمەو پارتی ئازادیی کوردستان، بایکۆتیان کردبوو، بەشی هەرە زۆری هێزە سیاسییەکانی سەراسەری ئێرانیش بایکۆتیان کردبوو. بەڵام ئێمە پێمان وابوو مەرحەلەیەکی تازەیە، رووداوەکانی دوای ئینتیخابات دەریان خست کە بەڵێ باشی بۆ چووین، مەرحەلەیەکی تازە دەستی پێ کردوە. رۆژەکان زۆر وەك رۆژەکانی راپەڕینی ١٩٧٨و١٩٧٩دەچوون. ئەمە ئەرکمان دەخاتە سەرشانی، سەرشانی ئێمە، سەرشانی هێزە سیاسییەکانی کورد، هێزە سیاسییەکانی ئێران و میللەتانی ئێران بە گشتی. گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و گەلانی ئێران گەیشتوونە ئەو جێگایەی کە حاکمییەتی جمهووریی ئیسلامی ئیدی تەحەممول ناکرێ. رەنگە رووخانی رێژیمێکی غەدداری پڕچەکی بێ رەحمی زیددی ئینسانی کارێکی ئاسان نەبێ. بەڵام خەڵك بڕیاریان داوە بەهای ئازادیی خۆیان بدەن. هەر ئەمڕۆ کە یادی بیست ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوویە، لە سەر بانگەوازی قوتابییەکانی دوکتور قاسملوو، کوردستان یەك پارچە لە مانگرتنی گشتی دایە. دوکان و بازار داخراون، لە گەڵ ئەوەی بیست رۆژە هەڕەشەیان لێ دەکەن کە هەرکەس دوکان داخا پەروانەی کەسبی لێدەستێنینەوە، مجازاتی دەکەین و چی و چی. با هەموومان لێرەوە سڵاوێك بۆ ئەو خەڵکە بنێرین کە هەموو هەڕەشەو گورەشەکانیان بە هیچ گرتووە و لەو مانگرتنە سەرتاسەرییەدا بەشدارن.

دوکتور قاسملوو لە هەلومەرجی ئەو کاتی خەبات دا زۆر تەرەفداری یەکگرتنی هێزەکانی کورد لە لایەك ویەکیەتی و هاوکاریی هێزەکانی سەرتاسەری لە لایەکی دیکە بوو. ئێمەش وەکو قوتابیانی دوکتور قاسملوو، پێمانوایە رۆژی لێك نزیکبوونەوەو هاوکاری و یەکگرتنی هێزە سیاسییەکانی کورد و هێزە سەرتاسەرییەکانی ئێرانە. جارێکی دیکە کوتوومانەو دووپاتی دەکەینەوە هەر برو بیانوویەك کە ببێتە کۆسپی لێك نزیکبوونەوە و پێکەوە کارکردنی هێزە سیاسییەکانی کورد بە دەرەجەی یەکەم وبە دەرەجەی دووەم ئێرانییەکان، مەسئولییەتی تاریخیی بە دوای خۆیدا دێنێ. هێندێك کەس بە داخەوە ـ رەنگە لەبەر ئەوەی بێ کە تەشخیسێکی دروستیان لە هەلومەرجی ئێرانێ نییە ـ دەڵێن جا بەمە چی؟ خۆ مەسەلەی ئێمە مەسەلەی میر حوسێنی مووسەوی نییە؟!ئوسوولەن بۆ تەرەفدارانی مووسەوییش، مەسەلە، میر حوسێنی مووسەوی نییە. خەڵك داوای ئازادی دەکا. بەڵام تاکتیکێکی زیرەکانەیان هەڵ بژاردوە. ئەوەڵەن چوونە نێو ئینتخابات بۆ ئەوەی دەنگ بە کەسێکی دیکە بدەن، بە حەقیقەتیش ئەکسەرییەتی خەڵکی ئێرانێ رەئیان بە کەسێکی دیکە داوە نە بە ئەحمەدی نژاد، رەئیەکانیان دزراون. لە لایەکی دیکەشەوە داوای رەئیەکانیان دەکەنەوە. ئەوە رەنگە سادەترین داخواز بێ کە بتوانن دەستی پێ بکەن. دەنا هەر گوێمان لێ بوو شوعارەکان زۆر بەولاوەتر چوو لە داخوازی رەئیەکانیان. مەرگ بەر دیکتاتۆرو تەنانەت مەرگ بەر وەلیی فەقیهیشیان لە شوعارەکانیان دا هەبوو کە رەنگە رێبەرانی بزووتنەوەکە پێیان خۆش نەبێ کە ئەو شوعارانە بدرێن. بەڵام چونکە لە نیهادی خەڵك دا هەیە، دەگاتە ئەو جێیە. ئێمە پێمان خۆش بێ و پێمانخۆش نەبێ کە هیچ عار نییە زۆر جار دەڵێن کەنگێ لەککەی شەرمی ئێرانیبوون یا عێراقیبوونمان لە نێوچاوان دەبێتەوە! نە عێراقی بوون شەرمە، نە ئێرانیبوون شەرمە. تا وەختێکیش ئێمە لە گەڵ میللەتانی دیکە دا دەژین ،چارەنووسمان بە سەر یەکەوەیە، بە یەکەوە گرێ دراوە. هەر ئاڵوگۆڕێك لە تارانێ هەبێ دەسبەجێ لە کوردستان رەنگ دەداتەوە بە چاك و بە خراپ. کە وابوو ناتوانین لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی ئێرانێدا خۆمان بە دوور بگرین و بۆ ئەوەی بتوانین نەقش دابنێین، بۆ ئەوەی بتوانین دەسکەوتمان هەبێ، تەنیا یەك رێگامان هەیە، بە قووەت بین. بۆ ئەوەی بە قووەت بین، تەنیا یەك رێگامان لە پێشە، ئەویش ئەوە کە پێکەوە بین، قووەت لە یەکیەتی دایە. دەنا هەر ئاڵوگۆڕێك بێتە پێشێ، جا ئەو ئاڵو گۆڕە وەکو ئێمە دەیبینین بە هەوڵ و هیممەتی خەڵکی وڵات روو بدا، یا وەك ئەوەی هێندێك ئینتیزار دەکەن بە عامیلێکی دەرەکی بێتە پێشێ، بەشی ئێمە لە ئاڵو گۆڕ بە قەدەر نەخشی ئێمە لە ئاڵوگۆڕ دایە، ئەوەی وختی خۆی دەیانکوت هەرکەس کار نەکا نان ناخوا! لەو تریبوونەوە بە ئیجازەی رێبەریی حیزب کە شانازیی قسە کردن لەو رۆژەی دا بە من دا، ئیعلان دەکەم کە حیزبی دێموکراتی کوردستان مەرجی نامەعقوولی بۆ دانیشتن لە گەڵ هیچ هێزێکی سیاسیی کورد نییە. لە گەڵ هەمووان حازرە واریدی گفتوگۆیەکی سەریح، جیددی و بنیاتنەر بێ بۆ ئەوەی لە سەر موشتەرەکاتمان یەك بگرین. شەرت نییە هەموومان یەك حیزب بین، تەعەدوود نیشانەیەکە لە پێشکەوتن. بەڵام با بە هەموومان لە سەر موشتەرەکاتمان یەك بگرین، هەوڵەکانمان تێکەڵ بکەین. هیوادارم ئەو بانگەوازە موخلیسانەیە بە گوێی عەقل و مەنتیق و مەسئوولییەت ببیسرێ و، چی دیکە ئێمە میللەتی خۆمان مونتەزیر نەهێڵینەوە.

هەر بە پێی ئامۆژگارییەکانی دوکتور قاسملوو، ئێمە خۆمان بە بەشێك لە واحیدێکی گەورەتر دەزانین کە کورد و کوردستانە. بۆ ئێمە جێی شانازی و خۆشحالییە کە دەبینین بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە هەموو بەشەکان لە پێشکەوتن دایە. لە باشووری کوردستان کە بۆتە نوختە هیوای هەموومان لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئێمە دەوڵەتمان هەیە. دەوڵەتێك کە سەرەڕای هەموو موشکلاتێکی کە هەیەتی، سەرەڕای ئەوەی ساوایە، بە خۆشییەوە لە دەوڵەتانی دەوروبەر بەجێ نەماوە. زۆر جار کوتوومە هەر لە نێو خۆماندا ناشکوری بە خۆمان دەکەین(دەڵێین) ئازادی نییە، دێموکراسی نییە، چ نییە، چ نییە. ئەمن ئەوانەم قبووڵە، عەیب هەن، بە مەسئوولییەتەوە دەڵێم چەند رۆژنامەو چەند مەجەللە لەم کوردستانە دەردەچن ئەگەر لە فەرانسەی مەهدی ئازادی بانایە، لە ئامریکایە بانایە، هەتا ئێستا دەجار داخرابوون و نووسەرەکانیان درابوونە دادگا. ئەگە ئەوە دێموکراسی نییە ئەدی دێموکراسی چییە؟! پێشکەوتنێك کە لە باری ئابوورییەوە کە لەم وڵاتە دا هەیە فکر دەکەمەوە هەقمانە ئینتیزارمان هەبێ، هەقمانە گلەییمان هەبێ، هەقمانە کەمو کوڕییەکان ببینین، بەڵام لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دا کە حکوومەتی هەرێم بۆتە میراتگری وڵاتێکی وێران، هیچ وڵاتێکی دەوروبەر پتری گەشە نەکردوە لەوەی کە لە کوردستان دا هەبووە. کەوابوو با عەیبەکان ببینین، بەڵام با شانازییش بە دەسکەوتەکانییەوە بکەین.

زۆر جار حیزبە سیاسییەکان قەدری دەسکەوتەکان نازانن. لە پێش چاوی من ـ رەنگە ئەمن بە تەنێ بم، من رەئیی خۆم دەڵێم ـ ئەوەی بۆ کورد

بۆ لاپەڕەی ٦

# پەیامی هاو پێوەندی

**حیزب و ڕێکخراوە کانی کوردستان بە ناردنی پەیام و بەشداری لە ڕێورەسمی ٢٠ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی کە لە شاری کۆیە بەڕێوەچوو، جارێکی دیکە ڕێزیان لە بیرەوەریی د. قاسملوو ناو هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دووپات کردەوە. سەرنجتان بۆ هەڵبژاردەی ئەو پەیامانە رادەکێشین:**

## یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، مەکتەبی پێوەندییە کوردستانییەکان

لە یادوەری بیست ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بە ناوی مەکتەبی پێوەندییەکانی کوردستان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سڵاوی وەفاداری و ڕێز دەنێرین بۆ گیانی پاکی ئەم ڕێبەرە مەزنەی گەلەکەمان کە گیانی خۆی لە پێناو ئازادی‌و وەدەست هێنانی مافە رەواکانی میللەتەکەمان بەخت کرد. دەبێ ئەو راستییەش بزانین کەوا شەهید دوکتور قاسملوو یەکێك بوو لە سەرکردە دیارو بە تواناکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەم چەرخەی نەتەوەکەمان، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید دوکتور قاسملووو سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی رزگاریی کوردستان.

## کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران

بیست ساڵ لەمەوبەرو لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ هەتاوی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی ئوتریش لە کاتی وتووێژ لەگەڵ دوکتور قاسملوو جینایەتیان خوڵقاندو لە نیاز پاکی دوکتور قاسملوو کەڵکیان وەرگرتو لەسەر مێزی وتووێژ ڕێبەری حیزبی دێموکرات و عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و دوکتور فازل رەسووڵ تێکۆشەری کوردستانی عێراقیان تیرۆر کرد. ئەمە نە یەکەم تیرۆری کۆماری ئیسلامی و نە دوایین تیرۆریش بوو. سەرانی رژیم دەیانەویست لە ریگەی تیرۆرەوە خۆیان لە کێشەی کوردستان رزگار کەن. هەر لە ساڵی ١٣٦٨دا کۆماری ئیسلامی چەند کەسی دیکەی لە ڕێبەران و کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیون لە وانە سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کوردستان هاوڕێ سدیق کەمانگەر ئەندامی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەیان تیرۆر کرد تا بە خەیاڵی خاویان زەبری قەرەبوونەکراو لە ئۆپۆزیسیۆن بوەشێنن. کۆماری ئیسلامی نەك هەر لەم هەوڵانەیدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکوو بووە هۆی ریسوایی رژیم لە ئاستی نێوخۆو دەرەوەی وڵات. کۆمەڵە هەر ئەو کات ئەم جینایەتەی مەحکووم کردو ئێستاش و دوای ٢٠ ساڵ لە تێپەڕبوونی، ئەم جینایەتە مەحکووم دەکاتەوەو خوزیاری کراوە مانەوەی پەروەندەی ئەم تیرۆرەو محاکەمەی بڕیاردەران‌و ئەنجامدەرانی ئەم تیرۆرەیە. هەروەها داوا لە ڕێکخراوە مرۆڤدۆست و جیهانییەکان دەکەین کە بەرامبەر بەم جینایەتەو کردەوە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی بێدەنگ نەبن. رژیم لە هەلومەرجێکی دژوارا دایەو هێنانە گۆڕێی دووبارەی ئەم جۆرە پەروەندانە دەتوانی گوشارەکانی سەر کۆماری ئیسلامی زیاتر بکات.

## کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

ئەم ساڵ لە هەلومەرجێکدا یادی ٢٠ ساڵەی شەهید دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی بەڕێوە دەچێت کە کۆماری ئیسلامی لە هەر کاتێك زیاتر لە ژێر گوشاری ناوخۆو دەرەوە دایە. ئەو کاتانەی دەستی رەشی تاوانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تێکەڵ بە خوێنی ئازادیخوازان‌و تێکۆشەرانی کورد دەبوو، دەوڵەتانی گەورەی دنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان، تیرۆریستانیان حەشار دەداو، دەیانناردنەوە بۆ وڵاتانی خۆیان، بەڵام ئێستاو ئەم رۆژانە کە هاوکاتە لەگەڵ تیرۆری ناجوامێرانەی دوکتور قاسملووو هاوڕێکانی، هەر ئەو وڵاتانەن ئەمرۆکە بوونەتە گوشار بۆ سەر کۆماری ئیسلامی‌و تەپڵی ریسوایی ئەم دەسەڵاتە تاوانبارە لێ دەدەن.

ئێمە وەك گەلی کورد لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستە کە یەکگرتووانەو هاودەنگ روو بە دوژمنی هاوبەش هەڵوێست بگرین، یەکگرتوویی هێمای سەرکەوتنمانەو دڵنیاشین ریسوایی هەر بۆ دوژمنانی گەل دەمێنێتەوە.

## مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

تیرۆرکردنی قاسملوو نەك هەر خەسارەتێکی گەورە بوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کوردمان کەوت، بەڵکوو خەسارەتێك بوو لە جووڵانەوەی دێموکراسی و ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران و دنیا. ئێمە لە مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ڕێورەسمی یادی دوکتور قاسملووو هاوڕێکانی بەرزو بەڕێز رادەگرین.

دوکتور قاسملوو، لە یەك کاتدا ڕێبەر، دیپلۆماتکار، زاناو ئابووریناس، نووسەرو مێژوونووس و داکۆکیکارێکی راستەقینە لە دێموکراسی. ئەگەرچی تیرۆر کۆتایی بە ژیانی ئەو ڕێبەرە گەورەیە هێنا، بەڵام ڕێگەو ڕێبازی قاسملووی شەهید، هەتاهەتایە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

ـ نەفرەت لە تیرۆریستان.

ـ هەزاران سڵاو لە دوکتور قاسملووو هاوڕێکانی.

## مەکتەبی سیاسیی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

لە پێش هەر شتێکدا دڵگرانین بەوەی ئەمڕۆ بیست ساڵ بەسەر شەهید کردنی ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی گەلەکەمان (دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو) تێدەپەڕێ و تاکوو ئێستا ئەنجام دەرانی ئەو کردەوەیە لە باوەشی گەرمی دوژمنانی گەلەکەماندا لە خەوی قووڵ دان کە دەبوایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دوور لە سیاسەتی بەرژەوەندخوازی هەڵوێستی روون و ئاشکرایان لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبووایە، مێژووی تێکۆشان و خەباتی خوێناویی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی سیاسی لە رۆژهەڵاتی نیشتمان، ئەو راستییەی سەلماندوە کە گەلی کورد لە پێناو ماف و داخوازییە نەتەوەییەکانی نەك بە گیانی پێشمەرگەو شۆڕشگێڕەکانی بەڵکوو سەرکردەو ڕێبەرەکانی لە پێشەوەی سەنگەری گیان بەخت کردندا بوون. دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو ئەو ڕێبەرە هەڵکەوتووە بە نرخە بۆ نەتەوەی کورد جا لە هەر پارچەیەکی نیشتمانی دابەش کراو بێت سیمبولی گیانفیدایی و بەرگری کردنە لە مافی گەلێکی چەوساوەو هیچ کاتێك وا هەست نەکراوە دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو تەنها ڕێبەرو سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستانە بەڵکوو ئەو زۆر لەوە زیاترو دوورتر بۆ مەسەلە نەتەوەییەکانی دەڕوانی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەت لە باشووری کوردستان هەر بۆیە هەمیشە دەورو نەخشی هەبووە لە پێکهێنان و تەبایی نێو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و تەواوی هاوکێشە سیاسییەکان.

٢٠٠٩/٧/١٣

## مەکتەبی سیاسیی پارتی نیشتمانیی کوردستان

ئەمڕۆ یادی شەهیدبوونی سەرکردەی لێهاتوو دوکتور قاسملوو دەکەینەوە، پێویستەو ئەرکە، ڕێبازی ئەم شۆڕشگێڕە لە یاد نەکەین و باشترین وەفاش بۆ ئەم سەرکردەیە ئەوەیە هەموو باڵەکانی بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەمان تەباو یەك ریز بین و بە یەك خیتابی سیاسی و یەکبوونی هەڵوێستەکانمان لە هەنبەر داگیرکەران درێژە بە خەبات بدەین، تا سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجە رەواکانی گەلەکەمان.

## مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان

دوژمنانی گەلەکەمان بە باشی لەوە گەیشتبوون کە ئەم کەسایەتییە ئاشتیخوازو سیاسەتمەدارو زانایە چ پێگەیەکی مەزنی هەیە لە نێو گەلەکەی و ناوچەکەو جیهان بە گشتی، بۆیە هەر زوو لە هەوڵی تیرۆر کردنی ئەم دەنگە دلێرو خونەویستەدا بوون تا بیست ساڵ بەر لە ئەمڕۆ مەرامە دژە مرۆڤایەتی و مرۆڤ نەویستەکانیان هێنایە دی و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی شەهید کران.

## پارتی پارێزگارانی دێموکراتی کوردستان ـ مەکتەبی سیاسی

جارێکی دیکە بەناوی مەکتەبی سیاسیی پارتی پارێزگارانی دێموکراتی کوردستان دڵتەنگی خۆمان رادەگەیەنین‌و دووپاتی دەکەینەوە کەوا لە دەستدانی کەسێکی زاناو سیاسەتمەداری گەورەی وەك قاسملوو خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان بەگشتی‌و رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی کەوت.

بۆیە هەر لەم یادەدا داوا لە هەموو لایەکتان دەکەین کەوا ساڵیادی تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو بکەنە دەستپێکی خەباتێکی نوێی دێموکراسیانەو یەکڕیزی‌و تەبایی نێوان هەموو لایەنەکانیش بکەنە هەوێنی سەرکەوتن.

## عەلی حاجی، سکرتێری گشتیی پارتی کۆماری کوردستان

ئێمە وێڕای نواندنی سەری رێزو وەفاداری بۆ شەهیدی سەرکردە دوکتور قاسملووو هاوڕێکانی و سەرجەم شەهیدانی حیزبی دێموکرات و هێزە شۆڕشگێڕەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ئازادی، دێموکراتی و ئاشتیی کوردستان، جارێکی دیکە بەڵێنی دۆستایەتی و هاوخەباتی لەگەڵ حیزبە تێکۆشەرەکەتان بە تایبەتی و سەرجەم پارت و لایەن و هێزە شۆڕشگێڕەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەزاران جار دووپات دەکەینەوەو بەو ئومێدەین ئەو یادە هاندەرێك بێ بۆ نزیك خستنەوەو یەك خستنی هێزو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرەیەکی دێموکراتیکی کوردستانی و خائینان و نۆکەران و جێبەجێکارانی ئەو کردەوە قێزەونەش بدرێتە دادگای نێودەوڵەتی و بە سزای عادیلانەی خۆیان بگەن.

## مەکتەبی سیاسی ـ پارتی چە پی کورد لە سوریا

لەم رۆژەدا یادو بیرەوەریی ئەو سەرکردە بەتوانایە بەرزو پیرۆز رادەگرین و دڵنیاشین درێژەدان بە رێگەی پیرۆزی ناوبراو، گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە گەیشتن بە داوا رەواکانیان نزیك و نزیکتر دەکاتەوە.

قامشلی، ٢٢ی پووشپەڕی ٢٧٠٩

## سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکرات و سیاسەتمەداری ناسراوی کورد بوو، کە لە ڤییەنی پێتەختی ئوتریش لە کاتی وتووێژدا بەر پەلاماری تیرۆریستە مرۆڤ کوژەکانی رێژیم دراو شەهید کرا.

ئێمە داواکارین دەوڵەتی ئوتریش پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمرو هاوڕێیانی وەگەڕ بخاتەوەو بکوژان و تیرۆریستان بە سزای تاوانی نامرۆیانە بگەیەنێ تا رووی رەشی رێژیمی ئاخوندی بۆ گەلانی جیهان زیاتر دەرکەوێ. بەو ئومێدەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئاخوندەکان بە خەباتی جەماوەری تێکۆشەرو بە خۆڕاگری هێزە ئازادیخوازەکان لە نێو بچێ کە بە رووخانی ئەو رێژیمە ملهوڕە روحی دوکتور قاسملووی نەمرو تێکڕای شەهیدانی کوردستان شاد بێ.

## یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان مەڵبندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیە

شەهید قاسملوو سەرکردەیەکی کەم وێنەی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بوو، لە هەموو بوارەکانی دبلۆماسی‌و سیاسی‌و مێژوویی‌و کاری پێشمەرگانەدا هەڵگری پەیامی ئاشتی‌و برایەتی بوو، جێگەی داخە لە (١٣/٧/ ١٩٨٩) لە پیلانێکی ناجوامێرانەداو لەکاتێکدا ئەو پەرۆشی سەرخستنی کێشەی رەوای گەلەکەی بوو شەهید کرا.

## مامۆستا فاروق قادر ، سکرتێری گشتیی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

بەناوی خۆم و مەکتەبی سیاسی و ئەندام و دۆست و لایەنگرانمان لە (پاڕتی سەربەخۆیی کوردستان)، لە یادی ٢٠ەمین ساڵڕۆژی تیرۆر کردنی شەهید (دوکتور قاسملووو هاوڕێکانی) سەری رێزو وەفاداری بۆ شەهیدی سەرکردە (دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی)و حیزبە تێکۆشەرو خەباتگێڕەکەتان (حیزبی دێموکراتی کوردستان) دادەنوێنین و داوا لە رێخکراوەکانی مافی مرۆڤ لە سەرتاسەری دنیاو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و یەکیەتیی ئورووپا دەکەین بە زووترین کات نۆکەران و جێبەجێکارانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە پەلکێشی بەردەم دادگای نێونەتەوەیی بکەن.

سلێمانی ١٣/٧/ ٢٠٠٩

## پارتی دێموکراتی کوردستان لقی ٢٤ی سەفین ـ لیژنەی کۆیە

دوژمنان خەیاڵیان خاوە، بیرو فکری (قاسملووی نەمر) چەکەرەی کردوەو ئێستا کە بە هەزارەها بگرە بە ملیۆنەها گەنجی کوردستانی رۆژهەڵات هەڵگری بیرو باوەری ئەوپیاوە تێکۆشەرەن...

## حیزبی شیوعی کوردستان ـ کۆمیتەی قەزای کۆیە

حیزبی شیوعیی کوردستان خەباتی پڕ شکۆی کاك قاسملوو و حیزبە نەبەردەکەی بەرز هەڵ دەسنگێنێ کە لە رۆژە سەختەکانی خەباتی شاخ‌و نهێنی‌یەکانی نێو شار، حیزبی دێموکرات بەردەوام رووبەرووی رێژیمی توندرەوی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆتەوەو هەوڵی داوە کورد بە مافە رەواکانی بگات.

## حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ لقی کۆیە

بەڕێزان ٢٠ ساڵ بەسەر تیرۆر کردنی سیاسەتوان‌و سەرکردەی گەورەی کورد دوکتور عبدولرەحمان قاسملوو دا تێدەپەری. بۆیە یادی ئەم شەهیدە نەمرەو هاوەڵەکانی بەرز دەنرخێنین

ئێمە وەك حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پتشگیری‌وپشتیوانیی خۆمان دەردەبڕین بۆ دادگایی کرنی تیرۆریستان.

## یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ـ لقی کۆیە

بەرزو زیندوو ڕاگرتنی ئەم یادە ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی نیشتمانپەروەری کوردستانە، ئێمە لە لایەن خۆمانەوە ئەم یادە بەرزو بڵند رادەگرین‌و هاوسۆزیی خۆمان بۆ برایانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەبڕین.

# هاوپێوەندیی حیزب و کەسایەتییە ئێرانی و رۆژئاواییەکان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە ڕێوڕەسمێك دا کە ڕۆژی ١٣ی ژرئیەی ئەمساڵ لە ٢٠ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوودا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەر دەم بارەگای کۆمیسیۆنی ئوروپا لە بروکسێل، پێکی هێنا، دەیان کەسایەتیی ناسراوی کورد، ئێرانی و ئوروپایی و نوێنەرانی چەندین ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵی دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد بەشدار بوون. لەم کۆبوونەوەیەدا چەندین وتارو پەیام پێشکەش کران. لەم ژمارەیەی "کوردستان "دا چەند بەشێك لە هەڵبژاردەی کۆمەڵێك لەو پەیام و وتارانە دەخەینە بەرچاوی خوێنەران.

## پەیامی
## حیزبی سوسیالیستی فەرانسە

هاوڕێیانی خۆشەویست! دۆستانی خۆشەویست!

ئێوە لەم مانگەی ژوئیەی ٢٠٠٩دا یادی بیستەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دەکەنەوە.

حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە و هەموو ئەو کەسانەی د. عەبدولرەحمان قاسملوویان ناسیوە، ئەویان وەک ڕێبەرێکی سیاسیی زۆر بەنرخ و وەک خەباتگێرێکی ڕێگای دێموکڕاسی و مافە ڕەواکانی گەلی کورد لەو وڵاتەدا لەبیرە.

بیست ساڵ پاش تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی، خەباتی وان لە هەموو کاتێک زیاتر بۆتە مەسەلەی ڕۆژ. چونکە دەبینین کە سەرەڕای سەرکوت و زەبر و زەنگی ڕێژیمی ئیسلامی ویستی هاووڵاتییانی ئێرانی بۆ گۆڕانێکی دێموکراتیک لە هەموو دەمێک زیاتر لە ئارادایە.

حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە لە فورسەتی ئەم یادکردنەوەیەدا، هاوپێوەندیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران دووپات دەکاتەوە و لە خەباتی وان بۆ ئاشتی و دێموکڕاسی و پێشکەوتن پشتیوانی دەکا.

ژان کریستۆف کامبادێلێش

سکرتێری نەتەوەیی حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە و بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئەو حیزبە

## پەیامی
## حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد

هەڤاڵانی هێژا،

ئێمە لە ڕۆژی ١٣ ی جولای ١٩٨٩ هەواڵێکی دڵتەزێنمان پێ گەیشت کە دوکتۆر عەبولرەحمانی قاسملوو لە ڤییەن تێرۆر کراوە. ٢٠ ساڵ دوای ئەم کارەساتە ئێمە هەست بە خاڵی بوونی جێگای دوکتۆر قاسملوو دەکەین. دوکتۆر قاسملوو ڕێبەرێک بوو کە بەهاکانی سۆسیالدێموکراسیی زۆر لە لا گرینگ بوون و ئەو توانی کە پرسی کورد بۆ ئاستی نێونەتەوەیی بەرز بکاتەوە، شتێک کە بووە هۆی ئەوەی کوردەکان گەلێک دۆستی نێونەتەوەیی پەیدا بکەن.

ئەگەر دوکتۆر قاسملوو بەو پشتیوانییە بەهێزەی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا هەیبوو ئێستاش لەنێومان دابا، دەبوو بە هێزێکی بەرچاو بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا.

لەگەڵ ڕێزماندا،

ئان لیندێ، بەرپرسی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوێد

کلاس نوردمارک بەرپرسی رایەڵەی کوردیی حیزبی سوسیالدێموکراتی سوێد

## پائۆڵۆ کاساکا
## ئەندامی پارڵمانی ئورووپا

بەڕێزان

١٣ی ژووئیە، بیستەمین ساڵوەگەری تێرۆری ڕێبەری ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی و دوکتۆر قاسملوو بە دەست کاربەدەستانی ئێران لە ڤییەن، لە قەلبی ئورووپایە.

ئەو جینایەتە نموونەیەکی ئاشکرایە لە هەڵسوکەوتی بێشەرمانەی ڕێبەرایەتیی ئێران کە هیچ حورمەتێک بۆ مافی مرۆڤ دانانێ، بە هیچ بەڵێنێک یان ئیمزایەک لە ژێر کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکان وەفادار نییە و، ئەوجۆرەی پێی خۆش بێ، بۆ مەبەستی تەواویەتخوازی خۆی، کەڵک لە دین وەردەگرێ.

ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکە کە هەموو دێمۆکڕاتەکان، هەموو ئەوانەی بەدڵ حورمەت بۆ کەرامەتی مرۆڤ دادەنێن بەبێ لە بەرچاو گرتنی باوەری دینی، بە بێ لەبەرچاو گرتنی میللیەت، جیاوازیی ڕەگەزی یان باوەری سیاسی یان جیاوازیی باری مالی و کۆمەڵایەتی، پێویستە یەکدەنگ بن بۆ لە قاودانی مەترسییەکانی ئەو دیکتاتۆرییە بێشەرم و بێ پرێنسیپە کە زۆر کەم لەهەڵەکانی خۆی دەرس وەدەگرێ و هەموو دنیای خستۆتە ژێر مەترسی.

١٣ی ژووئیە، هەمووماں بیر لە دوکتۆر قاسملوو دەکەینەوە، هەر ئەوجۆرەی بیر لە دوکتۆر کازمی ڕەجەوی دەکەینەوە کە چەند ساڵ دواتر لە ژنێڤ بە دەست هەمان تیرۆریستان کوژرا، بیر لە سەدان و هەزاران کەسی دیکە کە لە تاراوگە یان لە نێوخۆی وڵات کوژران، ئەو مندالانەی بۆ پاککردنەوەی مەیدانەکانی مین بە کوشت دران، ئەو کەسانەی تەنیا بە تاوانی جوولەکە بوون لە ئارژانتین کوژران بیرلە هەموو ئەو کەسانە دەکەینەوە کە بە دەست گەورەترین نەخۆشیی ئەو سەردەمە واتە فێناتیسم قەلاچۆ کراون.

ئەوکەسانەی لە ڤییەن پێیان وایە ئێمە لە جیاتی ڕەچاو کردنی عیداڵەت دەرحەق بە کوژراوەکان دەبێ بیر لە سات و سەودای پر مەنفەعەتی نەفت و بەنزین بکەینەوە، نە تەنیا بە پرینسیپە ئارمانی و ئەخلاقییەکان خەیانەت دەکەن بەڵکو شێوەیەکی زۆر ناعەقلانی ڕەچاو دەکەن.

سیاسەتی مودارا و دانواندنی ڕۆژئاواییەکان لە مەر تێرۆریستەکان، تەنیا هەڵگری ئەو پەیامەیە کە سەودا و مامەلە گرینگترە و بۆیەش ئەوان دەتوانن درێژە بەو کارانە بدەن مادام مامەلەکە بەردەوامە.

لە بیستەمین ساڵوەگەری قەتڵی ڕێبەری پێشووی کوردی ئێرانی لە ڤییەن و لە دوایین نووسراوە و دواکارییە سیاسییەکانی دەورانی ئەندامەتیم لە پارڵمانی ئورووپا، ئەمن داوا لە نیهادە ئوروپاییەکان و وڵاتانی ئەندام دەکەم کە بە سیاسەتەکانی خۆیان و شیوەی هەڵسوکەوتیان لە گەڵ ئێراندا بچنەوە ودەست لە تەئیدی تێرۆر و کوشتاری ئەوانەی بە دژی فیناتیسم رادەوەستن هەڵگرن و مافی گەلانی ئێران بۆ دێمۆکراسی و جۆراجۆر بوون بە ڕەسمی بناسن، دەست لە مامەلە کردن بە پرینسیپە ئینسانی و ئەخلاقییەکان لە پێناوی بە ناو سات و سەودای نەفت و بەنزین هەڵگرن، مافی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ ژیانێکی سەربەست و بەدوور لە مەترسی فیناتیسم بە ڕەسمی بناسن، پێش بە بەرنامەی ناوەکی و مەترسی ناوەکی بگرن، بە کورتی حەول بدەن هاوکاریی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بکەن بۆ دەستەبەرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە ی سەربەخۆ، پێشکەوتوو، جۆراجۆر، هێمن و ئینسانی.

---

دریژەی:

# دەقی وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ڕێوڕەسمی ٢٠ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیدا

لە باکووری کوردستان وەدەست هاتوە لە باری ئەهمییەتەوە کەمتر نییە لەوەی لە باشوور وەدەستمان کەوتوە. پاش نەوەد ساڵ حاشا لە بوونی کورد و قاچاغ بوونی کورد و کوردستان، ئیعتراف بە کورد دەکرێ، ئیعتراف بە مەسەلەی کورد دەکرێ. ئیجازە دەدرێ بە کورد کە بە زمانی خۆی قسە بکات، ئیجازە دەدرێ کە تەلەڤیزیۆنی هەبێ. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئیرادەی لە شکان نەهاتووی میللەتی کورد، تەرەفەکانی بە چۆك داهێناوە. مەجبووری کردوون ئیعتراف بە واقعییەت بکەن. هەق نییە تێکۆشەرانی کورد هەر عەیبەکان ببینن و کەم و کۆڕییەکان ببینن، دەبێ بڵێین شانازیی پێوە دەکەین، ئەوەش عەتا و بەخششی کاربەدەستان نییە، هی ئەردوغان نییە، هی عەبدووڵڵا گویل نییە، بەڵکوو هی خوێنی شەهیدەکانمانە. لە چووکترین بەش و ڕەنگە لە مەحرووم ترین بەشی کوردستاندا کە بەشی ڕۆژئاوای کوردستانە، دیسان زەبر وزەنگ و سەرکوت هەیە. خۆشحاڵین کە دەبینین بزووتنەوەی کورد لە وێش دا زیندوویە، خەڵك چاویان کراوەتەوەو چاویان لە زەبر و زەنگی حاکمەکان ناترسێ. ئەوە مزگێنیی ئایندەیەکی ڕووناك بە بەشەکانی کوردستان، بە هەرکام لە بەشەکان وبە هەموو کوردستان بە سەریەکەوە دەدا. ئاواتی ئەو ڕۆژە دەخوازم جارێك بۆ هەمیشە ئیستلاحی بەشەکانی کوردستانمان لە نێو لابچێ، بڵێین ناوچەکانی کوردستان. چونکە کوردستان یەك وڵاتە.

**دۆستان!** به داخەوە کەمێکم درێژ کردەوە. بەڵام ئیجازە دەخوازم لەو دوایە دا شتێك بڵێم. بیست ساڵ دوای شەهید بوونی پێشەوا قازی محەممەد بە ئیبتکاری دوکتور قاسملوو، ڕۆژی دەی خاکەلێوەلە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بوو بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان .تا ئیستا وا دەناسرێ و لە مناسبەتەکاندا تەقریبەن لە دەرەوەو ژوورەوەی وڵات یادی دەکرێتەوە. ئەمنیش پێشنیار دەکەم دەنگتان لە گەڵ دەنگی من بخەن کە ڕۆژی سێزدەی ژووئیە، ڕۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بکەینە ڕۆژی بەربەرەکانی لە گەڵ تیرۆر.

**سڵاو بۆ گیانی پاکی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی و، هەموو شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردستان بەتاییەت دووریبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور شەرەفکەندی کە یەکیان دوای وی و یەکێکیشیان پێش وی شەهید بوو.**

**سڵاو لە هەموو خەڵکی کوردستان، لەوانە کە بەتاییەتی ئەمڕۆکە بەرامبەر بە جمهووریی ئیسلامی راوەستاون و سەرەڕای زەبرو زەنگ، دوکان و بازاریان داخستوە.**

**سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەکەمان و ئێوەش هەر خۆش بن و سەرکەوتوو بن.**

**زۆر سپاس**

---

دریژەی

**پەیامی هاوپێوەندیی حیزب و ڕێکخراوە کانی کوردستان بۆ ڕێوڕەسمی ٢٠ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی کە لە شاری کۆیە**

## کومیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی خەباتی، شۆڕشگێڕی کوردستان

بەنێوی خودای بەخشەندەی مێهرەبان

بەڕێزان ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

ئامادەبووانی کۆڕیادی ڕێزگرتن لە ژیان و خەبات و سەروەریی و مەرگی سەربەرزانەی قاسملووی شەهید!

سڵاوتان لێ بێ!

دوکتور قاسملوو وەك کەسایەتییەکی کارا لە بوارە جیاجیاکانی خەبات دا، لە سایەی تێکۆشانی بێوچانی زوو کەوتە بەرچاوان و نێوی کەوتە ناو ناوان و دوژمن سێرەی لێگرت و بەردەوام لە هەلێك دەگەڕا پیلانی پیسی خۆی پیادە بکا.

دوکتور قاسملوو ئەستێرەی گەشی ئاسمانی خەباتی دیپلۆماسیی کورد بوو. لە دۆخێك دا کە کوردو کێشە نەتەوایەتییەکەی لە تەنگەبەرایی نێوخۆیی داببوو داگیرکەران و نەیارانی گەلەکەمان لە هەموو هێزو نفوزو کاریگەریی خۆیان کەڵکیان وەردەگرت و بەربەستیان لە بەردەم ناساندن و بەنێونەتەوەیی کردنی پرسی کورد دادەنا، قاسملوو دڵسۆزانەو لێبڕاوانەو بوێرانە بەسەر کۆسپ و گرفتەکان دا هەنگاوی دەناو بە زمانە جۆراوجۆرەکان لە کۆڕو کۆبوونەوەو نێوەندە نێودەوڵەتیی و جیهانییەکان دا لە پرسی کورد دەدواو دەنگی ستەملێکراویی ئەو گەلەی گەیاندە گوێی دنیاو لە جوغزی بەرتەسکی نێوخۆیی قوتاری کردو دۆست و یاوەرو پشتیوانی زۆری بۆ پەیدا کرد.

لە ئاستی نێوخۆییش دا دەوری کارای هەبوو لە بەرزکردنەوەی هوشیاریی نەتەوەیی لە تاك و کۆمەڵی کوردی داو بەتایبەت لە بەرەبەری ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ کوورەی خواست و خەباتی کوردانەی بەتین و بڵێسەدارتر کردو وەك پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری ئەو خەباتە جۆش و خرۆشی جەماوەری ڕاپەڕیوی زیاتر خرۆشاند.

دۆسیەی تێرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی بوو بە مایەی ڕووڕەشی و شەرمەزاریی کۆماری ئاخوندەکان لە دنیاداو ئەو پیلان و مامەڵە ناڕەوا نێودەوڵەتییانەش کە بەڕێنوێنی ڕێبەرانی تیرۆریست پەروەری ڕێژیم و ڕێککەوتنی ژێر بەژێر لەگەڵ هێندێك دەوڵەتی بەرژەوەندپەرست لە هەوڵی پەراوێز خستن و شاردنەوەو داخستنی دۆسیەکەدا بوون، نەیان توانی بگەنە ئاکام و دووبارە بوونەوەی ڕەفتاری تێرۆریستانەی ڕێژیمی ئاخوندیی لە ئاڵمان و تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی جارێکی دیکە ڕووی دزێوی تێرۆریستانەی کۆماری بەناو ئیسلامی بە جیهان نیشان دایەوەو ئەو ڕاستییەی سەلماند کە تیرۆرو ڕەشەکوژیی بنەمای سیاسەتی سەرەکی ئەو ڕێژیمەیە.

ئێمە لە ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان وێڕای دووبارە مەحکووم کردنەوەی ئەو کردەوە دژی ئینسانییەی ڕێژیم، خوازیارو هیوادارین هەوڵی شێلگیرانەی دڵسۆزانی کوردو قوتابییانی مەکتەبەکەی دوکتور قاسملووو دەستڕۆیشتوویی ناوەندەکانی پاراستن و گەشەپێدانی مافی مرۆڤ و فراوانیی و کرانەوەی دامودەزگای قەزایی نێودەوڵەتیی بە مەوداو دەسەڵاتی بەرین لە هەموو دنیادا خزمەت بە دەوڵەمەند کردنی دۆسیەکە بکات و هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ زیندوو ڕاگرتن و زەقکردنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ئارا دان، کاراترو بەرینتر بکرێن و تێپەڕینی کات و هەوڵی ناحەزان و پیلانی نەیاران، نەتوانن ببنە بەربەست لە بەردەم بە ئاکام گەیاندنی ئەو هەوڵانە. چونکە ئەو پیلانە کە پێچەوانەی بەهاو بایەخە باڵاو یاساو ڕێوشوێنە ئاسمانیی و مرۆییەکانە، سەرەنجام دەبێ ڕیسوا بکرێ و دارێژەرو بەڕێوەبەرەکانی شەرمەزار بکرێن و ئەو دۆسیەو ئاکام و دواهاتەکانی ببنە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری دڵڕەقیی و دووڕوویی داگیرکەران و ئاشتیخوازیی و مافخوازیی و مەزڵوومیەتی گەلی کورد.

٢٠٠٩ /٧/١٧

## بروسکەیا تەیار موستەقبەل کورد ل سوریێ

بەڕێزان، حزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێزو سلاڤێن شۆرەشگەری ژ وەرا.

ئەم وەك: تەیار موستەقبەل کورد ل سووریێ، مەزن د خەباتا وەیی دوورودرێژ دە دبینن، ژ بەر هون شاگرتێن دوو ڕێبەرو مامۆستەیێن مەزنن یەك نەمر پێشەوا، دوو نەمر د. قاسملۆ لێ چ ڕۆژێ بە ژی دوژمنێ مایێ رەورەش بمێنە.

کو ئەو دوو گەورە ڕێبەرێن کورد ب بێ حەقی ترۆر کردن و دان کوشتن. ئیرۆ ل بەر گەش بوونا مووما بیرئانین بیست سالیا د. قاسملۆ مووما سی سالیا دامەزراندنا رژیما مەلان ل ئیرانێ کورك و کز دبە. چاوا ب مووما سی و دوو سالیا بیرئانینا پێشەوا رە مووما رژیما شاهنشا وەمری و هل نەبوو.

سەرکەفتن ژوەرا

ڕێزو سلاو بۆ گیانێ ڕێبەرێ هێژا قاسملۆ

## مەلاحەسەن شاخی، هەولیر

وێڕای دەربرینی هاودەردی وهاسوزیمان بۆ هەموو هاوبیرانی شەهیدوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو، هیوادارم لە داهاتووی نیزیکدا هەورە رەشەکان لە سەر ئاسمانی کوردستان دووربکەونەوە، رووناکی و ئازادی هەموو وڵات داپوشێ کە دڵنیام درەنگ یازوو دێتەدی.

دریژەی

# هاوپێوەندیی حیزب و کەسایەتییە ئێرانی و رۆژئاواییەکان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان

## پەیامی

## دەروێش فەرحۆ- سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە بروکسێل

دۆستانی بەرێز

دکتور قاسملوو یەکێک لە ڕێبەرەگەورەکانی کورد لە بزاڤی رزگاریخوازانەدا بوو. مرۆڤێکی مەزن. بیرمەند، سیاسەتمەدارێکی بەتوانا و کەسێکی خاوەن ستراتیژی بوو لە کاری خۆیدا.

چەند ساڵیک پێش ئەوەیکە بەدەست دیپلۆمات ترۆریستەکانی ئێرانی بکوژرێت، سەردانی چەند سیاسەتمەداری بلژیکی کرد. من هاوڕیی وی بووم کاتێک کە سەبارەت بە کێشەکانی کورد لە ئێران و تەنانەت باسی ئیرانی بۆ چەند سیاسەتمەدار دەکرد. یەکێک لە سیاسەتمەدارەکان بەڕێز " وارد لەیمانس" بوو کە دواتر بووە سەرۆکی پێشووی مە جلیسی سینای بلژیک، بە منی گوت کە " ئەگەر دکتور قاسملوو سیاسەتمەدارێکی ئورووپایی بایە، بێگومان یەکێک لە گەورەترین دیپلۆماتەکانی ئورووپا دەبوو. پیاوێکی یەکجار بەمشوور و بیرمەندە".

دۆستان! لە ئێرانی ئێستاکە ولاّتانی دەوروبەری حەزیان لە بوونی کەسایەتیی بیرمەندی دێموکرات و هزرمەند نیە، دێموکراتەکان پەسند ناکرێن، بۆیە ئەو رژێمە دیکتاتۆڕانە کە سایەتیی وا دەکوژن و لەبەین دەبەن.

دکتور قاسملوو پیاوی ئاشتی و دیالۆگ بوو. بۆ ساتێکیش دیالۆگی لە سەر ڕێگاکە ی لانەبرد. خەیاڵ و هیوای دێمۆکراسی و ئاشتییەکی پایەدار بوو. شەڕێ پارتیزانی کە زۆر کەس بەو هۆیەوە گیانی لەدەستدا، مەبەست و ڕێگای ئەو نەبوو، بۆیە هەمیشە باسی دەکرد.

پرۆسەی حوقووقی بەدواداچوونی کەیسی دکتور قاسملووش، بەدوای ئازادکردنی قاتڵە کان لە ولاّتی ئوتریش شەرمێکی خولّقاند، باوەڕ نەدەکرا. سەرکۆماری ئێستاکەی ئێران وە ک بەشداری ئەو تیرۆڕە باسی لێوەدەکردرێت. ئێستاکە روونتر لە هەمیشە بە دوای شەهادە تی چەند قاچاغچیی ئەسلەحە کە بە روونی نێوی ئەحمەدیژاد دێنن. ئێمە داوای کردنە وەی ئەم پرۆسەیەدەکەین و هیوادارین کە قاتڵەکان بدرێنەدادگا.

چاوەڕوانیمان لە نیهادە ئوروپاییەکان ئەوەیە کە نابێ پێوەندیی وان لەگەل ئێران تەنیا لە سەر ئەساسی ئابووری بێ، بەڵکوو مافی مرۆڤ، مافی گەلان وەک بنەمای هەرچەشنە پێوەندی و هاوکارییەک ڕەچاو بکرێت. ئەم ڕێبازەش دەتوانێ دێموکراسی و ئاشتی پایەدار بۆ ئەم مەڵبەندە پێک بێنێت.

ئەوەی کە دەگەڕێتەوە سەر ئێمەی کورد؛ ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر خەبات بۆ وەدەست خستنی مافە بونیادی و بناغەییەکانمان.

سبۆ پێشەوە و بەردەوام بێ بەرخۆدانێک کە دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدانی دیکە بۆ کیانێکی دێمۆکراتیک دەستیان پێ کرد

دەروێش فەرحۆ

سەرۆکێ ئەنیستیتۆی کورد لە برۆکسێل

## چەند بەشێك لە پەیامی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

**بەرێزان سەرۆکایەتی و ئەندامانی کۆنگرەی پارلەمانی ئورووپا لە ٧/١٣ سەبارەت بە رۆژهەلاتی کوردستان!**

**تیرۆری دوکتور قاسملوو، بەتەنیا تیرۆری سەرکردەی حیزبێکی کوردیی نییە، بەڵکو تیرۆرو دەمکوتکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیەکە، کە داوای ئەوە دەکات، رێی پێبدرێ لەسەر خاکی خۆی لە ئاشتی و ئازادی و ئاسایشدا بژیی.**

**خوشك و برایانی هێژا!**

**بەرێزانی بەشداری کۆنفرانس!**

**لە روانگەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە، کاتێك کورد دەتوانێ پێش بە تیرۆری رێبەرانی بگرێ، کاتێك دەتوانێ پێش بە تالانکردنی سەروەت و سامانی خاك و ولاتەکەی بگرێ، کاتێك دەتوانێ پێش بە جینۆسایدی داگیرکەران بۆ سەر نەتەوەی کورد، کە یەکبگرین و، نەتەوە و نیشتمانەکەمان لە چنگی داگیرکەرانی خوێنرێژ رزگار بکەین. داگیرکەرانی کوردستان لە پێناو لەنێوبردن و تواندنەوەی کورددا یەکیانگرتووە، پێویستە ئێمەش لە پێناو رزگاریی نەتەوەو نیشتمانەکەماندا بەهەست و باوەڕێکی نەتەوەییەوە یەکبگرین.**

**لە کۆتاییدا داوا لە پارلەمانی ئورووپا دەکەین، گوشاری سیاسی و دیپلۆماسی زیاتر بخاتە سەر رێژیمی ئیسلامیی ئێران و، ئەم رێژیمە دژ بە ئازادییە ناچار بکەن رێز لە مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکانی بندەست، لەوانە نەتەوەی کورد بگرێ کە لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا بە دەیان هەزار رۆڵەی لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە بە شێوازی جۆراوجۆرەوە کوژراوەو، هەر ئێستاش بە هەزاران رۆڵەی لە زیندانەکاندا لە ژێر شکەنجە و بارودۆخێکی زۆر ترسناکدان.**

براتان: دوکتور جەواد مەلا

سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

١٣/٧/٢٠٠٩

## پەیامی

## (سێناتۆر لیۆنێل ڤاندێنبێرگ) سەرۆکی گرووپی کاری کوردان لە خانەی پارلمانتارانی بلژیک

دۆستانی کوردم!

ئورووپا دەبێ ئاگاداری دۆخی مافی گەلان و مافی مرۆڤ لە هەموو جێیەکی جیهان بێت. ئەرکی هەموو شاروەندێکە کە بەدژی هەر چەشنە پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ لە لایەن دەوڵەتانی دەستەلاّتدارەوە، رابوەستێ. لە هەموو جیهاندا دەبێ هەوڵ بدرێت بۆ پێکهێنانی بەرابەریی لە نێوان شارۆمەندان، لە نێوان ژن و پیاو، بۆ رێزدانان بۆ شوناس و زمان و کولتوور.

ئەو کەسانەی لەو رێگایەدا خەبات دەکەن بۆ ئێمە جێگای رێزن و یەکێکیش لەوان بێگومان دکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو بوو کە لە ١٩٨٩ لە ڤیەن لەسەر مێزی دیالۆگ لە لایەن نوێنەرانی دەوڵەتی ئێرانەوە کەوتنە بەر گوللە.

ئەو رێگای کوردستانێکی ئازاد و دێموکراتیکی بە ئێمە نیشان دا. پرۆژەیەک کە لەسەر بنەمایەکی ئاشتیخوازانە دایناپوو. مەرگی قاسملوو بەڕاستی بە مانای مەرگی خەباتەکەی نەبوو. بەپێچەوانە ئێستاکە بڵیندتر لە هەمیشە دەنگی دێموکراسیخوازی و سەربەخۆیی کوردەکان و ئێرانییەکان بە گوێ دەگات. ئەم رووداوانەی چەند حەوتووی رابردوو ئەوە بە ئێمە دەڵێت کە خەبات هێشتا زیندووە.

هەروەها ئێمە فلامیەکان، دەبێ پشتیوانی خۆمان بکەین. لەبەر ئەوەیە کە فلامیەکان خەباتی کوردەکان لە تورکیە، ئێران، عێراق و سوریە باش تێدەگەن. لە بلژیکیش زمانی زۆرینەی خەڵکی ئەم ولاّتە بە رەسمی حیساب نەدەکرا. سەد ساڵ لەمەو بەر لە کاروباری دەوڵەتیدا باسێک لە زمانی هولەندی نەدەکرا، لە پەروەردەو بارهێناندا، لە بەشی کاردا و لە بەشی حوقووقیدا.

لێرە بەدوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا گۆڕانکاری رووی دا. بە کەمگرتن لە ئاست زمان و بواری کۆمەلاّیەتی، فلامییەکانی ئاگاکردەوە. لە رێگای رۆشنگەریی هەنگاو بە هەنگاوی خەڵک و هەروەها لە رێگای خەباتی دێموکراتیکی پارڵمانی دەستکەوتەکان وەدەرکەوتن. ئەمەش رێگایەک بوو کە دکتور عەبدوڕەحمان قاسملووی پێیدا دەڕۆیی.

خەباتی بێ توند و تیژیی گەلانی بێ دەوڵەت هەمیشە لە پشتیوانی ئێمە بەهرەمەند دەبن و گەلی کوردیش دەتوانن لەسەر ئێمە حیساب بکەن.

سێناتۆر لیۆنێل ڤاندێن بێرگ

سەرۆکی گروپی کاری کوردان لە خانەی پارڵمانتارانی بلژیک

## پەیامی

## بارت ستەیس ئەندامی پارلمانی ئورووپا (لە سەر لیستەی سەوزەکان)

هەڤاڵە کوردەکانی هێژا،

ئەمڕۆ دەمهەوێ رێز لە دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو بگرم. ناوبراو رێبەرێک بوو کە تێدەکۆشا تا خودموختاری بۆ گەلی کورد لە ئێران لە رێگای وتوویژی ئاشتیخوازانە دەستەبەر بکا. ناوبراو بۆ کۆمەڵگایەکی خودموختار و دێموکراتیک هەوڵی دەدا: لێک جیا کردنەوەی دین لە دەوڵەت، یەکسانیی رەگەزی نێوان ژن و پیاو، بازاڕی ئازاد و خۆبەڕێوەبەری. دروشمی دوکتۆر قاسملوو ئەمە بوو: دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان.

تاوانبارانی کارەساتی ڤیەن لە ١٣ ی جولای ١٩٨٩ هەرگیز نەبیندرانەوە. لە دانیپێدانانەکانی ئەم دواییانە دەردەکەوێ کە ئەوە رێژیمی ئێرانە کە تاوانباری ئەم کارەساتەیە. لەم رۆژە تایبەتیەدا دەمهەوێ دەنگی خۆم بخەمە پاڵ دەنگی ئێوە و بانگەوازی کردنەوەی دووبارەی پەروەندەی تیرۆری دکتۆر قاسملوو واژۆ بکەم.

## پەیامی

## لۆرد کۆربێت، سەرۆکی کۆمیتەی پارلمانی ئینگلستان بۆ ئازادی لە ئێران

سپاس بۆ دەعوەتی دۆستانەتان بۆ بەشداری لە رێورەسمی 13ی ژوئیە سەبارەت بە ساڵوەگەڕی تیرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو. لەبەر ئەوە کە وەک نوێنەری پارلمانی ئینگلستان بۆ کۆنفڕانسێکی رێکخراوی پارلمانتێرەکانی کۆمۆنویڵز ( ئینگلستان و موستەعمەرەکانی پێشووی) دیاری کراوم کە رۆژی ١٢ی ژوئیە لە گوییانا دەبەسترێ، بەداخەوە ناتوانم لەو رۆژەدا لەگەڵتان بم. رێکخراوی ئێوە شوجاعەتی ئەوەی هەیە کە لایەنی ئەو میلیۆنەها ئێرانییە بگرێ کە هاواری ئازادییان بەرز کردۆتەوە. سەرەنجام ئازادی و دێموکڕاسی و مافی مرۆڤ لە ولاّتی ئێوەشدا جێگیر دەبن و ئەو وەختە ئاخوندەکان لە پەڵەیەکی کەمڕەنگی نێو کتێبەکانی مێژووی ولاّتی ئێوە زیاتر نابن. لەگەڵ هەستی دۆستانە.

## پەیامی

## ژێرار شالیان کەسایەتیی ناسراوی فەڕانسەیی دۆستی د. قاسملوو بۆ رێورەسمی بروکسێل

کۆبوونەوەی ئێوە بە ئامانجی بەرز راگتنی بیرەوەریی دۆستی من، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کە ساڵی ١٩٨٩ بە دەستی نوێنەرانی دەسەلاّتی ئێران تیرۆر کرا وەڕێ خراوە. من رۆژی ١٧ ی ژوئیە لە رێورەسمێک دا کە بۆ هەمان مەبەست لە پاریس بەڕێوە دەچێ بەشدار دەبم. بەلاّم بە پێویستی دەزانم هاوبەشی و هاوپێوەندیی خۆم لەگەڵ ئەو رێزلێنانەش کە ئێوە بۆ د. قاسملوو بەڕێوەی دەبەن رابگەیەنم.

لە روانگەی منەوە عەبدولڕەحمان قاسملوو درەوشاوەترین رێبەری سیاسیی کوردی نەسلی خۆیەتی. بێگوومان لەدەستدانی قاسملوو خەسارێکی قەرەبوو نەکراوەیە.

ژێرار شالیان

## پەیامی

## خانمی فرانسواز بریە کەسایەتیی فەڕانسەیی دۆستی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی

لەبەر ئەوەی ناتوانم لە رێورەسمی بروکسێل بەشدار بم حەز دەکەم لە رێگای ئەم پەیامەوە کۆمەڵێک شت وەبیر بێنمەوە، بەتایبەتی مرۆڤدۆستیی زۆری د. قاسملوو، کاریزماتیک بوونی ئەو و هەروەها ئەو هەموو خزمەتە کە ئەو بە ئامانجی دێموکڕاسی لە ئێرانی کرد. ئێران بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەو پێشهاتانەی لەبەر دەمیەتی و ئامانجی ئاشتی و مافی مرۆڤ چ لە ئێران و چ لە سەرتاسەری جیهاندا پێویستیان بە کەسانێک بە گەورەیی د. قاسملوو هەبوو. دۆستانی دوکتور قاسملوو، خەڵکی ئێران و بەگشتی گەلانی ناوچە هەست بە بێ قاسملوویی دەکەن. لێرەدا پێم خۆشە هەروەها سلاّو بۆ گیانی ئەو کەسانە بنێرم کە لەگەڵ د. قاسملوو تێرۆر کران، هەروەها بۆ دۆستی من سادق شەرەفکەندی. بەو هیوایە کە سەرەنجام عەداڵەت لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پەروەندانەدا ئێجرا بکرێ و ئەو نادادییەی پاش مەرگیان لە ئارادا بووە، کۆتایی پێ بێ. هیوادارم رێورەسمێکی سەرکەوتوو بگرن. ئاواتەخوازیشم کە دۆستانی کوردم میرات و بیروباوەڕی ئەو گەورە پیاوانەی مێژوو قەدریان دەزانێ، بەکار بێنن.

فرانسواز بریە

## چەند بەشێک لە پەیامی ماتیاس دیپپێندالە، لە پارلمانی فلێمیشەکان

ئێوارەباش

دۆستانی بەرێز:

ناوی من ماتیاس دیپپێندالەیە، بەتازەگی وەک نوێنەر بۆ پارڵمانی فلێمیشەکان لەسەر لیستی ئێئتێلافی تازەی فلێمیش هەڵبژێردراوم. وەک دەستیاری پارڵمانی پێشووی خانمی فریدا برێپولز، ئەندامی پارڵمانی ئورووپا لە سەر لیستی ئێئتێلافی تازەی فلێمیش، خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم کە ئەورۆ لە خزمەت ئێوەدام لە بیستەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتۆر عەبدوڵرەحمان قاسملوو. فریدا برێپولز گەلێک بە پەرۆشە کە ئەورۆ بە هۆی بەشداری لە کۆبوونەوەی ئینتێسابی پارڵمانی تازەی ئوروپا لە ستراتسبورگ نەیتوانیوە لەم مەراسیمە حازر بێت. بۆیە داوای لە من کرد تا هەڵگری پەیامی پشتگری ئەو بۆ ئێوە بەرێزان بم.

ڕاست ٢٠ ساڵ لەوە پێش، دوکتۆر قاسملوو سکرتێری پێشووی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، بە شێوەیەکی دڕندانە کوژرا. لەکاتی قەتڵ دوکتۆر قاسملو و ٢ هاورێی کوردی دیکە، خەریکی وتوویژ بوون لە سەر مەسەلەی کورد لە ئێران بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی ئاشتیخوازانە. لە ئاخرێیەکانی مانگی نوامبری ساڵی ١٩٨٩، دادگای ئۆتریشی حوکمی گیرانی ئەو سێ نوێنەرە ئێرانییەی کە بۆوتوویژ هاتبوون، دەرکرد و دەوڵەتی ئۆتریش، دەوڵەتی ئێرانی بە دەست هەبوون لەو تێرۆرە دا تاوانبار کرد. جگە لەوە، بەڵگە تازەکان نیشان دەدن کە رێبەرە رەدەبالاّکانی رێژیمی ئێران، دەوری گرینگیان هەبووە لەو تێرۆرە. بەلاّم بەبێ لە بەر چاو گرتنی ئەو بەڵگانە، دەوڵەتی ئۆتریش پەروەندەکەی بە بێ ئاکام بەستوە.

ئێمە بە تەواوی بە دژی ئەو هەڵسوکەوتەین کە هەموو پرینسیپەکانی حکوومەتی قانوون و دێمۆکراسی لە ژێر پێ دەنێ. بۆیە، فریدا برێپۆلز و ئێئتێلافی تازەی فلێمیش بە تەواوی خوازیاری کردنەوەی پەروەندەکە واتە لێپرسینەوە لە سەر تێرۆری دوکتۆر قاسملووین. ئێمە پێمان وایە یادکردنەوەی بیستەمین ساڵوەگەڕی تێرۆر و ئەو ئێعتێرازانەی نێوخۆیی بە دژی رێبەری ئێران، دەرفەتێکی باشە بۆ ئاشکرا کردنی راستییەکان. دەوری ڕاستەقینەی سازمانی ئەمنییەتی ئێران و رێبەری ئێستان ئێران دەبێ بۆ خەڵک روون بکرێتەوە.

## لۆرد ئێڤیبێری ئەندامی ژووری لۆردەکانی پارلمانی ئینگلستان:

**زۆر بە داخم کە ئیمکانی بەشدار بوونم لە خۆپێشاندان و کۆڕیادی بیستەمین ساڵوەگەڕی دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی کە بە شێوەیەکی درندانە و خەیانەتکارانە لە رۆژی ١٣ی ژوویەی ١٩٨٩ لە ڤییەن لە ولاّتی ئۆتریش بە دەستی حاکمانی ئێرانی شەهید کران، لە رێگای ئەم پەیامەوە هاوکاری و پشتیوانیی خۆم لە رێکخراوەکەتان بۆ ئەو هەنگاوە گرینگە رادەگەیەنم.**

**ولاّتانی یەکیەتیی ئورووپا دەبێ بەڵگەی پەیوەندیدار بە تیرۆری دوکتور قاسملوو و نەیارانی ناسراوی دژی رێژیم کۆو بلاّو بکاتەوە. هێندێك لە قاتلاّنی، بە کرێگیراوانی ئێرانیی ناسراون و زانیارییش لە سەر شەهید کردنی دوکتور قاسملوو هەیە. پێویستە هەموو بەڵگەو قسەی شاهیدان و دوکۆمێنتەکان و ئەو بەڵگە و مەدرەکانەی کە لەم دوایانەدا هاتنە بەرچاو کۆبکرێنەوە بۆ پەروەندەیەکی هاوبەش کە رۆژێك هەم قاتلاّنی بەکرێگیراو و لەویش گرینگتر کە کاربەدەستان و رێبەرانی رێژیمی ئێران بکێشرێنە پای محاکمەو عەدالەت.**

## بورهان جاف

## نوێنەری هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئوورووپا

دکتۆر قاسملۆ ڕێبەرێکی کاریزماتیك و سیاسەتمەدارێکی بلیمەت بوو کە بە درێژایی ژیانی بەردەوام بوو لە خەبات کردن بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادی بۆ گەلەکەی، بۆ ئەو مەبەستەش هەمیشە هەڵگری بیر و پەیامێکی ئاشتیخوازانە بوو. شەهیدکردنیشی لە سەر مێزی گفتوگۆ لە کاتێکدا کە ئەو لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیخوازانەی کێشەی گەلەکەی بوو، گەواهیەکی حاشاهەڵنەگری ئەو ڕاستییەیە.

یاد کردنەوەی قاسملۆی نەمر ئەوەشمان دەهێنێتەوە یاد کە برایەتی و تەبایی ناوخۆ و خەباتکردنی سەردەمیانە لە پێناوی بەدیهێنانی دیمۆکراسی و ئازادی، تاکە زامنی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانمانە.

دریژەی

# هاوپێوەندیی حیزب و کەسایەتییە ئێرانی و رۆژئاواییەکان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان

## پەیامی
## د. بێرنارد گرانژۆن

دۆستانی خۆشەویست!

چەند سەختە بێنینە پێش چاوی خۆمان کە بیست ساڵ لەمەوبەر رەفیقی رێگامان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، ئاخرین سەعاتەکانی بەسەرهاتی سەر ئەم دنیایەی خۆی تێپەڕ دەکرد. بیست ساڵی رەبەق چەند زوو تێپەڕی، بەتایبەت کە کار و ئەندێشەکانی قاسملوو ئێستاش هەموو رۆژێ لە یاد و زەینماندا حازرن. لە جیهانی لەبەریەک ترازاوی ئەمڕۆدا، بیر و باوەڕی دوکتور قاسملوو لە هەموو دەمێک زیاتر پێویستە. ئاخر عەبدولڕەحمان قاسملوو تەنیا سەرکردەی گەورە و قارەمانی مەزن بۆ هەموو گەلی کورد نەبوو، بەڵکوو ئەو وەك سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی مەعنەوی بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەمێنێتەوە : مەگەر پرەنسیپەکانی قاسملوو بۆ دێموکڕاسی و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ تەنانەت لە کاتی شەڕدا ئەمڕۆ زۆر کەس و لایەن نایلێنەوە؟ مەگەر ئەو فیدرالیزمەی ئەو بۆ چارەسەری پرسی گەلەکەی داوای دەکرد لانیکەم لە پارچەیەکی کوردستاندا لە حاڵی وەدی هاتندا نیە؟ مەگەر مەسەلەی کورد خەریک نیە ببێ بە پرسێکی هەمیشە حازر لەسەر شەترەنجی سیاسی؟ مەگەر یەکێتیی گەلی کورد با هێشتا وەدییش نەهاتبێ لە هەموو کاتێک پێویستتر نیە؟ لە سەرەتای بزوتنەوەی رزگاری لە ئیستعمار لەو ناوچەیەدا کە ئەودەم "هیندوچین"یان پێ دەگوت، ژنراڵ لوکلێرک دەیگووت "بە تیرباران دەکرێ مرۆڤێک بکوژین، بەڵام بە تیر باران ناتوانین بیرێک بکوژین". ئەو وتەیە کە مێژوو راستی و دروستی‌یەکەی سەلماند، لە هەموو کەس زیاتر لەگەڵ دوکتور قاسملوو دێتەوە. چونکە زۆر دوای تێرۆری ترسنۆکانەی قاسملوو، ئۆلگۆی قاسملوو و بیری قاسملوو هەروا ئێمە رێنمایی دەکا و مرۆڤایەتی سوودی لێ دەبا. بە هەژانێکی زۆرەوە، خۆم و هاوکارانم لە پزیشکانی جیهان، بۆ جارێکی دیکە هاوبەشی تازیەتان دەبین و وێڕای پشتیوانیمان لە خەباتی رەواتان هەستی دۆستانەی خۆمانتان پێ رادەگەیەنینەوە.

دوکتور بێرنارد گرانژۆن

سەرۆکی پێشووی رێکخراوی پزیشکانی جیهان ژوئیەی ٢٠٠٩

## پەیامی
## حیزبی چەپی سوێد

Vänsterpartiet

رۆژی ١٣ جولای ١٩٨٩، دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملو، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڤیەن تێرۆر کرا. دوکتۆر قاسملو بە هۆی بەرهەڵستکاریی حیزبەکەی بە دژی رێژیمی ئێران ناچار بە ژیان لە تاراوگە کرابوو.

بێ گومان قەتڵی دوکتۆر قاسملو کارێکی ترسنۆکانە و قیزەون بوو، بەڵام ئەو راستی‌یە کە ئەم کارە لە پەراوێزی وتووێژی ئاشتی‌یانە لە نێوان دەوڵەت و لایەنی بەرهەڵستکاری کورد ئەنجام درا بەڵگەیەکە بۆ ئەو راستی‌یە کە رێژیمی ئێران خۆ لە هیچ ئامرازێک بۆ پاراستنی پاوانی دەسەڵات ناپارێزێ.

بەڵام تێرۆری دوکتور قاسملو کردەوەیەکی دەگمەن نەبوو. رێژیمی ئێران رایەڵەیەکی سیخوڕ و بەکرێگیراوانی لە دەوری دونیا پێک هێناوە بۆ چاودێریی، ترساندن و جار جار بۆ کوشتنی نەیاران لە تاراوگە دا.

لە ٢٠ ساڵی رابردوودا ١٣ جولای رۆژی رێزگرتن لە یادی دوکتۆر قاسملو بووە. ئەمساڵ ئەم یادکردنەوە هاوکاتە لە گەڵ رووداوی بەرچاو لە ناوخۆی ئێراندا. ئێمە شاهیدی جیددیترین ململانێ لە گەڵ رێژیم بووین. سەدان هەزار و لەوانەیە بە میلیۆنان خەڵک شەقامەکانیان پڕ کردووە و داوای ئازادی و دێموکراسی دەکەن. کردەوەکانی رێژیم باس لە نائومێدی پەرەئەستێنەری حکومەت دەکەن و رۆژ لە گەڵ رۆژ سەرکوتی خەڵک توندوتیژتر دەکەن. هێزە لیباس شەخسیەکان شەوانە ماڵە و ماڵ دەکەن و لاوەکان دەستبەسەر دەکەن. بەشێکیان دەکەونە بەندیخانە بەدنێوەکانی رێژیم و لەوێدا دەکەونە بەر ئازار و ئەشکەنجە. ئەوەی کە جێگای نیگەرانی‌یە ئەوەیە کە چارەنوسی بەشێک لە گیراوەکان نادیارە بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەوان ئیعدام کرابن.

هاوپشتیی خەباتی دێموکراسیخوازانە دەبێ درێژەی هەبێ و پشتیوانی ناونەتەوەیی دەبێ بەهێز بکرێ. ئەوانەی کە گیانی خۆیان بە دەربڕینی نارەزایەتی بە دژی دیکتاتۆری دەخەنە مەترسی‌یەوە دەبێ بزانن ئەوان پشتیوانی تەواوی دونیای دەرەوەیان لە گەڵە. رێژیم دەبێ بزانێ کە تاوانەکانی ئەوان بە شاراوەیی نامێنێتەوە. زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان دەبێ ئازاد بکرێن و خەڵک دەبێ رێگای دیاری کردنی داهاتووی خۆیان پێ بدرێ.

ماتس ئەیناشۆن

بەرپرسی پەیوەندی‌یە ناونەتەوەیی‌یەکان و ئەندامی بەرێوەبەریی حیزب

ستۆکهۆڵم ٧ جولای ٢٠٠٩

## پەیامی
## پییەر مۆروا، سەرۆک وەزیری فەڕانسە لە سەردەمی فڕانسوا میتران بۆ رێوڕەسمی بروکسێل



دۆستانی خۆشەویست! هەڤاڵان! کەسایەتییەکان! پارلمانتێران! لەبابەت ئەوە کە بە هۆی کۆمەڵێک قەراری زۆر لەوە پێشەوە دیاریکراو ناتوانم ئەمڕۆ لەنێوتان بم زۆر بەداخم. هەر بۆیە بە پێویستم زانی پەیامێکتان بۆ بنێرم بۆ رێزگرتن لە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو. قاسملوو بیست ساڵ لەمەوبەر لە رۆژی ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ لەکاتێکدا تێرۆر کرا کە لە ڤیەن لەگەڵ نێردراوانی رێژیمی ئێران بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە ئێران وتووێژی دەکرد.

چونکە بەڵێ، قاسملوو مرۆڤێکی ئاشتیخواز بوو. قاسملوو کە هەر دوای دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥ ببوو بە ئەندامی ئەو حیزبە، هەرگیز لە خەبات بۆ عەداڵەتی زیاتر بۆ کوردەکان و بۆ ئاشتیی نێوان گەلان نەسرەوت. بەڵام هەر لەو کاتەشدا ئەو هەمیشە توندوتیژیی کوێر و تێرۆریزمی رەت کردەوە. ئەو شاهیدی دامەزرانی یەکەمین کۆماری کورد لە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦دا ببوو. کۆماری کوردستان سەرکەوتنێکی کورتخایەن بوو، چونکە کۆمار لە ساڵی ١٩٤٧دا نوقمی خوێن کرا. قاسملوو دواتر بۆ خۆ پاراستن لە مەترسیی کوشتن کە بەدوایەوە بوو تووشی تەبعید بوو، بەتایبەتی لە پاریس و لە پراگ کە لەوێ پاش تەواو کردنی خوێندن بوو بە مامۆستا. ئەمن قاسملووم وەک مرۆڤێکی بەفەرهەنگ لەبیرە. ئەو فەڕانسەی باش دەناسی، بەتایبەتی کە لە پاریسیش دەرسی خوێندبوو و لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٦ و ١٩٧٨ لەوێش دەرسی گوتبۆوە. ئەوەشم لەبیرە کە ئەو پیاوێکی قسەخۆش و ئاشقی ژیان بوو. چارەنووسی من و ئەو زۆر جار لە فەڕانسە تووشی یەك دەبوون. بۆ نموونە لە کاتی کۆنگرەکانی ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست کە فورسەتێک بوو بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەین و هەروەها لەو کۆنگرانەی حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە کە ئەو تێیاندا بەشدار دەبوو. بەتایبەتی بیرەوەریی کۆنگرەی شاری "لیل"م لەبیرە کە ئەودەم ئەمن شارەداری ئەو شارە بووم و لەوێ پێشوازییم لە د. قاسملوو کرد. ئەو ئەگەر مابا رۆژی ٢٢ی دیسامبر داهاتوودا دەبوو بە ٧٩ ساڵ. بەڵام با بێینەوە سەر باسی خەبات و تێکۆشانی وی. قاسملوو ژیانی خۆی لە رێی ئامانجێک دانا، ئامانجی بەرەسمییەت ناسینی مافەکانی گەلەکەی، ئامانجی رێگەدان بە کوردەکان بۆ ژیان لە کەرامەت و ئاشتی و ئازادی و گەشەکردنی هۆویەتییاندا. لەنێو هەموو بەسەرهاتە تراژیکەکانی ئەم سەدەیەدا، بەسەرهاتی گەلی کورد یەکێک لە دڵتەزێنترینەکانە. دراوسێکانیان زۆر جار بە هەڵەیان بردوون، رێبەرانیان هێندێک جار لێکیان دابڕاندوون، و خەباتگێرانی رێگای سەربەخۆیی‌یان کوژراون. نابێ لە بیرمان بچێ کە تەنیا سێ ساڵ پاش تێرۆری عەبدولڕەحمان قاسملوو، د. سادق شەرەفکەندی، کە لە دوای قاسملوو بوو بە سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، ئەویش تێرۆر کرا، ئەمیان ئەمجارە لە بێرلین لە کاتێکدا کە هاتبوو لە کۆنگرەیەکی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا بەشدار بێ. ئەویش مرۆڤێکی تێگەیشتوو بوو و نیشانی دابوو چەندە بوێرە. ئێستا کە رێز لە یادی دوکتور قاسملوو دەگرین ناتوانین یادێکیش لەو هەموو ژن و پیاوە ئێرانییانە نەکەینەوە کە هەر ئەمڕۆ لەنێوخۆی ئێراندا بۆ هەمان ئەو ئیدئالانە خەبات دەکەن کە دوکتور قاسملوو خەباتی بۆ دەکردن. دڵنیام ئەگەر ئێستا د. قاسملوو مابا، بە دیتنی ئەو بزووتنەوە خەڵکییەی ئێستا لە ئێران وە ڕێ کەوتوە شاگەشکە دەبوو و جارێکی دیکە لێهاتوویی خۆی دەخستە خزمەت هاونیشتمانانی خۆی کە لە راستیدا ئەوانیش قوربانیی دەستی هەمان سەرکوت و زەبر و زەنگن. لە کۆتاییدا، دەمەوێ گەرمترین هەستی دۆستایەتی و وەفادارییی خۆم بۆ هاوسەرەکەی هێلێن و بۆ هاوڕێ و هەڤاڵەکانی بنێرم. بۆ ئێوەش هەر هەمووتان کە ئەمڕۆ لە بروکسێل کۆبوونەتەوە برایانەترین سڵاوەکانی خۆمتان بۆ رەوانە دەکەم.

## پەیامی
## باقر موئمینی، نووسەرو لێکۆڵەر،



بیست ساڵ لە تیرۆری هاوڕێی خوشەویستمان عەبدولڕەحمان قاسملوو بە دەست مرۆڤکوژە جینایەتکارەکانی "کۆماری ئیسلامی" رابرد. نە بیرەوەریی ئەو خۆشەویستەو نە ئەم تاوانە مێژوویی‌یە، نابێ هیچ کات لە بیر ئێمە بچێتەوە.

ئەم کارە، جگە لە وەبیر هێنانەوەی بەردەوامی ناوو بیرەوەریی ئەو کەسایەتییە، بە رێزگرتن و رەچاو کردنی ئەندیشەو بۆچوونەکان و فێر بوون لە خوو وخدە مرۆیی و خەباتگێڕانە و ئاگایانەکانی ئەو، مسۆگەر دەبێ. پێویستە رێوشوێنی ژیرانە و ئێراندۆستانەی ئەو، درێژەیێ‌پێ بدەین و بەم جۆرە یادی وی هەموو کات بەرز رابگرین.

بە هێزو بەردەوام بێ خەباتی کوردان و درێژەدەرانی رێگای قاسملوو بۆ ئازادی و بەختیاریی گەلی کورد و سەرجەم خەڵکی سەرانسەری ئێران.

چەند بەشێک لە قسەکانی

# مارک کراڤێتس کەسایەتیی ناسراوی فەڕانسەویی دۆستی د. قاسملوو

دۆستایەتیی نێوان من و دوکتور قاسملوو مەودایەکی دە ساڵەی نێوان ژوئیەی ١٩٧٩ و ژوئیەی ١٩٨٩ دەگرێتە خۆی. ئەو وەختە من وەک رۆژنامەوان بۆ رۆژنامەی لیبراسیۆنی فەرانسە کارم دەکرد و لە یەکەم مانگەکانی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران‌دا چووبووم بۆ ئێران. ئەو وەختە فەزای سیاسیی ئێران لە جۆش و خرۆشێکی زۆر دابوو. ئەگەرچی ئەو وەختە خەڵک و زۆر لایەن پێیان وابوو کە ئەو دەسەڵاتە ئیسلامی‌یە رەنگە رادەیەک لە دێموکڕاسی وەبەرچاو بگرێ، بەڵام رێژیم زۆر زوو روخساری سەرکوتکەرانە و دژە دێموکڕاتیکی خۆی نیشان دابوو. هەموومان لەبیرمانە کە خۆپێشاندانی ژنان لە هەشتەمی مارسی ئەو ساڵەدا لەگەڵ چ دژکردەوەیەکی کاربەدەستانی تازە بەرەوڕوو ببوو. بەڵام ئەوە لە کوردستان بوو کە توندو تیژترین سەرکوت لەلایەن ئەو رێژیمەوە بەکار برا کە لەو پێوەندی‌یەدا رەفتاری ئاخوند خەڵخاڵی بۆ هەمووان ناسراوە. لە جەرگەی شەڕی کوردەکان و دەسەڵاتبەدەستانی تاران‌دا بوو کە من بۆ یەکەم جار چووم بۆ کوردستان و لە مەهاباد پێشمەرگەکان بردیانم بۆ لای دوکتور قاسملوو. هەر لەو چەند رۆژەی سەرەتادا کە لەوێ مامەوە و لەگەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم، شاهیدی دوولایەنییەکی زۆر جوان و سەرسوڕهێنەر لە شەخسییەتی ئەو رێبەرەدا بووم. کەسێکم دەدی کە لەلایەک وەک سەرکردەیەکی کوردی قاڵبووی نێو کۆمەڵی کوردەواری شۆڕشی چەکدارانەی کوردەکانی رێبەری دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە پیاوێکی ئورووپا دیتووی یەکجار ئاگا و بە فەرهەنگم بەدی دەکرد. د. قاسملوو زۆر شتی کولتوری فەڕانسەی لە من باشتر دەناسی. بۆ نموونە ئەو شەڕابناسێکی نموونەیی بوو.

ئاخر جار کە من و عەبدولڕەحمان قاسملوو لە پاریس یەکتریمان دیتەوە تەنیا چەند رۆژێک پێش تێرۆر کرانی بوو. من لەبیرمە د. قاسملوو لەو رۆژانەدا کە دوایین رۆژەکانی ژیانی بوو حاڵەتێکی تایبەتیی هەبوو. ناکرێ بڵێین د. قاسملوو لەو کاتەدا زۆر گەشبین بوو. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئارامش و متمانەیەکی تایبەتیی تێدا ساز ببوو، ئەوەش بە هۆی هەلومەرجی تازەی پاش مەرگی خومەینی و معادلاتی تازەی سیاسی. چەند رۆژێک پاش تێرۆرەکە من بۆ ئامادەکردنی ریپۆرتاژێک چوومە ڤییەنی ئوتریش و لەوێ توانیم چاوپێکەوتنێکی تایبەتییم لەگەڵ یەکێک لە بەرپرسانی پایەبەرزی سرویسی دژە تێرۆری دەزگای زانیاریی ئەو وڵاتە هەبێ. لەو دانیشتنەدا ئەو لێپرسراوە ئوتریشی‌یە زۆر وردەکاریی بەنرخی ئەو رووداوەی بۆ من باس کرد. ئەو وەختە من زۆر خۆشحاڵ بووم و لە دڵی خۆمدا گووتم ئەگەر رۆژنامەوانێک بتوانێ ئاوا بە ئاسانی دەستی بە زانیاری‌یەکانی ئەو تێرۆرە را بگا، کەوابوو بەدواداچوونی قەزاییی ئەو کارەساتە کارێکی ئاسان دەبێ. کەچی بەداخەوە دواتر ئەوە رووی دا کە دیتمان و تاوانەکە سەرپۆش کرا.

ئێستا باسی فاکتی تازە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو تێرۆرەدا دەکرێ. هەر لە یەکەمین رۆژەکانی پاش تێرۆرەکەدا زۆر زوو دەرکەوت کە دەستنیشان کردنی بەرپرسیارانی ئەو تاوانە کارێکی سەخت نییە. تەنانەت دەتوانم بڵێم کە ئەگەر ئەو زانیارییانەی من ئەودەم لەو چاوپێکەوتنەی ڤییەن‌دا یادداشتم کردن و فاکتە تازەکان بەرامبەری یەکتر بکەینەوە، بە ئاسانی دەبینین کە مەحموودی ئەحمەدی نژاد یەکێک لە بەشدارانی بەڕێوەبردنی پیلانی ئەو جینایەتە بووە. سەرنجڕاکێش دژکردەوەی سەرانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندی‌یەدایە کە ئەو فاکتانەیان بە درۆ و دەلەسە داناوە و تەنانەت گوتوویانە ئەو پارلمانتێرە ئوتریشییەی ئەو شتانەی زەق کردۆتەوە بۆیە ئەو کارە دەکا چونکە جوولەکەیە.

لە کۆتاییدا پێم خۆشە تایبەتمەندیی هەرە سەرنجڕاکێشی د. قاسملوو لە روانگەی ئێمەوە وەبیر بێنمەوە. ئەویش ئەوە کە د. قاسملوو لە ناوچەیەکدا رێبەرایەتیی خەباتێکی سەختی دەکرد کە توندوتیژی تێیدا حاکم بوو. بەو حاڵەش د. قاسملوو قەت حازر نەبوو مێتۆدی تێرۆریستی و توندوتیژیی کوێر لە بەڕێوەبردنی خەباتی گەلەکەیدا بگرێتە بەر، هەرچەند بۆخۆی زۆر جار دەیگوت کە خودی رەعایەت کردنی ئەو ئەسڵە لەباری دەنگدانەوەی خەباتی گەلەکەیدا بە زیان بووە. بەڵام بەو حاڵەش ئەو هەرگیز پەنای بۆ تێرۆریزم نەبرد. بەداخەوە بەپێچەوانەی د. قاسملوو، دژمنانی قاسملوو پەنایان بۆ تێرۆریزم برد.

# دەقی وتاری مەهدی خانبابا تارانی

## لە ڕێوڕەسمی بیستەمین ساڵڤەگەڕی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە بەرامبەر پارلمانی ئورووپادا

***خانمان! ئاغایان! بەشدارانی بەڕێز!***

من ئەمڕۆ بۆ ڕێز گرتن لە هەڤاڵ و هاوخەباتی دێرینم دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، کە بیست ساڵ لەمەوبەر لەم ڕۆژەدا لە ڤییەن، پێتەختی ئوتریش، وێڕای عەبدوڵلا قادری ئازەرو دوکتور فازل ڕەسووڵ مەحموود لە سەر مێزی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کران، هاتووم بۆ ئێرە تا لە بەرامبەر پارلمانی ئورووپاو بە بەشداریی ئێوە، هاواری دادخوازیم بە گوێی نوێنەرانی پارلمانی ئورووپا بگەیەنم.

قاسملوو لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩، لە حاڵێکدا تیرۆر کرا کە بە پێی بڕوا هەبوونی بە دیالۆگ و وتووێژ بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردستان چووبووە ئەم دیدارە. سەرەڕای لە دەستدابوونی بەڵگەی حاشا لێنەکراو لە کاتی تیرۆرەکەدا، دەوڵەتی ئوتریش ڕێگەی بە پۆلیس و دەزگای قەزایی ئەم ولاتە نەدا کاری لێکۆڵینەوەو دادڕەسیی پەروەندەکە تەواو بکەن. لە ئاکامدا ئەم تاوانە بێ وێنەیە کە لە دڵی ولاتێکی دێموکراتیکی یەکیەتیی ئورووپادا ڕووی دا، بێ سزا مایەوە.

پاش تێپەڕینی ٢٠ ساڵ لەم ڕووداوە، هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران لەسەر ئەم باوەڕەن کە کردنەوەی پەروەندەی ئەم تاوانە، پێویستییەکی ئاشکراو کارێکی مومکینە. دادپەروەری و مرۆڤایەتی دەخوازن کە ڕاستیی ئەم ڕووداوە پشت ئەستوور بەو بەڵگانەی لە کاتی تیرۆرەکەدا وەدەست کەوتوون و، بە سەرنجدان بە بەڵگەو نیشانە نوێترەکان کە هێندێکیان نیشاندەری دەست هەبوونی مەحموود ئەحمەدی نژاد لەم جینایەتە دان، لە ڕێگەی سەرچاوە قانوونییەکانەوە، ئاشکرا بکرێن.

بەڕێوە چوونی دادپەروەری لەم بارەیەوە، تەنیا ڕێگەی قەرەبوو کردنەوەی بەشێك لەو بێعداڵەتییەیە کە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازانی کوردستان ڕووی دا. ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە هەنگاوێکی ئەوتۆ لە خزمەت بەرەو پێشبردنی ئامانجە دیموکراسیخوازانەکان لە ئێرانداو بە هێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ولاتانی ئورووپاییش دا دەبێ.

هەر بۆیە ئەوانەی کەمپەینی چالاك کردنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوویان لە ٢٥ی ژووئەنی ٢٠٠٩دا واژۆ کردوە، داوا لە دەوڵەتی ئوتریش دەکەن کە هەنگاوی پێویست بە مەبەستی وەگەڕ خستنەوەو بەدوادا چوونی قەزایی ئەم پەروەندەیە هەڵ بگرێ و بوار بۆ گەیشتنی ئەم پەروەندە بە ئاکامی یەکجاری و دادپەروەرانە، خۆش بکا.

من وەك یەکێك لەوانەی کەمپەینی کرانەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوویان واژۆ کردوە، لێرە لە پێشدا لە نوێنەرانی پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا و پاشان لە هەموو کۆڕو کۆمەڵ و کەسێکی ئۆگری پرسی کوردان و دێموکراسی لە ئێرانداو، لە هەموو پشتیوانانی ئاشتی و ئازادی و دادپەروەری لە جیهان داوا دەکەم کە بە واژۆکردنی ئەم داخوازینامەیە، پشتیوانی لە کەمپەینی چالاك کردنەوەی پەروەندەی تیرۆری قاسملوو بکەن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کاتێك شەوی ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩، دۆستێك لە شاری ڤییەنەوە هەواڵی کوژرانی قاسملووو هاوڕێیانی ئەوی دامێ، لە زمان کەوتم. چونکە نەمدەتوانی باوەڕ بکەم کە ڕەحمانی قاسملوو، هاوڕێی باش و هاوخەباتی لە مێژینەم کە لە ساڵی ١٩٥٢ەوە، لە ڕێگەی ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا ببوومە هاوڕێی، لە پڕ بە گوللەی ڕق و بەو شێوازەی کە سەربازانی بێ ناوونیشانی ئیمامی زەمان لە دەزگای حوجەتولئیسلامە خوێنمژەکان، بە باشی فێری بوون، لە خوێن گەوزاوەو عەبدوڵلا قادری ئازەرو فازل ڕەسووڵ مەحموودیش لەگەڵ ئەودا سەریان ناوەتەوە.

ئەو شەوە هەتا بەرە بەیانی ماتەم دایگرتم و لە درێژایی شەودا، نوقمی بیرەوەرییە دوورو نزیکەکان و هەورازو نشێوەکانی خەباتی

**قاسملوو کەسایەتییەك بوو کە ئیدەکانی سۆسیال دێموکراسیی بۆ یەکەم جار لە کوردستاندا بڵاوکردەوەو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی بردە نێو پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و دامەزراوەی ئەنتیرناسیونال سوسیالیزم**

هاوبەشی ڕابردوومان بووم. من قاسملووم هەموو کات لەبەر چاوی خۆم وەك خەدەنگێکی بە پێوە دیتبوو. نەمدەتوانی باوەڕ بکەم کە ئیدی ئەو لە نێوماندا نامێنێ و، لەمەودوا هاوسەرو جگەرگۆشەکانی و ژنان و پیاوانی دلێری کوردستان و خەباتکارانی بەرەی ئازادیی ئێران لە بەرەکەتی دیدارو دەستی بەهێزو بیری داهێنەرو بنیاتنەری ئەو لەو ڕێگەیەدا کە لە پێشیانە، بێبەش دەبن.



قاسملوو بەرهەمی نەوەیەك بوو کە لە پێناوی بنیاتنانی جیهانێکی شەریف و کەماڵدا هەموو دەرگایەکیان کوتا. ئەو لە هیچ هەوڵێك لە ڕێگەی وەدیهێنانی ئامانجی بەرزی مرۆیی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئازادی و خودموختاریی مرۆڤەکان درێغی نەکردو تا دوا ساتەکانی ژیانی پڕ بەرهەمی خۆی، ساتێك لە کارو هەوڵدان لە پێناوی خەونی نەمری دنیایەکی باشتردا نەوەستا. قاسملوو یەکێك لە پڕ کارترین، داهێنەرترین و بوێرترین ڕووناکبیرانی سەربەخۆی شۆڕشگێڕی سەردەمی خۆی لە ئێران و ناوچەدا بوو.

قاسملوو کەسایەتییەك بوو کە ئیدەکانی سۆسیال دێموکراسیی بۆ یەکەم جار لە کوردستاندا بڵاوکردەوەو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی بردە نێو پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و دامەزراوەی ئەنتیرناسیونال سوسیالیزم. لەبەر ڕووناکایی سیاسەتەکانی قاسملوودا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ئەندامی چاوەدێری ئەنتیرناسێونال سوسیالیزمدا وەرگیراو لەمەودواش، وەك تاقە ئەندامی چاوەدێر لە کۆنگرە جیهانییەکانی ئەنتیرناسیونالی سوسیالیزمدا بەشدار بوو.

بە دوای ئەم حەرەکەتە سیاسییە ئاگایانەیەدا بوو کە حیزب لە بازنەیەکی ناوچەیی هاتە دەرو چووە نێو دامەزراوێکی ناسراوی جیهانی. قاسملوو هێنانە گۆڕو چارەسەری پرسی کوردستانیشی لە چوارچێوەی چارەسەری سیاسیی پرسی دێموکراسی لە ئێراندا خستبووە ڕووو، بە دانانی دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، وەدیهێنانی سیاسەتی دێموکراسی بۆ ئێرانی خستبووە پێشەوەو، ڕێگەچارەی ئەم پرسەشی لە هاوهەنگاوی‌و پێوەندی لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە دێموکراتیکە سەرانسەرییەکانی ولاتدا دی. لەسەر ئەم بناغەیە، سیاسەتی هاوپەیمانی لەسەر بناغەی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی نەتەوەیی ئێرانی گرتەبەرو، لەم ڕوویەوە، هەوڵی پێکهێنانی شووڕای بەرگریی نیشتمانییدا. کاتێکیش ئەم شووڕایە لە ڕێگەی هاوپەیمانییەکی نەتەوەیی و دێموکراتیك لای دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە چەپەکان و کەسایەتییە دێموکراتەکانی ئەندامی شووڕا، ئەم دامەزراوەی بەجێهێشت.

لەم دەرفەتە کورتەدا ناچارم تەنیا سەردێڕی ئەو سیاسەتانەی قاسملوو بخەمەوەڕوو کە بە بڕوای من بە دەسکەوت و بە واتایەکی دیکە بە میراتی فەرهەنگی سیاسیی ئەو بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و دێموکراتیکی ئێران و نەسلی لاو، دەژمێردرێن.

لەوانەیە باوەڕ پێکردنی بۆ هێندێك چاوەدێری سیاسیی نێوخۆیی و دەرەکی زەحمەت بێ کە قاسملوو، سەرەڕای ئەوەی بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی ڕێبەری دەکرد، بەڵام هەر لە جێداو، لە سیاسەتکردنی خۆیدا لە پێشدا بیری لە چارەسەری ئاشتیخوازانە دەکردەوەو، هەر دەرفەتێکی بۆ چارەسەری گرفتەکان و پرسە سیاسییەکان بۆ هاتبا پێش، هەوڵی دەدا کارەکە لە ڕێگەی دیالۆگ لەسەر مێزی وتووێژ بگەیەنێتە ئەنجام. ئەو، هەمیشە پێی دادەگرتەوە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی دەست لە سەرکوتی چەکدارانە هەڵ بگرێ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامادەیە لەگەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بکەوێتە دیالۆگ و وتووێژ. ئەو ڕوونی دەکردەوە کە "ئێمە هەرگیز لایەنگری پەنابردن بۆ توندوتیژی و کەڵکوەرگرتن لە چەك نین‌و، ئەگەر پەلاماری نیزامیمان نەکرابایە سەر، دوای سەرکەوتنی شۆڕش ناچار نەدەبووین بۆ داکۆکی لە خۆمان، پەنا بۆ بەرگریی چەکدارانە

**من وەك یەکێك لەوانەی کەمپەینی کرانەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوویان واژۆ کردوە، لێرە لە پێشدا لە نوێنەرانی پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا و پاشان لە هەموو کۆڕو کۆمەڵ و کەسێکی ئۆگری پرسی کوردان و دێموکراسی لە ئێرانداو، لە هەموو پشتیوانانی ئاشتی و ئازادی و داد پەروەری لە جیهان داوا دەکەم کە بە واژۆکردنی ئەم داخوازینامەیە، پشتیوانی لە کەمپەینی چالاك کردنەوەی پەروەندەی تیرۆری قاسملوو بکەن**

بەرین." قاسملوو، زۆر جاران وەبیری دێنایەوە کە "ڕێگەچارەی دڵخوازی ئێمە، وتووێژو گفتوگۆیە نەك خەباتی چەکدارانە!" هەربۆیە چەندین جار پێشنیاری ئاگربەسی دوو لایەنەی بە دەوڵەتی ناوەندی کردبوو.

خراپ نیە لێرەدا ئاماژە بە ئەزموونێکی شەخسیی خۆم بکەم کە پێوەندیی بە نێوبژیوانیی من لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی کۆمەڵەی کوردستان ئێران لە کاتی تێکهەڵچوونە چەکدارییەکانی نێوان ئەو دوو ڕێکخراوە سیاسییەوە هەیە. ئەو کات، بە هۆی ئەم تێکهەڵچوونە چەکدارییانەوە کە ببوونە هۆی کوژرانی دەیان کەس لە پێشمەرگەکانی هەر دوو لا، من بۆ خۆم دوای گفتوگۆ لەگەڵ قاسملوو، بە کۆتایی هێنانی ئەم براکوژییە، کەوتمە ناوبژیوانیکردن. لێرەدا دەتوانم شایەدی بدەم کە پاش هێنانە گۆڕی پرسی تەقەوەستاندن لە لایەن هێزە نیزامییەکانی ئەو دوو ڕێکخراوە، ئەم ئەرکەم لەسەر شان بوو کە چاوم بە عەبدوڵلا موهتەدی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی کۆمەڵە بکەوێ‌و پێشنیاری قاسملووی لەگەڵ باس بکەم. قاسملوو پێشنیاری کردبوو: "هەر ئەوەندە بەسە کۆمەڵە لە بەیاننامەیەکدا بە ئاگاداریی خەڵکی کوردستان بگەیەنێ کە پێشمەرگەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لەمەودوا تەقە لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ناکەن‌و، هێزی نیزامی‌و لوولەی چەکەکانیان، ڕووی لە دوژمنی هاوبەش دەبێ." ڕاست بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بەیاننامەیە لە لایەن کۆمەڵەوە بوو کە تەقە لە نێوان ئەو دوو حیزبەدا وەستا. بە وەبیر هێنانەوەی ئەم خاڵە دەمەوێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کە قاسملوو سەرەڕای بوونی لە ڕێبەریی ڕێکخراوێکی چەکداری کورددا کە ناچار بوو بە چەك بەرگری لە خۆی بکا، لە ڕاستیدا مرۆڤێکی ئاشتیخواز بووو، هەمیشە ڕێگەچارەی ڕاستەقینەی پرسە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانی لە وتووێژدا دەدی. لەسەر بناغەی ئەم بیرکردنەوەیە بوو کە گیانی ئازیزی خۆشی لە سەر دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسەکانی کوردستان داناو، کۆنەپەرستیی مەزهەبی بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لەم هەستە مرۆیی‌و مەدەنییەی ئەم گەورە پیاوە، جینایەتێکی ئەوتۆی ئەنجام دا کە مێژووی سیاسیی ئێران هیچ کات لە بیری ناباتەوەو، هەروەك پەڵەیەکی شوورەیی هەمیشە بە داوێنی نیزامی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهەوە دەمێنێتەوە.

سەرەڕۆیی مەزهەبیی دەسەڵاتدار لە ئێران لە خۆڕا پێی وابوو کە بە کوشتنی قاسملووەکان دەتوانێ حەرەکەتی نەسلی لاوی ولاتەکەمان بەرەو ئازادی، پێشکەوتن‌و ڕزگاری لە سەرەڕۆیی بوەستێنێ. بەڵام بزووتنەوەی شانازیخوڵقێنی خەڵکی ئێران بە تایبەتی نەوەی لاو لە جۆزەردانی ئەمساڵدا، بە بڕوای من شوێنەواری کاریگەریی ئەندیشە ڕیئالیستییە سیاسی و مەدەنییەکانی سیما پڕشەنگدارەکانی وەك قاسملوو لە فەرهەنگی سیاسیی کۆمەڵگەی ئێران‌و لە نێو نەسلی لاوی نیشتمانی ئێمەی پێوە دیارە. کەڵکوەرگرتنی نەوەی لاو لە ڕێگەو میتۆدی ئاشتیخوازانەو مەدەنی لە خەباتی کۆمەڵایەتی دا لە لایەك‌و، هاوپێوەندیی هێزە سیاسییە جۆراوجۆرەکان لە بەستێنی بزووتنەوەیەکی هاوهەنگاو بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتدارێتیی خەڵك بە دروشمی "ناترسین، ناترسین، ئێمە هەموو پێکەوەین" لە لایەکی دیکەوە، لەم ١٠ ڕۆژەدا کە دنیای هەژاند، نیشانەی گەشەکردنی بیروبۆچوونە سیاسییەکانی قاسملووەکان لە دوورەدیمەنەی سیاسیی ئێران دان. یادی بەخێرو ڕێگەی پڕ ڕێبوار بێ.

# وتاری هاوڕێ مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب
# لە کۆبوونەوەی بەردەم کۆمیسیۆنی ئوڕووپادا

بەڕێزان نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان!
کەسایەتییە سیاسی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکان!
نوێنەرانی مێدیا جۆراوجۆرەکان، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!
بەڕێزان! بەشدارانی ساڵیادی بەشکۆی شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوو هاوڕێکانی بەگشتی!
بە ناوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە سوپاستان دەکەم کە زەحمەتتان کێشاوە هاتون تا لێرە، لە ناوەندی گەورەترین بلۆکی دیموکڕاسی لە جیهاندا کۆببینەوە تا یادی گەورە پیاوێکی شەهیدی ڕێگای ئاشتیو دێموکڕاسی بکەینەوە. هەروەها یادی دوو شەهیدی پایەبەرزی دیکەی هاوڕێی کە لە پێناوی ئاشتیدا ئەوانیش گیانی خۆیان بەخت کرد. ٢٠ ساڵ لەمەوبەر، ڕاست لەم ڕۆژەدا ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و هاوڕێیانی، لە سەر میزی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا، لە لایەن تیرۆریستانی ئەو ڕێژیمە دژی ئاشتی وتیرۆریستەوە شەهید کران.
ئەو جینایەتە سامناکە، لە نێوەڕاستی دنیای ئازادداو لە سەر میزی وتوویژ، دەبوو وەک زەنگێکی خەتەر چاو لێ بکرێ لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و دەوڵەتە دێموکراتەکانەوە. دەبوو ئەو پێشێلکارییە گەورەیەی مافی مرۆڤ، ئەو تیرۆرە ئاشکراو بێ شەرمانەیە، ئەو هەنگاوە دژی ئینسانیو دژی ئاشتییەی کۆماری ئیسلامی بێ وڵام نەمێنێتەوەو دنیای ئازاد هەڵوێستی لەبەرامبەردا بگرێو نەیکاتە قوربانیی قازانجە ئابوورییەکانی خۆی. دەبوو دەوڵەتی ئوتریش لانی کەم دیفاع لە سەربەخۆیی وڵاتەکەی بکاو ئەو تیرۆریستانە بگرێ و سزا بدا، کە لە نێوەڕاستی پایتەختەکەی ئەودا، جینایەتێکی ئاوایان خوڵقاندبوو. نەک بە خاتری قازانجی ئابووری تیرۆریستەکان ڕەوانەی ئێران بکاتەوەو سەرپۆشێکی ئەستوور لەسەر ئەو جینایەتە دابنێ و بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ ئەو پەروەندەیە، بێ بەدوادا چوون بێڵێتەوە. لە ڕاستیدا ئەوە ئەرکی دەوڵەتی ئوتریش بوو کە بە دواداچوون بکاو پەردە لە سەر ئەو جینایەتە هەڵداتەوە.



بێدەنگی لە سەر تیرۆری دوکتور قاسملوو، ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ڕوو هەڵماڵاوتر کرد. بێدەنگی لە سەر ئەو تیرۆرەو دەیان جینایەتی دیکەی دژی نەیارانی کۆماری ئیسلامی بە دوادا هات. تیرۆری شەهیدی ڕێبەری دیکەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دوکتور سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێکانی، تیرۆری دەیان نەیاری دیکەی ڕێژیم لە ئورووپا، تورکیەو عێراق بەشێکی بە خاتری ئەوە بوون کە دەستی کۆماری ئیسلامیی بۆ تیرۆرو جینایەت ئاواڵە کرابوون.
ئەو بێدەنگیی نێونەتەوەییە، کۆماری ئیسلامی سوورتر کرد لە سەر ئەوەی کە لە نێوخۆی ئێراندا بە پانەوە مافی مرۆڤ پێشێل بکا، تیرۆر درێژە پێ بدا، پشتیوانی لە تیرۆریستان بکا، لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا دەست تێوەرداو بە دوای بە دەستهێنانی چەکی ئەتۆمییەوە بێ تا هێژەمونی خۆی بە سەرناوچەو تەنانەت دنیادا بسەپێنێ.
ئێستا هەموومان شاهیدین کە وەزعی هێژەموونیخوازی و دیکتاتۆریی باڵی توند ئاژۆی ڕژیم بە جێگایەک گەیوە کە تەنانەت باڵی کەمێک ئارامترو واقیع بینتری خۆشی قەبوڵ ناکا. هەموومان شاهیدی کوشتاری لاوەکانی تارانی لە خەیابانەکانی تاران بووین، تەنیا لە سەر ئەوەی کە داوای ڕەئییەکانی خۆیان دەکرد. ئەوان تەنیا داوای ئەو ڕەئیانەیان دەکرد کە دابوویان بە کاندیداکانی خودی ڕێژیم. هەموومان چاوە پڕئاواتەکانی کچە لاوەکەی تاران، واتە خانمی ندا ئاغاسوڵتانمان دیت. هە موو ئەو ڕووداوانە سەلماندیان کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، خەتەرێکن بۆ سەر مافی مرۆڤ، بۆ سەر ئاشتیی جیهانی و بۆ سەر گەلانی ئێران و تەنانەت گەلانی دنیاش.
ئەو ڕێژیمە کاری بە جێگایەک گەیاندوە کە تەنانەت لاباڵەکانی خۆشی قەبوڵ ناکا. ڕێبەریی ڕێژیم تەنیا کەسانێک قەبووڵ دەکا کە ئامادە بن دەست بۆ هەموو جینایەتێک بەرن . هەر بۆیە بە زۆر کەسێک لە هەڵبژاردندا دەسەپێنێ، کە دەردەکەوێ دەستی هەبووە لە تیرۆردا. مەحموودی ئەحمەدی-نژاد دەستی هەبووە لە تیرۆری دوکتور قاسملوودا، هەر بۆیە ئێستا ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئاغای خامەنەیی، تەنانەت دۆستەکانی ڕابردووی خۆشی بۆ وەلا دەنێ و بە زۆر وەک سەر کۆماری ڕێژیم دەیسەپێنێتەوە.
بەڕێزان!
لە ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانیدا پێویستە جارێکی دیکە لە خۆمان بپرسینەوە کە پەروەندەی تیرۆرکرانی ئە و مرۆڤە دیموکڕات، ئازادەو وەک خۆی بێ وەک دوکتور قاسملوو و هاڕێیانی، بۆ دەبێ هەر وا بەسەر داپۆشراوی بمێنێتەوە و تاکەی بمێنێتەوە. ئێمە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بڕیارمان داوە بە کەڵک وەرگرتن لەو میکانیزمە تازانەی هاتوونە ئاراوە، پەروەندەی ئەو شەهیدە سەربەرزانە زوویندوو کەینەوەو هەوڵ بدەین لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا لەو تاوانەی کۆماری ئیسلامی بکۆڵرێتەوەو تاوانباران سەزا بدرێن. ئێمە لە هەڵمەتێکی ئیمزا کۆکردنەوەدا هەوڵ دەدەین پشتیوانییەکی بەرین بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە بەدەست بێنین. داوا لەهەموو ئێوەی بەڕێزیش دەکەین ئەو داواکاریە ڕەوایەمان لە گەڵ واژۆ بکەن. لە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستەکان، دەوڵەتە دێموکڕاتەکان، دام و دەزگا مافپارێزەکان و بە تایبەت لە یەکیەتیی ئوروپا کە هەر ئێستا کۆبوونەوەیەکی گرنگی ئەو یەکییەتییە لە نیزیک ئێمە درێژەی هەیە ، هەروەها لە دەوڵەتی ئوتریش داوا دەکەین لەو ئەرکە پیرۆزەدا هاوکاریمان بکەن و پشتمان بگرن و دیسان بە پەروەندەی ئەو تیرۆرە دژی ئینسانییەدا بچنەوە.

**دیسان سوپاستان دەکەم**

# کەشو و هەوای سەرکوتکەرانەی ئەمساڵ و
# مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان

**مەسعود ڕەواندوست**

خەڵکی کوردستان ئەمساڵ لە حاڵێکدا بەرەو یادکردنەوەی ٢٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی چوون کە بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی جینایەتی ١٣ی ژوئیەی ڤییەن، بە دوای کودیتای ٢٣ی جۆزەردانی ئەمساڵدا، مانگێك بوو شەقامەکانی تاران و ئیسفەهان و شیراز و قەزوین و زۆر شاری دیکەی ئێرانیان بە خوێنی لاوانی ئەم وڵاتە سوورکردبوو.
بیرەوەریی بیستەمین ساڵی شەهیدبوونی ڕێبەری گەورەمان، دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی کەوتە سییەمین ساڵی تەمەنی دیکتاتۆریی ڕەشی ئاخوندی. هەر لەم ساڵەشدابوو کە خەڵکی ئێران لە دەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێراندا یەکپارچە هاتنە مەیدان و "نا"یەکی گەورەی دیکەیان بە ڕێژیم گوتەوە و کاندیدای دەستنیشانکراوی وەلیی فەقیهیان ڕەت کردەوە. بەڵام بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی کە ئەزموونێکی دیکەی لەم چەشنەیان لە کارنامەی خۆیاندا هەبوو ئەمجارە بە یارمەتیی ڕاوێژکاران و کارناسانی ڕووسی لە دارشتنی نەخشەی کودیتاو بەرپرسانی ئەمنیەتی و سەرکوتکەری خۆیان پیلانێکی ڕەشیان دارشت و کودیتایەکیان لە خەڵکی ئێران کرد. بەڕێوەبەرانی کودیتا کە پێش بینیی ناڕەزایەتیی خەڵکیان دەکرد، هەر لە کاتی دارشتی نەخشەی کودیتایەکەدا هەموو هێزە سەرکوتکەرەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ڕێك خستبوو و بە تەواوی ئامادەی سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵك بوون. بۆیە هەر لە یەکەمین ساتەکانی بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵك لە کودیتاچییەکان هێزە سەرکوتکەرەکان بە چەندین ڕەنگ و فۆرم و شێوە ڕژانە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتیی هێمنانەی خەڵکیان شەلاڵی خوێن کرد. بۆ ماوەی نزیك بە سێ حەوتوو لە دوای هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردان، زۆربەی شارەکانی ئێران و بە تایبەت شارە گەورەکان و لە سەرووی هەموانەوە تاران لە دۆخێکی حکوومەت نیزامی و میلیتاریستیدا بوون. دەسەڵاتدارانی کودیتاچی بە هەر شێوەیەك لە دەستیان دەهات هەوڵیان دەدا ترس و نیگەرانی بەسەر خەڵکدا زاڵ بکەن بۆ ئەوەی نەوێرن بێنە سەر شەقام و دەنگی ناڕەزایەتیان لە ڕێژیمی دیکتاتۆر و دەوڵەتی تیرۆر و کودیتا بەرزکەنەوە.
بیرەوەریی بیستەمین ساڵی شەهیدبوونی ڕێبەری هەڵکەوتووی گەلەکەمان، هەروەها هاوکات بوو لەگەڵ ١٠ ساڵەی جینایەتی کوی دانشگای تاران. دە ساڵ لەمەوبەر لە شەوی ١٨ی پووشپەڕدا هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەدوور لە هەموو پرەنسیپە ئینسانی و نێونەتەوەییەکان هێرشیان کردە سەر شوێنی حەسانەوەی خوێندکارانی زانستگای تاران و وێڕای بەزاندنی هەرێمی پەروەردە و زانست، دەستیان کرد بە لێدان و بێ حورمەتی بە خوێندکاران و ژمارەیەکیان کوشت و دەیان کەسیان بە توندی بریندار کرد و گۆشەیەکی دیکە لە سیمای دزێوی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهیان بە خەڵکی جیهان نیشاندا. ئەم جینایەتەی ڕێژیم ناڕەزایەتی و خوپێشاندانی خوێندکارانی لێکەوتەوە و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ کۆشکی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانی وەلەرزەخست. لەو ساڵەوە تا ئێستا هەموو ساڵێ خوێندکارانی ئازا و بوێری زانستگاکانی ئێران کە هەمیشە پێشەنگی حەرەکەتە جەماوەری و ناڕەزایەتییەکان بوون، بەشێوەی جۆراوجۆر یادی کوژراو و بریندارەکانی ئەم جینایەتەی ڕێژیم بەرز ڕادەگرن و بێزاریی خۆیان لەو ڕێژیمە دەردەبڕنەوە.
بەڵام ئەم ساڵ ئەو یادکردنەوە و خۆپێشاندانانەی خوێندکاران تێکەڵ بەو حەرەکەتە گەورە و کەم وێنەیە بوو کە خەڵکی ئێران لە ٢٢ی جۆزەردانەوە دەستیان پێکردبوو، هەربۆیە ڕێژیمی سەرکوت و کوشت و بڕ کە وەك گوترا لە پێشترەوە هێزەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی وەحشیانە لەگەڵ خەڵك ئامادەکردبوو، ئەو ڕۆژە و ئەو حەرەکەتەشیان لەبیرنەکردبوو و، بە هەرچی پۆلیسیتر کردنی کەش و هەوای زانستگەکان بەرەوپیری ئەو ڕۆژەوە هاتن و لەو مەیدانەشدا و بۆ جارێکی دیکە لە ١٠ ساڵەی جینایەتی کوی زانستگای تاراندا هێرشیان کردە سەر ئەو کۆبوونەوە و خۆپێشاندانانەی بەو بۆنەیەوە لە لایەن خوێندکارانەوە پێك هاتبوون و ژمارەیەکیان لە خوێندکاران بریندار کرد و چەندین کەسیان دەسبەسەر کرد.
خەڵکی کوردستان لە کەشوهەوای پۆلیسی و سەرکوتکەرانەی دوای ئەم دوو بەرەنگارییەدا یادی ٢٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوویان کردەوە. خەڵکی کوردستان جگە لە نیشاندانی هاوخەباتی و هاوپێوەندییان لەگەڵ خەباتی سەراسەریی خەڵکی ئێران لە جەریانی ناڕەزایەتی و بەربەرەکانییەکانی دوای ٢٢ی جۆزەرداندا، دەبوایە لە بیست ساڵەی تیرۆری ڕێبەری لێهاتووی گەلەکەماندا بە حەرەکەتێکی بەرینی جەماوەری لەگەڵ شەهیدان پەیمان نوێ بکەنەوە کە تا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان دەست لە خەبات و خۆڕاگری هەڵناگرن و هەروەها بە ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامییش نیشان بدەنەوە کە تیرۆری ڕێبەرانمان و هەڕەشە و گوشارەکانی ناتوانێ توسقاڵێك ورەی گەلی کورد بۆ خەبات تا سەرکەوتنی یەکجاری دابەزێنێ. ڕێژیمیش کە سی ساڵە لە دژی خواستە ڕەواو بەرهەقەکانی گەلی کورد شەڕ دەکا، باش لەو ڕاستییە ئاگاداربوو و دەیزانی خەڵکی کوردستان بوێرانە بە پیر بانگەوازی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە دێن و خۆیان بۆ حەرەکەتێکی جەماوەریی بەشکۆتر لە ساڵانی پێشوو ئامادە دەکەن.
لە حاڵێکدا کە هەروەك باسکرا ڕێژیم پێش بینیی حەرەکەتێکی ئازایانەی جەماوەریی لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە لە بیست ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی نەمردا دەکرد، لە درێژەی ئەو شەڕە گەورەیەی لەگەڵ خەڵکی ئێرانی دەست پێکردبوو، بەشێکی زۆر لە هێزەکانی لە شارەکانی کوردستان ئامادەی بەربەرەکانی لەگەڵ خەڵك کرد و بە هەموو هێز و تواناوە و لە ڕێگەی دامودەزگا ئیتلاعاتی و ئەمنییەتی و نیزامییەکانییەوە کەوتە هەڕەشە و گوشارهێنان بۆ سەرخەڵك کە لە لایەك ئەندامانی ئازا و چاونەترسی حیزبی دێموکرات نەتوانن و نەوێرن چالاکیی تەبلیغی بەو بۆنەیەوە وەرێبخەن و لە لایەکی دیکەشەوە خەڵك نەوێرن لە مانگرتنی گشتیی کوردستاندا بەشداری بکەن. بەڵام ئەوەی خەڵکی ئێران و جیهان دیتیان پێچەوانەی ویست و ئارەزووی ڕێژیم و دامودەزگای سەرکوتی نیزام بوو. خەڵکی قارەمانی کوردستان ئەگەرچی ئەمساڵ جگە لەو کەش و هەوا ئەمنییەتییەی هەمیشە لە کوردستان هەبووە، لە سایەی ڕاپەڕین و ناڕەزایەتیی گشتیی خەڵکی ئێران و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لەو حەرەکەتە ئەو دۆخە پۆلیسی و ئەمنییەتییە دووقات توندتر بووە، بەڵام وەك

ل - ١١

# ئێران‌و ئەگەرەکانی گۆڕان لە داهاتوودا

رامبود لوتف پووری

**سەرەتا :**

ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی گووران ( تکامل ) ی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، ئەو راستییەمان بۆ دەردەخا کە گووران‌و پێگەیشتنی هەر کۆمەڵگەیەك بەرهەمی کۆمەڵێك گۆڕانە لە ژێرخان‌و سەرخانەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا، کە ئەوەش لە خۆیدا ئاکام‌و بەرهەمی گۆڕانە لە هەندێك بواری دیکەی وەك : بارستایی کۆمەڵگە‌و رێژەی حەشیمەت، ئایدۆلۆژیاو بڕواکان واتە نۆرم‌و بەهاکان، بارودۆخی جوگرافیایی، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو... واتە دەتوانین بێژین کە گۆڕان لەو بیاڤانەدا دەبێتە هۆی گۆڕان لە بنیادە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە وەك بنیادەکانی بنەماڵە، ئابووری، سیاسەت، دەسەڵات و... و نوێ بوونەوەی سیمای کۆمەڵگە.

بەپێی بۆچوونی بیرمەندانێکی وەك دورکهایم، ئێسێنیسێر، ئاگوست کۆنت، داروین‌و هەندێك کەسی دیکەش، کۆمەڵگەکان بەردەوام لەبەردەم گۆڕانێکی روو لە گەشە‌و تەکامولی دان، واتە بەردەوام لە هەڵکشاندان‌و لە ساکارییەوە بۆ ئاڵۆزی دەڕۆن بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە گۆڕان گەوهەرو ناموسی رەوتی مێژوویی کۆمەڵگەکانە، کە بێ - گومان رادەی بەربڵاوی‌و قووڵایی ئەو گۆڕانانەش لە خۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ رادەی گۆڕان لەو بوارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدان.

بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئەم بابەتە کورتەیە ئاوڕدانەویەکی خێرایە لە رەوتی گۆڕانگارییەکان لە ئێران‌و کاریگەرییان لە سەر بنیادی سیاسەت‌و دەسەڵات لەم وڵاتەدا.

**ئێران لە بەردەم گۆڕانی سیاسیدا :**

ئەگەر چاوێك بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێران لە هەموو بوارەکانیدا بخشێنین‌و لەگەڵ رابردووی خۆی بەراوردی بکەین بەروونی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کۆمەڵگەیە یەکێك لەو کۆمەڵگە گەلەیە کە گۆڕانەکانی رەوتێکی خێراو بەردەوامیان هەیە. گەورە بوونەوەی بارستایی کۆمەڵگە چوونە سەرەوەی رێژەی حەشیمەت‌و بە تایبەت گەنج بوونی، پەرەسەندنی بیرو ئایدۆلۆژیای نوێ، بارودۆخی فرەچەشنی جوگرافیایی، پێشکەوتن‌و پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیاو بە گشتی پەرەسەندنی دەسکەوتە مادییەکانی مۆدێرنیزم واتە مۆدێرنیزاسیۆن، هەموو کۆمەڵێك هۆکاری لەبارن بۆ گۆڕان لە بنیادو سەرخانەکانی کۆمەڵگەدا.

بەڵام لە نێو ئەم فاکتەرانەدا دوو فاکتەری حەشیمەت‌و مۆدێرنیزاسیون رۆڵێکی بەرچاوترو کاریگەرتر دەبینن. گەنج بوونی کۆمەڵگەی ئێران‌و بەهرەمەند بوونیان لە دەسکەوتە مادییەکانی مۆدێرنیزم، بەرەبەرە پێویستی‌و ئینتمای سەقامگیرکردنی لایەنە کەلتوورییەکانی مۆدێرنیزم واتە مۆدێرنیتەشی هێناوەتە ئاراوە، کە یەکێك لەو لایەنانە خۆی لە گەشەی سیاسی‌و ساوکە بوونی (سەقامگیربوون) ئازادی‌و دێموکراسییەکی راستەقینەدا دەبینێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر



هەڵبژاردن یەکێك لە لایەنە مادییەکانی مۆدێرنیزمی سیاسی بێت، ئێستا چیدیکە خەڵك نایهەوێ کە ئەم هەڵبژاردنە تەنیا بەرهەمهێنی دێموکراسییەکی رواڵەتی‌و دیماگۆگ بێت. بەڵکوو ئەوەی لە بزاڤی دێموکراسیخوازانەی ئێستادا هەڵدەهێنجرێ، خواستی دێموکراسییەکی بنگەهی‌و دەستاودەست بوونی راستەقینەی دەسەڵاتە. واتە کۆمەڵگە لە قۆناغی تێپەڕیندایە لە مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسییەوە بۆ مۆدێرنیتەی سیاسی. وەك دیتوومانە لە پاش بزاڤی مەشرووتەوە هەتا ئێستا لە ئێراندا جۆرێك لە مۆدێرنیزاسیۆن بەردەوام لە گەشەو پەرەسەندندا بووە. پەرەسەندنی بوروکراسی، تەکنۆلۆژیاو تەنانەت هەڵبژاردن‌و دێموکراسییەکی رواڵەتی‌و... لایەنە ماددییەکانی مۆدێرنیزم بوون کە لەوکاتەوە تا ئێستا بە شێوەی جۆراوجۆر لەم کۆمەڵگەیەدا ئامادەییان هەبووە بەڵام تا ئێستاش نەیانتوانیوە بەرهەمهێنەری لایەنی ماددیی

مۆدێرنیزم واتە مۆدێرنیتە بن. واتە ئەگەر هەڵبژاردنێك لە گۆڕێدا بووە قەت نەیتوانیوە بەرهەم-هێنەری جێگۆرکێیەکی راستەقینە لە دەسەڵاتدا بێت، بەڵکوو تەنیا بۆتە هۆی خاپاندنی خەڵك‌و دەستاودەست بوونی دەسەڵاتی سیاسی لە نێوان ئۆلیگارشییەك‌و کۆمەڵێك ئێلیتی تایبەتدا کە حکوومەتیان پاوان کردوە. بەگشتی دەتوانین بێژین ئەو هەڵبژاردنانە تەنیا بۆ تاقمی دەسەڵاتدار هەڵگری مانای هەڤرکی‌و دێموکراسی بووە، دەنا بۆ خەڵك دووبارە بوونەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی تاقمێك‌و رەواییدان بە دەسەڵاتی ئەو

ئۆلیگارشییەی بووە کە حکوومەت و کۆمەڵگەی تاپۆ کردوە. بەڵام ئەوەی ئێستا لە بزووتنەوەی خەڵکدا دەبینرێت ویستی کۆتایی هێنان بەو دێموکراسییە رواڵەتییە‌و سەقامگیرکردنی دێموکراسییەکی راستەقینەیە کە دەسەڵاتی سیاسی لە پاوانی تاقمێکی دیماگۆگ کە بەهاکانی شۆڕشیان کردۆتە بیانووی گەندەڵی‌و دیکتاتۆری، بێنێتەدەرو رادەستی خەڵکی بکاتەوە.

**رووداوەکانی ئەم دواییەو داهاتوو:**

وەك لە راپەڕینیەکانی ئەم دواییەی خەڵکی بکاو ئێران لە پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا دیتمان، خەڵك چیدیکە ئامادە نیە دەسەڵاتی تاقمێك‌و دێموکراسییەکی رواڵەتی قبووڵ بکاو خۆی ساغ کردۆتەوە کە کۆتایی بەو دۆخە بێنێ‌و ئەو جارە مۆدێرنیتەی سیاسی بەرهەم بێنێ. بۆ ئەو مەبەستەش ئەگەرچی ناچارە تێچوویەکی گران بدات بەڵام پێداگرە‌و پاشەکشە ناکات. لێرەدا بابەتێك کە بۆتە فاکتەری یارمەتیدەر بۆ سەرکەوتنی بزاڤی

دێموکراسیخوازانەی خەڵك، هاوڕێ بوونی دوو هۆکاری نێوخۆیی‌و دەرەکی لەگەڵ ئەو بزاڤەن.

**یەکەم: فاکتەری نێوخۆیی :**

بەهۆی پاوانخوازیی باڵی بناژۆخوازی دەسەڵات لە ئێراندا، ئێستا بەرەبەرە باڵەکانی دیکەی نێو ئەو دەسەڵاتە واتە تیکنۆکراتەکان (رەفسەنجانی‌و...)و ریفۆرمخوازەکان (کەڕووبی، موسەوی، خاتەمی و...) هەتا دێ زیاتر لە ویستەکانی خەڵك نزیك دەبنەوەو بەرە بەرە دەنگیان وەپاڵ دەنگی خەڵکەکە دەدەن، کە ئەمەش لە خۆیدا کەلێنێکی گەورەی لە دەسەڵاتدا دروست

کردووە کە تا دێ گەورەتر دەبێ‌و ئەگەری بە ئۆپۆزیسیۆن بوونی ئەم باڵانەی بەرز کردۆتەوە. بێ گومان بە هۆی پێگەو دەستڕۆیشتوویی ئەم باڵانە لە پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ئەم دیاردەیە فاکتەرێکی یارمەتیدەرو خێرایی-بەخش دەبێ لە سەرخستنی ئیرادەی خەڵکدا.

**دوویەم فاکتەری دەرەکی:**

کۆماری ئیسلامی بەچەند هۆ لە ژێر چاوەدێری‌و زەختی نێونەتەوەییدایە، تیرۆریزمی دەوڵەتی‌و پشتگیری لە گرووپە تیرۆریستەکان, پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، دژایەتیی ئیسراییل‌و تێکدانی رەوتی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناڤین‌و بەتایبەت هەوڵدانی بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم‌و بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، لە سەرەکیترینی ئەو هۆیانەن کە ئەم رێژیمەیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا کردۆتە مەترسییەك بۆ هێمنی‌و ئاسایشی جیهانی‌و سەقامگیر بوونی دێموکراسی. هەتا ئێستاش هەوڵەکانی وڵاتانی رۆژئاواو بە تایبەت ئەمریکا بۆ دۆزینەوە رێگا چارەیەکی هێمن‌و دیپلۆماتیك لە

پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی کۆماری ئیسلامیدا، بێ ئاکام ماونەتەوە. بۆیە پاش هەڵبژاردنی ئەم جارەی سەرکۆماری لە ئێرانداو ئەو ساختەکارییە گەورەیەی کە زۆر کەس ناوی کودەتایەکی نەرمیان لە سەر دانا کە راپەڕینی بەربڵاوو پڕ شکۆی خەڵك‌و سەرکوتی خوێناوی‌و بێبەزەییانەی رێژیمی لێ کەوتەوە, دونیای دەرەوە، بەتایبەت زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی‌و ئەمریکاش هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەنگی خۆیان لەگەڵ دەنگی خەڵکی ئێران بخەن‌و چیدیکە نەبنە پارێزەری ئەو دەسەڵاتە گەندەڵ‌و دیکتاتۆرە. هەر لەو پێناوەدا هەتا ئێستاش بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی گەورەی جیهان دەوڵەتی ئەحمەدی نەژادیان بە فەرمی نەناسیوەو دەوڵەتی ئۆباماش لە ئەمریکا بەرەبەرە خەریکە واز لە سیاسەتی دیالۆگ‌و دانوستان لەگەڵ ئێران بهێنێ‌و چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا هەڵوێستێکی شێلگیرانەتر لە بەرامبەر ئێراندا بگرن.

گرینگیی ئەم بابەتەش ئەو کاتە زیاتر دەبێت کە هاوکات لەگەڵ ئەوانە وڵاتانی چین‌و رووسیاش کە تا ئێستا پاڵپشت‌و نزیکی کۆماری ئیسلامی بوون، بەرەبەرە لێی دەکشێنەوەو بە تەنیای دەهێڵن.

**ئاکام :**

بە لە بەرچاو گرتنی نێوەرۆکی ئەم باسەو لە ئەگەری وەراست گەڕانی ئەم شرۆڤەیەدا بەراود دەکرێ کە مانگەکانی داهاتوو بۆ ئێران بەگشتی‌و بەتایبەت بۆ کۆماری ئیسلامی قۆناغێکی پڕ لە کێشەو بارگاویی کۆمەڵێك گۆڕانی گەورە بن. ئەوەی راستی بێ پێ ناچێ کە زەخت‌و سەرکوتەکانی رژیم بتوانێ لەم قۆناغەدا ویست‌و ئیرادەی خەڵك تێك بشکێنێت‌و پاشەکشەیان پێ بکا. بە تایبەت کە وەك باسمان کرد ۲ فاکتەری نێوخۆیی‌و دەرەکی ئێستا بوونەتە هۆکاری لەبارو یارمەتیدر بۆ بزاڤی دێموکراسیخوازانەی خەڵك.

کۆماری ئیسلامییش وەك زۆر سیستمی پاوانخوازو دیماگۆگی دیکەی ئەم جیهانە، لە مێژە بەربەرەکانێی ویستی گۆڕان‌و دێموکراسیخوازیی خەڵك دەکات و مل بۆ داواکانیان راناکێشێ, بەڵام وەك ووتمان گەوهەرو ناموسی مێژووی کۆمەڵگەکان، گۆڕان لە پێناو گووران‌و تەکامولی روو لە گەشەیە. بۆیە هەرچەشنە بەرخودانێك لە بەرامبەر ئەو یاسا سروشتییەدا مەحکووم بە دۆڕان‌و لەنێو چوونە.

درێژەی ل ۱

## کەش و هەوای سەرکوتکەرانەی ئەمساڵ و مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان

دیتمان هەم بۆ هاوپێوەندی لەگەڵ خەباتی سەراسەریی خەڵکی ئێران لە بەشێك لە شارەکانی کوردستان، بەشێك لە دوکان و بازاڕەکانیان داخست و هاوخەباتیی خۆیان و بەردەوامیان لە خەباتی سی ساڵەی خۆیان لەدژی دیکتاتۆری نیشاندایەوە، هەم زۆر ئازایانە بەرەوپیری بانگەوازی حیزبی دێموکرات بۆ مانگرتنی گشتی هاتن و ئەگەرچی رێژیم بە بانگ کردنی زۆربەی دوکاندارەکان و تەنانەت چوون بۆ دوکانەکانی بەشێکیان هەڕەشەیان لە تەك تەکی دوکاندارەکان کردبوو کە ئەگەر لە رۆژی ۲۲ی پووشپەڕدا دوکانەکانیان داخەن رووبەڕووی ئاکامی زۆر سەخت دەبنەوە، خەڵك نەك هەر لەو هەڕەشانە نەترسان بەڵکوو زۆر بەشکۆتر لە ساڵانی پێشوو بەشدارییان لە مانگرتندا کرد و لە زۆربەی شارەکان مانگرتن بەڕێوەچوو، بەجۆرێك کە لە هێندێك لە شارەکاندا نەك هەموو دوکان و بازاڕەکان داخرابوون بەڵکوو هێندێك لە کارمەندەکانی ئێدارەکانیش لە چوون بۆ سەر کارەکانیان خۆیان بوارد. ئەوە جگە لەو هەموو کاروچالاکییە تەبلیغییەشە کە قوتابیانی قاسملووی نەمر لە شارو گوندە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەڕێوەیان برد و دارودیواری شارەکانیان بە دروشمی حیزبی و وێنە و وتەکانی رێبەرانی شەهید رازاندەوە و بۆ جارێکی دیکە نیشانیاندایەوە کە رۆڵەکانی دێموکرات هەرگیز لە بەرامبەر هەڕەشەی دوژمنانی ئازادی و کوردکوژانی کۆماری ئیسلامیدا سەر نەوی ناکەن و حیزبی خۆشەویستی خۆیان بە تەنیا ناهێڵنەوە و رێبازی شەهیدانی رێگای ئازادی لەبیر ناکەن.

هەزار سڵاو لە گیانی هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی کە بە خوێنی سووری خۆیان لە خەباتی سەراسەریی ئێراندا سیمای راستەقینەی دەوڵەتی تیرۆر و کودیتا و رێژیمی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیهییان چاکتر بە دنیا ناساند و دنیایان ناچار کرد سەری کڕنۆش بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران دانوێنێ و حکوومەتی کودیتا نەك بە رەسمی نەناسێ، بەڵکوو مەحکووم و شەرمەزاری بکا.

هەزاران سڵاو لە خەڵکی بە شەرەفی کوردستان کە جارێکی دیکە لە ماوەی سی ساڵ تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامیدا نیشانیاندایەوە کە هەروا لە سەنگەری ئازادیخوازی و خەبات لەدژی دیکتاتۆریدا راوەستاون و توندترین و دڕندانەترین هێرش و هەڕەشەکانی بەکرێگیراوان و جەلادانی رێژیمی تیرۆریست و کودیتاچی ورەیان دانابەزێنێ.

# ٢٢ی پووشپەڕو باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

حەسەن شێخانی

لە نێو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا هێندێك کەسایەتیی کەموێنە هەڵ دەکەون کە ڕۆڵێکی گەورەیان لە مێژوودا گێڕاوە، بەم هۆیەش بوونەتە ڕەمزی نەتەوەیی و لە زەین و بیری نەتەوەکەیاندا بە زیندوویی و نەمری دەمێننەوە. لە مێژووی نەتەوەی کوردیشدا کەسایەتگەلێکی لەو چەشنە بەدی دەکرێن کە بێگومان یەکێك لە کەسایەتییە هەرە کاریگەرو دەگمەنەکانی کورد، ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملوویە.

کۆمەڵگەکانی ناسراو بە جیهانی سێیەم، بژاردەخوازو کاریزما تەوەرن، ئەوەش ریشەی لە کلتوور، مێنتالیتەو پاشخانی مێژوویی، پێکهاتەو دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و هێندێك فاکتەری دیکەش دا هەیە کە ڕاوەستەکردن لە سەریان، مەبەستی ئەم نووسینە نیە.

کوردستانیش لە چوارچێوەی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەمدا جێدەگرێ، بەم هۆیە ڕۆڵی کەسایەتییەکی وەك دوکتور قاسملوو کە بۆتە ڕەمزی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و هێمای خەبات و بەرخۆدانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆڵێکی گرینگ و تایبەتییەو لە دوای شەهید بوونیشی دەتوانێ وەك هێمایەکی یەکانگیرو هاندەر لە خەباتی نەتەوەیی کورددا ڕۆڵ ببینێ. هەر چەشنە گرینگی نەدان بە کەسایەتیو ئەندێشەکانی ناوبراوو پشتگوێ خستنی، زیان بە پرۆسەی بەرەوپێش چوونی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان دەگەیەنێ.

پڕ ئاشکرایە کە نووسەری ئەم دێڕانەش وەك ڕێبوارێکی ڕێگەی دوکتور قاسملوو دژی فەردپەرستی، دوگماتیزە کردن و موقەدەس کردنی بێمانا و بتسازیییە، بەڵام ئەم مەسەلەیە جیاوازییەکی جەوهەری لەگەڵ گرینگیدان بە ڕۆڵی ئەو گەورە پیاوە لە مێژووی کورددا و هەوڵدان بۆ باشتر ناساندنی کەسایەتی و ئەندێشەکانی ناوبراو بە نەوەکانی نوێ هەیە. لە ساڵانی ڕابردوودا بە هۆی تێکەڵ کردنی ئەم دوو مەسەلەیە لەگەڵ یەکتر، گرینگییەکی ئەوتۆ بە ڕۆڵی دوکتور قاسملوو نەدراوەو یادو بیرەوەری ئەو گەورە پیاوە بۆ دوو سەعات ڕێوڕەسمی حیزبیی لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دا کورت کراوەتەوە.

ئەمساڵ هەر دوو بەشی حیزبی دێموکرات، گرینگییەکی زۆریان بەو کەسایەتییەی مێژووی کورد دا ولانی کەم لە مانگێك لەمەوبەر کۆمەڵێك بەرنامەی تایبەت و جۆراوجۆری تەلەڤزیۆنی و دیکومێنتیان دروست کرد، چەندین سمینارو میتینگیان پێکهێناو لە ڕێگەی ڕێکخستن و میدیاکانیانەوە خەڵکیان بۆ مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا بانگهێشت کردو ڕێکخست. لە ئاکامی ئەو خەبات و هەوڵانەدا خەڵك لە زۆربەی شارو شاروچکەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات، بە شێوەیەکی بەرچاو دوکان و بازاریان داخست و بە چەندین شێوەی دیکەی مەدەنی، نارەزایەتیی خۆیان لە هەمبەر بکوژانی دوکتور قاسملوو نیشاندا. ئەم مەسەلەیە نیشاندەری ئەوەیە کە:

ئەلف) لانی کەم لە بەشێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، دوکتور قاسملوو وەك ڕەمزێکی نەتەوەیی جێ‌کەوتووەو خەڵك خۆیان بە وەفادارو گرێدراوی ئەو دەزانن و لە خوێنی ئەویش بە خاوەن دەردەکەون.

ب) ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا شێوە خەباتی مەدەنی پشتگوێ نەخرێ و بایەخی پێبدرێ ئەمە دەبێتە هۆی دروست بوونی فەرهەنگێکی وشیاریی سیاسی خەباتی مەدەنی لە لای بژاردەکان و خەڵك و چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەکەمان بەگشتی. هەروەها ئەگەر ئیرادەیەکی بەهێزو هوشیار هەبێ کە روانگە و زەینەتییەکی دیکە لای جەماوەری کورد بە نیسبەت شێوازگەلی خەباتی مەدەنی دروست بکا دەتوانرێ جەماوەر چالاکانە بخرێتە نێو پرۆسەی ئازادیخوازی بە تایبەت بە شێوازی مەدەنییانە.

بە سەیرکردنی چوارچێوەی جوغرافیایی ئەم مانگرتنەی کە باسی لێوەکرا ئەو پرسیارە دێتە ئارا کە بۆچی خەڵکی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان بە دەربڕینێکی دیکە خەڵکی کرماشان و ئیلام، بە شێوەیەکی ئەوتۆ لەم مانگرتنەدا بەشدارییان نەکرد؟ هۆکارەکانی ئەم مەسەلەیە کامانەن؟

١ـ کوردە سوننییەکان لە ئێراندا جگە لە جیاوازیی ئیتنیکی، لە ڕووی مەزهەبیشەوە کەمینە بوون و هەمیشە لەگەڵ ناوەند ناکۆك بوون، هەروەها ئەو هەلومەرجە لەبارەی لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە موکریان و ناوچەکانی دەوروبەری هاتە ئارا وای کرد کە ناسیۆنالیزمی کوردی لەم ناوچەیە سەرهەڵبدا ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە ناسیۆنالیزمی کوردی سەرەڕای ڕواڵەتی لائیك بوونی، بە شێوەیەکی شاراوە کۆمەڵێك ڕەگی سوننیگەری تێدا هەبێ. بۆ نموونە تا هەنووکەش بەشێك لە کوردە سوننییەکان ڕوانینێکی باشیان بە نیسبەت کوردە شیعەکان نیە. ئەم مەسەلەیەش کاریگەری هەیە لەوەی کە گوتاری نەتەوەیی و ڕەمزە نەتەوەییەکان نەبنە گوتارو ڕەمزی هاوبەشی هەر دوولا.

٢ـ دەوڵەتی ناوەندی لە دوای شۆڕشی مەشرووتەو لە سەردەمی ڕەزاشاوە هەوڵی یەك شوناسەکردن و یەکسانسازی نەتەوەیی ئێرانیان داوەو لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەروەردەو فێرکردنەوە هەوڵ دراوە نەتەوەکانی غەیرە فارس لە پاشخانی کلتووری نەتەوەییان دابڕێن و بە شێوەیەکی سیستماتیك بە فارس بکرێن. ئەم سیاسەتانە لە کرماشان تا ڕادەیەك ئەنجامی بە دەستەوەداوەو تا هەنووکەش نەوەیەك لەوشارە بە زمانی فارسی قسە دەکا. لە لایەکی دیکەش گوتاری شیعەی سیاسی لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە ویستوویەتی لە هاومەزهەبی کوردو شیعەکان لەگەڵ ناوەند کەڵك وەربگرێ بۆ ئەوەی باشووری ڕۆژهەڵات لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان دابڕێ و هەستی مەزهەبی لە پێناو یەکپارچەسازیی ئێراندا چەواشە بکا. ئەمانە وایانکردووە کە کورد شیعەکان زیاتر لە سوننییەکان بەرانبەر ئێران و ئێرانیبوون دەمارگیریان هەبێ و بەم پێیەش گوتارو ڕەمزە نەتەوەییەکان کەمتر لەو ناوچانەدا ڕەگیان دا کوتاوە.

٣ـ ناسیۆنالیزمی کوردی، ناسیۆنالیزمێکی ئەکشن و کرداری نەبووە بەڵکوو حاڵەتێکی دژکردەوەیی هەبووەو تا ڕادەیەك لاساییکردنەوەی بزاڤی ناسیۆنالیستی ئێرانە. کاتێك ناسیۆنالیزمی فارس ئایینی شیعەی وەك توخمێکی پێکهێنەری شوناسی خۆی پێناسە کرد، کوردەکانیش لە کاردانەوەدا پشتیان بە شوناسی سوننی بەست. ئایینی سوننیگەری بۆتە یەکێك لە هێماکانی بەرخۆدان و بەرگری کوردەکان لە بەرانبەر دەوڵەتی فارسەکاندا. ئەمەش وایکردووە چەشنێك حەز لێنەکردن لە نێو کوردە شیعەکاندا بۆ پەیوەست بوونیان بە بزاڤی نەتەوەی کوردستان بوونی هەبێ و لە ڕوانگەی ئەوانەوە ڕەمزێکی نەتەوەیی وەك دوکتور قاسملوو تەنیا بە ڕەمزی کوردە سوننییەکان لە قەڵەم بدرێ.

٤ـ کۆمەڵگەی کوردی پێکهاتەیەکی یەکدەستی نیەو لە نێوخۆیدا پارچەپارچە و پچڕپچڕە. پارچەپارچە بوونی زاراوەکان و دووری جوغرافیایی لە سەر پارچە پارچەکردنی نەتەوەییش کاریگەری نێگەتیڤی هەبووە. بە تایبەت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان فاکتەرەکانی جیاوازیی مەزهەبی، زاراوەیی، دووری جوغرافیایی و... بە شێوەیەکی هاوڕێك بوونیان هەیەو جیاوازییەکانیان قووڵتر کردۆتەوە.

٥ـ بزاڤی کوردی بە هۆی کەموکوڕی لە بوارەکانی تیوریك، ڕێکخستن، ڕاگەیاندن و... نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ئەوتۆ خۆی بگەیەنێتە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات، ئەمەش وایکردووە پەرەسەندنی بزووتنەوەی کورد لە ئاستی پێویست دا نەبێ و بۆ نموونە لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا شاهیدی مانگرتنێکی ئەوتۆ لە ناوچەکانی کوردی شیعەدا نەبین.

**ئەنجام**

پێشتر حکوومەتی ئێران لە چوارچێوەی ئیسلامی سیاسی و بە تایبەت شیعەی سیاسیدا توانی بەشێك لە کوردە شیعەکان بۆ داپڵۆسینی کوردە سوننییەکان بەکار بێنێ. بەڵام لەم دواییانەدا بزاڤی ڕزگاریی نەتەوەیی یان با بڵێین گوتاری نەتەوەیی خەریکە لەم هەرێمانەدا پێش دەکەوێ و لە کاریگەری ئایین کەم دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەش ئەزموونی سی ساڵەی دەسەڵاتی شیعەی سیاسی لە ئێراندا کاریگەری لەسەر لاوازی دیسکۆرسی مەزهەبی هەبووە. بەڵام نابێ ئەو ڕاستیەش لەبەرچاو نەگرین کە پرۆسەی نەتەوەسازی کورد ناکامڵە و هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەم پرۆسەیە کوردە شیعەکانی بە شێوەیەکی جیددی نەگرتۆتەوە.

ئەگەر بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان ئەو هەرێمانە نەگرێتەوە ئەگەری ئەوە هەیە لەو هەرێمانەدا گوتارێکی کوردی شیعە دابراو لە سوننییەکان دروست ببێ. بۆیە پێویستە کورد لە وڵاتەکەی دا گوتاری دێموکراسی بکاتە گوتاری باڵادەست. قبووڵ کردنی جیاوازییەکان کەشێکی نوێ دەهێنێتە ئاراوە. دیارە دەبێ ئەم مەسەلەیە لە پراکتیك دا ڕەنگ بداتەوە. بۆ نموونە دەبێ دێموکراسی لە نێو ڕێکخراوەکانی کوردی دا دەزگامەند بکرێ، دان بە جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بنرێ، چۆن گرینگی بە زاراوەی کرمانجی و سۆرانی دەدرێ ئاوهاش گرینگی بە کەڵهوری و لەکی بدەین، بۆشایی ڕاگەیاندنی کوردی لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات پڕ بکەینەوە چونکە دەسەڵات لەم بۆشاییە بۆ پەرەپێدان بە شوناسی ئایینی شیعە کەڵکی وەرگرتووە. ئەگەر بزاڤی نەتەویی کوردستان گرینگییەکی زیاتر بە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات بداو وزەو تواناییان بەکار بهێنێ چاوەڕوان دەکرێ لە ساڵانی داهاتوودا ڕەمزە نەتەوەییەکان لە زەین و مێشکی خەڵکی ئەم ناوچانەدا جێگر بن و وەکوو ناوچەکانی دیکە یادیان بکرێتەوە، بۆ نموونە لە ٢٢ی پووشپەڕیش دا بە شێوەی جۆراوجۆر ناڕەزایەتی خۆیان نیشان بدەن و بە توانستێکی زیاترەوە ڕووبەڕووی دام و دەزگاکانی داگیرکاری ببنەوە.



بزاڤی کوردی بە هۆی کەموکوڕی لە بوارەکانی تیوریك، ڕێکخستن، ڕاگەیاندن و... نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ئەوتۆ خۆی بگەیەنێتە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات، ئەمەش وای‌کردووە پەرەسەندنی بزووتنەوەی کورد لە ئاستی پێویست دا نەبێ و بۆ نموونە لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا شاهیدی مانگرتنێکی ئەوتۆ لە ناوچەکانی کوردی شیعەدا نەبین

# مانگرتنەکانی ٢٢ی پووشپەڕو بەستێنەکانی خەباتی جەماوەری

عەوڵڵا بەهرامی

هەرچەند ئەزموونەکانی مانگرتنی گشتی کە یەکێکە لە میتۆدەکانی خەباتی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر نین، بەڵام ئەم ئەزموونانە پێ بە پێی گەشەی وشیاریی سیاسی کە سەرەکیترین هۆکاری هاتنە ئارای ئەم شێوازەی خەباتە لە پەرەگرتن دان. ئەگەر مانگرتنە گشتییە یەك ڕۆژەکانی چەند ساڵی ڕابردوو لە ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تیرۆری د. قاسملووو هاوڕێیانی دا بە زەمینەکانی دەرکەوتنی ئەم شێوازە لە خەبات دابنرێ، کەواتە دەکرێ ئەم پرسیارانە لە خۆمان بکەین کە بۆچی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم میتۆدە گرینگەی خەبات وەك پێویست کەڵکی وەرنەگرتوە؟ پێداویستییەکانی وەڕێ خستنی خەباتی جەماوەری کە بە سەرەکیترین شێوازی خەبات دەژمێردرێ چین؟ بەکارهێنانی ئەم میتۆدەی خەبات دەتوانێ چ گرنگییەکی بۆ بزاڤی ڕزگاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ؟

لە وڵامی ئەم پرسیارانەو گەلێك پرسیاری لەم چەشنەدا دەبێ بڵێین کە بەر لە هەر شتێك لاوازیی گەشەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرین نەبوونەوەی جوگرافیای تێکۆشانی هێزە سیاسییەکان بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان و سەرکوتی توندوتیژی دەسەڵاتە ناوەندییەکانی ئێران و لاوازیی ئەم میتۆدە لە ئاستی ئێرانداو باڵادەست بوونی خەباتی پارتیزانی لە ناوچەو تەنانەت لە جیهانیشدا بە بەشێك لە هۆکارەکانی گەشە نەکردنی ئەم میتۆدەی خەبات دەژمێردرێن. ئێستا ئەگەر لە ڕوانگەی بەستێن و پێداویستییەکانی ئەم شێوازە خەباتەشەوە بڕوانین دەبینین کە گرنگترین فاکتۆری ئەم میتۆدەی خەبات کە بریتییە لە گەشەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی تارادەیەك باش خۆی دەرخستوە. جگە لەمە هاتنە ئارای فاکتۆرێکی گرنگی وەك ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی و تێکنیکە نوێیەکانی ڕاگەیاندن کە جگە لەوەی دەوری سەرەکییان لە وشیارکردنەوەی خەڵك و هاندان و ئامادەکردنیاندا هەیە، دەنگ و ڕەنگی خەڵك بە بیروڕای گشتیی دنیا دەگەیەنن، بەستێنێکی لەباریان بۆ خەباتی جەماوەری خۆش کردوە.

بەڵام ئەوەی لەمبارەیەوە وەك پێداویستییەکی سەرەکیی دیکەی جێگیربوونی ئەم میتۆدەی خەبات وڵامی نەدراوەتەوە، یان ئەگەریش وڵامی درابێتەوە لە ئاستێکی زۆر لاواز دا بووە، بریتییە لە دروستبوونی ڕێبەرییەك کە هەموو فاکتۆرەکانی دیکەی خەباتی جەماوەری لێك گرێ بدا. ڕێبەرییەك کە هەم ئامانجەکانی خەباتو هەم میتۆدو تاکتیکە ڕۆژانەکانو ستراتژیی بزووتنەوە دیاری بکاو هەم جەماوەری خەڵك ڕێك بخاو لە ڕێگەی ڕاگەیەنە گشتییەکانو ڕێکخستنەکانیەوە بیانهێنێتە مەیدان. هەرچەند دوورکەوتنەوەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژینگەی سەرەکیی تێکۆشانی خۆیانو تاراوگەنشینی بە سەرەکیترین هۆکاری ئەم لاوازییە لە قەڵەم دراوە، بەڵام ئەزموونەکانی ئەم ساڵانەی دواییو بەتایبەت مانگرتنە گشتییەکانی خەڵکی کوردستان لە ٢٢ی پووشپەڕدا دەریان خست کە دەکرێ بە کەڵك وەرگرتنی بەجێو پێویست لە ئامرازەکانی پێوەندیو ڕاگەیاندنو بەکارهێنانی متیۆدی نوێی دیکە تارادەیەکی باش بۆشایی دوورکەوتنەوەی هێزە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە کەمڕەنگ بکرێتەوە.

کەواتە ئەوەی لەم نێوەدا گرنگیی تایبەتی هەیە بریتیە لە بڕوابوون بە متیۆدگەلی نوێی خەباتو لە سەرروویانەوە خەباتی جەماوەریو تێگەیشتن لەم ڕاستییە کە ئەم شێوازەی خەبات بەپێی هەموو ئەو ئەزموونانەی لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان لێمان دیوەو بەو پێیە کە تەنیا شێوازێکی خەباتە کە لەودا هەموو تاکێك چالاکێکی سیاسییەو دەکرێ بە وەسەریەك خستنەوەی وزەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بزووتنەوەی سیاسی ببێتە خاوەنی هێزو قورساییەکی کەم وێنە. بۆیە تێگەیشتن لە گرنگیی ئەم شێوازەی خەبات ( خەباتی جەماوەری ) لەلایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوەو دروست نەکردنی کۆدەنگیو هاوپەیمانییەك بۆ ڕێبەریکردنی خەباتی خەڵك ئەویش لەم هەلومەرجەدا کە لە ئاستی ئێراندا بزاڤێکی ناڕەزایەتیی جەماوەری لە حاڵی گەشەکردن دایە پێویستییەکی زۆر گرنگەو دواکەوتن لە دروست کردنی ڕێبەرییەك بۆ بزاڤی خەڵك بەتەواوی بە زیانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دەشکێتەوەو بزووتنەوەکە لاواز دەکا. دیارە لاوازیی بزووتنەوەی کوردو دەورو سەنگی کورد لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران بەتایبەت لەم هەلومەرجەدا قورسایی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستاو داهاتوودا چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی نێونەتەوەییەکانیش دا دادەبەزێنێ.

لە کۆتایی دا پێویستە بڵێین باڵادەست بوونی میتۆدی جەماوەری لە ئاستی سەرانسەریداو بەرین بوونەوەی بەستێنەکانی ئەم چەشنە خەباتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەتە ڕاستییەك و ناکرێ لە بەرچاو نەگیرێ و پێویستە کاری جیددیی لەسەر بکرێ. مانەوەی لە قاوغەکانی دیکەی خەباتداو چاوەڕوان مانەوەو دوورەپەرێز مانەوە سەبارەت بە ڕووداوەکان هیچ خزمەتێك بە بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکا.

# بۆچی" هاووڵاتیی" بوون پێوەندییەکی یەك لایەنەیە؟!

شەهابەدین شێخی
و. لە فارسییەوە تەها رەحیمی



بیست ساڵ لەمەوبەر، لە رۆژێکی وەك ئەمڕۆدا (١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ ــ ٢٢ پووشپەڕی ١٣٦٨) لە سەر داوای رێژیمی ئیسلامی ئێران دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملووو هاوڕێکانی بۆ چارەسەری دۆزی کورد بانگهێشتی ڤییەنی پێتەختی ئوتریش کران . دانوستانێك کە قەت نەکراو ئاکامیشی نەبوو. چونکی چەند کەسی چەکدار رژانە ئەو کۆبوونەوەیەی کە بڕیار بوو بەبێ چەك بچن و بە درێوترین شێوە دوکتورو هاوڕێکانیان تیرۆر کردن و بەو کارەیان لاپەڕەیەکی خوێناوی دیکەیان خستە سەر مێژووی خەباتگێڕانی رێگەی ئازادی. ئەو کەسانەی کە بایەخ بە ئازادییان دەدەن و بۆ ئازادیی خەڵکی دیکە جا سەر بە هەر رەگەزو زمان و رەنگێك بن، رادەپەڕن و بەوتەی خودی دوکتور قاسملوو" گەلێك ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا"، قاسملوو هاوڕێکانیشی وەکوو هەموو ئازادیخوازانی ئەو نیشتمانەو نیشتمانەکانی دیکەی جیهان نرخەکەیان دا. حاشاهەڵنەگرە، کەسێك لە سەر مێزی دانوستان بکوژرێ جا لەلایەن هەر کەسێکەوە بێ زۆر ناخۆشترە لەوەی کە لە شەڕگەدا، تەنانەت لە شەڕێکی نابەرانبەر دا بکوژرێ. ئەگەر لە شەڕگەو تەنانەت لە شەڕێکی نابەرانبەرو تەنانەت شەڕی" بەرگریی رەوا" دا کوژرابایە، دیسان دەمانوت: شەڕەو لە مەیدانی شەڕیشدا ئەگەری ئەوە هەیە هەر کەسێك تەنانەت رێبەرو سکرتێری گشتیی حیزبێك رەنگە تێدا بچێ.

بەڵام ئەگەر بۆ" دیالۆگو وتووێژ" بڕیارە کۆ بینەوەو سەر مێزی دانوستانمان لێ بکرێ بەشەڕگەو گۆڕەپانی خوێن، ئەو دەمە زۆر ناخۆش دەبێ. بە پێچەوانەی هەموو ئەو تاوانانەی کە ساڵهای ساڵە ئەو دەسەڵات و سیستەمە سەرکوتکەرو دەوڵەتانەی مافی کوردیان زەوت کردوە دیکەن دادەسەپێ، لە حاڵێکدا ئەو مێتۆدە نەك هەر دواین رێگە چارەسەر بەڵکوو یەکەمین و داوین رێگەچارەسەری کورد بووە. لە یەکەمین راپەڕینی کورد لە تورکیەوە بگرە کە لە لایەن شێخ عەبەیدیلا نەهرییەوە لە باکووری کوردستان دەستی پێکرد، بە دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتیی عوسمانی و قەجەرەکان سەری هەڵداو تا بەدرخانەکان و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش، چ پێش شۆرشی گەلانی ئێران و چ دوای شۆڕش تا بوار هەبووبێ هەر لە رێگەی دانوستان و دیالۆگ بووە تا ئەوەی ئاگری شەڕی ئێران و عێراق هەڵاییساو بۆ ماوەی هەشت ساڵ ئەو بوارەی لێ گیراو دوای شەڕیش دیسان سەرکردایەتیی کورد ئامادە بووە بچێتەوە سەر مێزی دانوستان. بەڵام دەڵێی هێزێکی" جادوویی" و" یان سروشتی" دەیەوێ پێیان بڵێ: هاوڕێی خۆشەویست تۆ لە سەنگەردابی و، لەسەر مێزی دانوستان، لە ماڵێ بی و یان لە ریستورانت، چەك لەشان بی یان قەڵەم بەدەستو چەند لاپەڕە لەبەر دەست بۆ نووسینەوەی یادداشت لە ریزی قسەکانی کۆڕی دانوستان، فەرق ناکا تۆ بڕیارە بکووژرێی. ئەو هێزە جادوویی و یان سروشتییە دەیویست بە نەوەی داهاتووش بڵێ کە پێم وایە تاقە رێگە چارەسەری کێشەی نێوان ئێمەو ئەو کەسانەی نامانهەوێ ئازادییە سیاسی و مەدەنی و فەرهەنگییەکانمان زەوت بکەن هەر چەك و توندوتیژی و شەڕە.

بەڵام نەوەی داهاتووی کورد، هەر رێگەی ئاشتیخوازانەی گرتەبەرو دەستی کرد بە چالاکی لە بواری نووسین و فەرهەنگی و مەدەنی داو رێکخراوی مافی مرۆڤ و رۆژنامەو دامەزراوەی مەدەنی دامەزراند. بزووتنەوەکانی ژنان، خوێندکاری، کرێکاری و نەتەوەیی لە رێگەی فەرهەنگی و مەدەنییەوە درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان دا. بەڵام لەو بوارەشدا هەڵیان ئاواردین و هەر کاتێك هەلیان بۆ رەخساو یەکێکمان تووشی بە تووشی دادگەو هێزە ئەمنیتییەکان هات سزای قورستریان بەسەر دا سەپاندین. بۆ وێنە ئەگەر چالاکێکی بواری ژنان لە تاران دەستبەسەر کرابێ سەرەتا قورسترین حوکم درابێ ٣ ساڵ بووە، کە لە پێداچوونەوە دا بۆی کراوەتە ٢ ساڵ و لە ئاخری دا دیوانی بەرزی وڵات رەنگە بۆ ٦ یان ٧ مانگ کەمی کردبێتەوە بەڵام ئەگەر هەر ئەم کەسە لە نێو نەتەوەیەکی دیکەدا بۆ وێنە لە ئازەربایجان بگیرێ، مسۆگەرە دەبێ زیندانی بکێشێ و لە تام و چێژی بەندیخانە بێبەشی ناکەن. هەر ئەو کەسە ئەگەر کورد بێ سزاکەی قورسترە، سەرەتا تاوانی شەڕ لەگەڵ خودای بۆ هەڵدەبەستن، لە پێداچوونەوە دا بۆی دەکەنە ١٥ساڵ و لە کۆتاییدا ٦یان ٧ساڵی رەبەقی لە بەندیخانە دەپەستێون. ئەگەر رۆژنامەنووسێك یان چالاکێکی مافی مرۆڤ لە تاران دەستبەسەر بکرێ رەنگە قوورسترین حوکم ٥ ساڵ زیندانی بێ کە لە پێداچوونەوە دا بۆی دەکەنە ٣ساڵ و دواتر ئەوسەرەکەی ٢ساڵ حوکمی (تعزیری یا تعلیقی) بۆ دەبڕنەوە، بەڵام ئەگەر هاووڵاتییەکی کورد بەو دەردە گرفتاربێ، سزاکەی ١٠یان ١٥ساڵ زیندانییە کە لە ژێر حوکمەکەشی نووسراوە لە بەزەیی ئیسلامەوە ئەو سزایەی بۆ بڕدراوەتەوە.

لەوە ناخۆشتر ئەوەیە کە، ئەوپەڕی هەوڵی ئەو هاوڕێ رۆژنامەنووس یان چالاکەو نووسەرو رووناکبیرەی من واژۆی بەیاننامەیەکە دژی ستەم و زوڵمێ کە لە هاونیشتمانەکەی دەکرێ. بەڵام هاوکارو هاوبیری ئێمە لە تاران دادەکەی دەکاتە بەرزترین بینا نێونەتەوەییەکان و قەڵەمەکەی باڵ دەگرێ، بۆیە من دەستەوئەژنۆ بەدەست کوڵی گریانی بێ کەسییەوە دادەمێنم. هەر لەسەر تیرۆری دوکتور قاسملوو کە ٢٠ساڵی بەسەر دا تێ دەپەڕێ، ئەرێ ٢٠ وتار لەلایەن هاوڕێکانمەوە لەو ٢٠ساڵەدا لەسەر مەحکووم کردنی ئەم کردەوە تیرۆریستییە نووسراوە؟ بۆ دوکتور قاسملوو ئێرانی نەبوو؟ هاووڵاتییەکی ئێرانی بوو کە لە هەندەران تیرۆر کرا بۆ هەر ئەو نەبوو سی ساڵ لەمەوبەر لە جەنگەی شۆڕش و شۆرشگێڕی و لە جەرگەی توندوتیژی دا کاتێ کە زۆربەی رووناکبیران و سیاسەتوانانی ئەو وڵاتە تەنانەت ئەلفووبێی دێموکراسییشیان نەدەزانی، باسی لە دێموکراسیی بۆ ئێرانی دەکردو بەوتەی رەزا عەلامەزادە، ئەو کەسایەتییە تەنانەت دێموکراسیخوازی بۆ ئێران وەپێش " ئۆتۆنۆمی " خۆجێی بۆ کوردستان خست؟

زۆر ناخۆشە هاوڕێی چالاکیی مافی مرۆڤم، بەپێی راپۆرتەکانی ئەو رێکخراوانەی مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی کە ئێوە راپۆرتەکانیان بۆ دەنێرن، ٨٠٪ پێشێل کارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران دا پێوەندی بە ناوچە کوردییەکانەوە هەیەو لەو لایەشەوە ٨٠٪ چالاکیی مرۆڤ دۆستانەی ئێوە بەرێزان لە پێناوی ناوچەکانی دیکەی ئێران و بەتایبەت ناوەندە دایە. بۆ مەگەر " هاووڵاتیی" جادەی یەك سایدە کە هەموو رۆژی مانۆڕی پێدا لێدەین؟ هەمیشە لە بیری ئەوەدا بین چۆنی بسەلمێنین جیایی خوازنین، توندوتیژیخواز نین؟ زەبروزەنگمان لە سەرە، هەمیشە ئێمە دەبێ بیسەلێمنین دەگەڵ یەکین و ئەو ویکڕا بوونەش هەرئێمە دووپاتی بکەینەوە ! تۆ، ئەی برادەری هاووڵاتیی نووسەرو رۆژنامەنووس و چالاکی مافی مرۆڤ و رووناکبیری من، ناکرێ لەوبەری ئەو جادەکە جارێك هێندێك راوەستی، مانۆر نەدەی؟ پاشان هەرکات یەکێکمان زارمان هەڵپچڕی و پرێسکەی دەردو ئازارمان کردەوە دیسان دەچینەوە سەر هەمەن باسی هەمیشەیی، جارێ لێمان گەڕێن باکێشەی گشتیمان چارەسەر بکەین دوایی دێینیە سۆراخ خەمی ئێوەش! جارێ هێنانە گۆڕێی ئەم جۆرە باسانە جۆرێك جیاییخوازین و یەکرێزی و یەکیەتیمان تێك دەدەن! سەیرە ئەو چ چەشنە یەکیەتییەکە، کە نابێ ئازارەکان، ویستەکان و مافەکان و... هتد منی تێدا بێتە بەرباس؟ ئەو جۆرە وڵام دانەوەیە راست وەك وەڵامی هێندێك پیاوی سالارە کە بە چالاکانی فمینیزمی دەدەنەوە کە لە پێناو مافی یەکسانی دا چالاکن: با جارێ ئێمە کێشەی دێموکراسی چارەسەر بکەین، ئەوکات لە گۆمەڵگەیەکی دێموکرات دا هەموومان دەبینە خاوەن مافێکی یەکسان! کەچی دیتمان و تاقیشمان کردەوە لە هیچ کام لە شێوەکانی گۆڕان چ شۆڕش ( شۆڕشی کۆمەلانی خەڵك و شۆڕشە ئیدێولۆژییەکان) و چ لە رێگەی بژێرەی دەرەکییەوە وەکوو عێراق و ئەفغانستان و لە رێگەی چاکسازییەوە.. لە هیچ کامیان دا نەهاتە دی. لەوە سەیرتر من ئەو وڵامەم لە دیمانەیەك دا لە یەکێك لە گەورەترین چالاکانی بزووتنەوەی ژنان، کە خۆشی دەبێ دەردی بیستنی ئەو وڵامەی کێشابێ، کاتێ پرسیارم لەسەر مافە ئیتنیکی و نەتەوەییەکانم لە کۆمەڵگە چەند نەتەوەییەکان دا لێ کردو پێگەی مافی مرۆڤی ئەو مافانەم هێنا گۆڕێ، بیستەوەو وتی:" ئێمە دەبێ جارێ سەرەتا لە بیری ئەوە دابین بناخەی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتێك دامەزرێنین و پاشان .....

چۆن مل راکێشم بۆ هەوڵ و تێکۆشانی گشتی لە پێناو وەدی هێنانی دێموکراسی و ئازادی و یەکسانییەك کە لە سەرەتاوە مافو داخوازییەکانی منی تێیدا نەیەتە بەرباس و ژنان و نەتەوەکان و گرووپەکانی دیکەی تێدا کپ بکرێن. لە حاڵێکدا بەوتەی رانسیر دێموکراسی ئەو کاتە دێموکراسییە کە لە سەرەتاوە هەموو لایەك خاوەن یەك پێگەین.

وەرگیراو : لە وێبلاگی:
/http://www.shahabaddin.blogfa.com



درێژەی:

## بەربەرەکانی دژی دەوڵەتی کودیتا، لە نێوخوو دەرەوەی وڵات پەرە دەستێنێ

خاتەمی سەرکۆماری پێشووش لە لێدوانێکدا، رێفراندۆمی بە تەنیا رێگای دەرچوونی نیزام لە قەیرانی ئێستا زانی. ئەویش و رەفسەنجانی بە راشکاوی دانیان بەوەداناوە کە خەڵك متمانە بەو رێژیمەیان لەدەست داوە.

شایانی باسە بەردەوامیی خەڵك لە سەر کۆبوونەوەو خۆپێشاندان دژی کودیتاچییان و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکان بۆ سەر ئەوان و، وێڕای ئاشکرابوونی ناوی ژمارەیەکی زیاتر لە قوربانیان و دۆزرانەوەی تەرمی شەهیدانی ئەم دواییانە، هاوپێوەندیی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات و کۆڕو کۆمەڵ و کەسایەتییە مرۆڤدۆستەکانی جیهان لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە پەرەگرتن دایە. لە ئورووپاو ئەمریکا، رێپێوان و مانگرتن و بە پشتیوانی خەڵکی ئێران لە زیادبوون دایە.

لە حاڵێکدا هێشتا کەمترین وڵاتانی دنیا، ئەحمەدی نژادیان بە سەرکۆمار ناسیوەو لە نێوخۆی وڵاتیش ژمارەی "مراجــع" و ئاخوندە ناسراوەکان کە ئەو کابرایە بە سەرکۆمار ناناسن، هەتا دێ زیاتر دەبێ، راگەیەنەکانی رێژیم باس لە بەرێوەچوونی رێورەسمی "تحلیف" (سوێند خواردن)ی ناوبراو دەکەن! سەرچاوەیەکیش رایگەیاندوە کە موجتەبای خامەنەیی و چەند بڕیار بەدەستی هەرە سەرووی سوپای پاسداران لە کۆبۆنەوەیەکی نهێنیدا، بڕیاریان داوە لە سیناریۆیەکدا، ئەحمەدی نژاد لەنێو بەرن و بیکەن بە قوربانیی دەرچوون لەم قەیرانە. بە پێی هەواڵی ئەو سەرچاوەیە، ئەڵقەیەکی دیکەی سیناریۆکە ئەوەیە کە سوپای پاسداران دەسەڵاتی وڵات بگرێتە دەست و هەموو نەیاران بە توندی سەرکوت بکا، مۆرەیەکی خۆیان بکەنە سەرکۆمارو بەم جۆرە تەمەنی رێژیم درێژ بکەنەوە.

# تووشبون بە مادده هۆشبەرەکان و ویرانی بنەماڵە و کۆمەڵگە

کوێستان فتوحی





ژنان کەمتر لەپیاوان، دەبنە سیگاری، کەمتر تووشی ئێعتیاد دەبن، کەمتریش تووشی تاوان و زیندان دەبن. ئێعتیاد بە مادده هۆشبەرەکان یەکێکە لە دەرد وبەڵای ئەمڕۆی کۆمەڵگای جیهانی کە ساڵانە گیانی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکان دەستێنێ و زەرەر و زیانێکی یەکجار زۆر لە لە ساختاری بنەماڵە و کۆمەڵگەش دەدا. ڕێژەی ئێعتیاد بە مەوادی موخەدیر لە نێو زۆربەی کۆمەڵگاکاندا لە نێو پیاواندا زۆرترە لە چاو ژنان. ژنان بەپێچەوانەی پیاوان بەهۆی چاوەدێریی زیاتر لەلایەن ئەندامانی بنەماڵەوە و ڕۆحی سەبر و لەسەرەخۆیی ، کەمتر خۆ لە کاری مەترسیدار دەدەن. هەر بۆیە لە ڕێژەی ژنان و پیاوانی موعتاددا جیاوازییەکی یەکجار زۆر هەیە. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك ئێراندا ٩٥ لە سەدی موعتادان پیاوانن و ٥ لە سەدیان ژنان. بەڵام دیسانیش هۆکاری گیرۆدەبوونی ژنان بە مادده هۆشبەرەکان لە نێو بەشێکی زۆر لە ژناندا دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەری موعتاد.

تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان یەکێکە لە دیاردە زیانبارەکانی کۆمەڵگەکان. "ئێعتیاد بەڵای ماڵوێرانکەر"ە و ئامارەکان نیشان دەدەن ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان و ژنانی کۆمەڵگای ئێران موعتاد و نوقمی ڕۆژرەشی و نەهامەتی دەبن.

هەرکات باس لە ئێعتیاد دەکرێ وەبیر ئەو دێرە دەکەوینەوە: "ئێعتیاد بەڵای ماڵوێرانکەر". ئایا قەت بیرتان لە مانای ئەو دێرە کردۆتەوە؟ چۆن لێی تێ گەیشتوون؟

مێهنووش کچە خویندکاری کرماشانی بەم شێوەیە وڵامی پرسیاری ئەم لاپەڕەیەی دایەوە: "بێگومان من خۆم شاهیدی کەسانێکم لە شاری کرماشان موعتاد بوون و ژیان و ماڵیان تووشی لێك هەڵوەشان بووە. پێش ئەوەی کەسێکیان گیرۆدە بەو بەڵایە بێ ژیانێکی زۆر ئارام و خۆشیان هەبووە و پابەند بە ئەخلاقیاتی بنەماڵەیی بوون، لە نێو خەڵك دا ساحەبی ئابڕوو و ئێتبارێك بوون، بەڵام دواتر ژیانیان ویرانی وێران بووە. کاتێك باوك بۆ وەدەستهێنانی مەوادی موخەددیر کچەکەی دەفرۆشێ، کاتێك کچ بە خاتری باوك و برای موعتاد ناتوانێ شەریکە ژیانێکی موناسب بۆ خۆی هەڵبژێرێ، کاتێك کوڕێکی لاو شەرم دەکا لەوەی کە لەگەڵ باوکێکی موعتاد بچێتە نێو کۆمەڵەوە، کاتێك باوك بەهۆی ئەو دەردەوە هەستی باوکایەتی و خۆشەویستی بەرامبەر بە ئەندامانی بنەماڵە لەدەست دەدا، کاتێك بێزار دەبی لە ئەندامێکی بنەماڵەکەت و بەهۆی موعتاد بوون لەماڵ وەدەری دەنێ، کاتێك ژن بەهۆی ئێعتیادی هاوسەرەکەی تووشی دەیان گرفت و نەهامەتی دەبێ، ئەو کاتەیە هەست دەکەی کە بەڵێ ئێعتیاد بەڕاستی بەڵایەکی ماڵوێرانکەرە."

ئەمڕۆ ئێعتیاد بە ماددەهۆشبەرەکان یەکێکە لە سەرەکیترین گرفتەکانی کۆمەڵگای ئێران. ئەم نەخۆشییە بە ئازار و کوشەندەیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە حاڵی پەرەسەندندایە. بە پێی ئامارێك کە سایتی حکوومەتی "برنا" لە زمانی سەرچاوەیەکی ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان ڕایگەیاندوە، دەنووسێ: ڕۆژانە ٣٠٠ مێرمنداڵ لە ئێراندا بەریزی تووشبووان بە مادده هۆشبەرەکانەوە زیاد دەبن. نزیك بە ٣ میلیۆن تووشبوو تەمەنیان لە خوار ١٩ ساڵەوەیە. هەر بە پێی ئامارێکی تازە لە پێوەندی لەگەڵ ئێعتیاددا تەمەنی موعتادانی وڵات لە ١٧ ساڵییەوە بۆ ١٣ ساڵ هاتۆتە خوار. هەر بە پێی ئەو ڕاپۆرتە، ٣٠ لە سەدی تەواوی تووشبووان، بە دەست ئالۆزیی دەروونییەوە ئازار دەچێژن. بە پێی سەرچاوە ڕەسمییەکان ئەو کەسانەی موعتاد دەبن، تەمەنیان لە دەوروبەری ١٨ تا ٣٠ ساڵ دایە. هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە لە هەر مانگ دا ١٠٠ موعتاد لە ئێراندا گیان لە دەست دەدەن و نێونجی تەمەنی زیندانیانی موعتادیش٣٩ ساڵ ڕاگەیاندراوە.

بەڵام مەسەلەیەکی گرنگ و جێی سرنج، بەربەرەکانی ژنانە لە بنەماڵەدا بەرامبەر بە هاوسەر، باوك و برا بۆ ئەوەی تووشی ئەم بەڵایە نەبن یان ئەگەر تووش بوون دووریان بخەنەوە. دیارە سەرەڕای هەموو خۆپاراستن و بەربەرەکانییەك لە لایەن ژنانەوە بەداخەوە دیسانیش پێش بەم دیاردە ترسناکە نەگیراوە و ڕێژەی ژنانی موعتادیش کە بە ناچاری و ناڕەوا تووشی ئەم بەڵاماڵوێرانکەرە بوون لە زیاد بوون دایە. بە دڵنیاییەوە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ژنانەی موعتاد بوون، لە پێشدا یەکێك لە پیاوانی بنەماڵەیان بە تایبەتی هاوسەرەکەیان گیرۆدەی ئەو دەردە بووە.

"چنوور" ژنێکی چالاکە لە بواری کێشەکانی ژنان لە شاری سنە، دەڵێ: موعتاد بوونی ژن و پیاو کێشەیەکی گەورەیە بۆ کۆمەڵ بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ، ئێعتیادی ژن بە چەند قات زیان بە بنەماڵە و کۆمەڵگە دەگەیەنێ. ئەوەش کاریگەر بوونی کەسایەتیی ژن دەگەیەنێ لەنێو بنەماڵە و کۆمەڵگەدا. ژن لە بنەماڵەیەکدا کە هاوسەرەکەی موعتاد دەبێ هێندە تووشی تووڕەیی و ناڕەحەتی و سەرلێشێواوی دەبێ نازانێ چ بکا. بەبێ ئەوەی بۆخۆی بیهەوێ، دەکەوێتە داوی ئەم بەڵایەوە، کە ئاکامەکەی هەموومان دەزانین: لێك هەڵوەشانی شیرازەی بنەماڵە، لەشفرۆشی و دەیان بەدبەختی و ڕۆژرەشیی دیکە. لەهەمان کاتیشدا ژنانێکیش هەن لە ئاست گیروگرفتەکاندا زۆر بە وشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ وەزعەکە دەکەن و هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە خۆیان گرفتاری ئەو دەردە بکەن. بەردەوامیش لە هەوڵی ئەوەدان هاوسەرەکەیان یان برا و کوڕیان لەو ماڵوێرانییە دوور بخەنەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ زیانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر بنەماڵە چنوور بە لاپەڕەی کۆمەڵایەتیی "کوردستانی" وت:

"بنەماڵە یەکەم شوێنە کە منداڵ بە بەها و باوەڕەکان ئاشنا دەکا. لە نێو بنەماڵەدایە منداڵ کەسایەتیی دروست دەبێ و لە دایك و باوکەوەیە فێری ڕەفتار و شێوەی قسە کردن و هەڵسوکەوتەکان دەبێ. هەڵسوکەوتی دایك و باوك سەرمەشقە بۆ منداڵ و لەوانەوە فێری زۆر کردار و ڕەفتار دەبێ. دایك و باوکی سیگار کێش یان موعتاد دەبێتە هۆی ئەوە منداڵەکانیان ئەم کردارە زیانبارەی ئەوان بکەنە سەرمەشق و لەوانەوە فێری ئەو مادده زیانبارانە بن".

ئەو خانمە دەڵێ "ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێراندا هیچ بنەماڵەیەك لەو بارەیەوە هەست بە ئەمنییەت ناکات. دایك و باوك هەمیشە دڵ نیگەرانن، بەگومانن لە هاوڕێی منداڵەکانیان، بەگومانن لە چوونەدەری لاوەکانیان. دەورانی لاوەتی کاتی هەڵچوونەکانە، بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی لاو، هەمیشە چاوەڕوانیی ئەوەی لێ دەکرێ کە بە لاڕێدا بکێشرێ. بۆیە چاوەدێری و سرنجدانێکی زیاتریان پێویستە. لاوانی ئێران بەتایبەتی لاوانی کوردستان بێبەشن لە زۆر ئیمکانات کە کاتەکانی خۆیانی پێ‌پڕبکەنەوە. بێکاری، هەژاری، تەنیایی، گیروگرفتی بنەماڵەیی و داماویی لە ئاستیاندا، شکست لە خوێندندا و.... دەتوانێ هۆکارێك بن کە لاو پەنا بۆ ئەم دەرمانە کوشندەیە بەرێ. هێندێك کەس بەبێ ئەوەی خۆیان بیانهەوێ بەهۆی پێوەندی لەگەڵ دۆست و هاوڕێی موعتاد و یان بۆ خۆشییەکی کاتی تووش دەبن".

**ئەرکەکان بۆ پیشگرتن لە بەڵای ئێعتیاد:**

هەر لەو پێوەندییەدا "مێهنووش" دەڵێ: "ژنان ئەرکێکی یەکجار قورسیان لەسەر شانە. بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرە گرنگترین خەباتە کە ئەمڕۆ ژنانی کورد نابێ لەبیری بەرنەوە. ژنان بەهۆی بەرپرسیارەتییانەوە ئەرکێکی قورسیان لە نێو بنەماڵەدا لەسەر شانە، ڕێنوێنی و هاوکاریی ئەندامانی بنەماڵە، یان لە نێو بنەماڵەدا کەشوهەوایەك بۆ ژیان دروست بکەن کە تێیدا هەست بە خۆشی و ئارامی بکەن بۆ ئەوەی هاوسەر و کوڕ و برا و کچە گەنجەکانیان بەلاڕێدا نەڕۆن. چاوەدێرییان بکەن نەچنە مەجلیسی سەرخۆشی و ڕابواردنەکان. یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی گیرۆدەبوونی لاوان دەستراگەیستنە بە مادده هۆشبەرەکان کە زۆرجار لە مەجلیسەکانی لاواندا بە ئاسانی دەست دەکەوێ. دیارە ئەمە تەنیا ئەرکی ژنان نیە، ئەرکی حکوومەتە کە بەجیددی لەپێناو نەهێشتنی ئێعتیاددا هەموو هەوڵەکانی خۆی لەگەڕ بخا. بەڵام هەمووومان دەزانین ڕێژیمی ئێران بۆخۆی یەکێکە لە عامیلەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و گیرۆدەبوونی لاوەکان بەم ماددانەوە. بۆیە ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی چالاکانی فەرهەنگی، ڕێکخراو و ئێن جی ئۆ کانی ژنان، ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و بەتایبەتی حیزبەکانی کوردستان کە ئەمڕۆ بە خۆشییەوە چەند کانالی مەهوارەییان هەیە، کە ئێمەش خۆ بە خاوەنیان دەزانین. لەو بارەوە دەبێ بەرنامەی پەروەردەیی و وشیارکەرەوە بۆ کۆمەڵگەی خۆمان بڵاو بکەنەوەو خەڵك لە ئاکامە زیانبارەکانی ئەم بەڵایە ئاگادار بکەنەوە. ئەوە ئەرکێکی ئینسانی و تەنانەت نەتەوەییشە، بۆ ئەوەی لاوەکانمان تووشی ئەو نەخۆشییە نەبن".

مێهنووش لە کۆتاییدا دەڵێ: "بەدڵنیاییەوە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئارەزوویەتی لاوانی نەخۆش و بێکەڵکمان هەبێ بۆ ئەوەی قەت بیر لە خەبات و شۆڕشی نەتەوەیی نەکریتەوە. بەڵام نابێ بهێڵین ئەم ئارەزوویەی بێتە دی".

بۆ نادرنی بابەتەکانتان بۆ لاپەڕەی کۆمەڵایەتی پێوەندی بەم ئیمەیلەوە بگرن:
komelayeti@hotmail.com

---

# سۆژنە

## بزووتنەوەی ژنان و ماراتۆنی خەبات لە پێناوی مافەکانیان دا

عەلی بداغی

ئەوەی کە بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا هەروا بەردەوامەو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێیەکی دوورو درێژی لە بەر دەم دایە، هۆکارێکی زۆر سەرەکیی هەیە، ئەویش پیاوانە بوونی یاساکان‌و پیاوانی بینینی یاسادانەرەکان بۆ نووسین‌و پەسند کردنی یاساکانە.

ئەو نابەرامبەری‌و نایەکسانی‌یە کاریگەریی ڕاستەو خۆی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ژنانی ئێران داناوەو هەر ئەوەش وای کردوە خەبات‌و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو یاسا نابەرامبەرانە پرسی ژیانەکیی بزاوت‌و ڕێکخراوە یەکسانیخوازەکانی ژنان بێ. بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەم نووسینەیە ئەوەیە کە ئێستاش بەشێکی زۆر لە حەشیمەتی ژنانی ئێران کۆت‌و بەندەکانی ئەو زنجیرە یاساییانەیان لەسەر دەست‌و پیل‌و پێ‌ خۆیان هەست پێ نەکردوەو بەناچاری وەك واقعێکی ئاسایی ملیان بۆ دانەواندە. ئاماژە بە چەندتەوەرێکی ئەم نابەرامبەری‌یە حقوقی‌یانە مەبەستی ئەم وتارەیە:

**ژیانی هاوبەش**

ژن هەر لەگەڵ شووکردنی کۆمەڵێك لە مافە سروشتی‌یەکانی خۆی لە کیس دەدا، وەك مافی شوێنی نیشتەجێ بوون، ئیزنی سەفەر کردن‌و چوونەدەرێ لە وڵات. هەروەدا ژن لەگەڵ شوو کردنی پێویستە لەهەر هەلومەرجێك دا مل بۆ داوا تایبەتی‌و جنسی‌یەکانی مێردەکەی ڕاکێشێ‌و تەنانەت کار کردنیی دەبێ لەسەر ئیزن‌و پێخۆشبوونی مێردەکەی بێ. هیچ ژنێکی ئێرانی ناتوانێ بە بێ ئیزنی وەزارەتی دەرەوە شوو بە پیاوێکی بیانی بکا لە حاڵێك دا ئەو سنووردانان‌و مەحدودییەتە پیاوان ناگرێتەوە. ژن لەیەك کات دا دەتوانێ تەنیا مێردێکی هەبێ، بەڵام پیاوەکەی لەیەك کاتدا دەتوانی چوار ژنی مارەکراو بێ ژمار ژنی سیغیەیی هەبێ.

**تەمەنی ئەرك وە خۆگری‌و سزادان**

تەمەن خۆناسین‌و ئەرك وەخۆگریی یاسایی بوکچان ٩ساڵ مانگی، واتە ٨ساڵ‌و ٩مانگی هەتاوی‌یە لە حاڵێك دا ئەو تەمەنە بۆ کوڕان ١٥ ساڵی مانگی دیاری کراوە. واتە ئەگەر کچۆڵەیەکی ٨ساڵان تووشی کردەوە یەك یان هەڵەیەك بێ، وەك مرۆڤێکی گەورەساڵ سزای بەسەر دا دەسەپێ تەنانەت ئەگەر ئەو سزایە ئیعدام‌و پەتی سێدارەش بێ.

**خوێن بایی‌و شایەدی دان**

لەکاتی زامار بوون‌و زیانی جەستەیی‌یان کوژرانی نائەنقەست دا خوێن بایی ژن نیوەی خوێن بایی پیاوانەو لەکاتی شایەدی دانیش دا شایەدی دانی ژن بە نیوەی شایەدیدانی پیاو دەژمێردرێ، ئەوەش لە جێی خۆی کە لە هیندێك حاڵەتی تایبەتدا ژنان هەر مافی شایەتیدانیان نیە. وەك زینای" مەحسەنە"، لێخۆشبوون لە تۆڵە (قماص)،وەسیەت‌و ..

**داوەری کردن**

بەپێی یاسا ژنان مافی دادەوەری‌و بوون بە دادوەریان نیە. دامەزراندنی ژنان بەبڕوانامەن دادوەری لە سیسمتی قەزایی‌و دەزگای دادوەری لە ئێراندا تەنیا وەك ڕاوێژکاری دۆسیەکانەو دادوەری پیاو لە لێکدانەوەو خوێندنەوەی دۆسیەکاندا تەنیا بیروڕای ئەو جۆرە ژنانە وەردەگرێ‌و هیچ ناچار نیە ڕاوێژشیان پێ بکا.

**میرات**

بەپێی یاسای وڵاتی ئێران لەکاتی کۆچکردنی دایك یان باوك داو لە ئەگەری هەبوونی منداڵی کچ‌و کوڕدا، کوڕەکان دوو هێندە کچەکان میراتیان پێ دەبڕێ. لەکاتی مردنی ژن یان مێردیش دا وەرگرتنی میرات لە یەکتر وەك یەك نیە. بۆوێنە ئەگەر ژنێك مێردەکەی بمرێ‌و منداڵی لێی هەبێ، ئەوا یەك لەهەشتی ماڵی مێردەکەی پێ دەبڕێ‌و ئەگەر منداڵی نەبێ یەك لە چواری ماڵی‌و سامانەکەی پێ دەبڕێ. بەڵام مێرد لەکاتی مردنی ژنەکەی دا ئەگەر ژنەکە منداڵی هەبێ ئەوا یەك لە چواری سامانەکەی‌و ئەگەر منداڵ نەبێ نیوەی هەموو سامانی ژنەکەی پێ دەبڕێ. ئەگەر بێت‌و ژنە میراتگری دیکەی نەبێ ئەوا هەموو ماڵ‌و سامانەکەی بە پیاوەکەی دەگا لە حاڵێك دا ئەگەر مێردەکە بمرێ‌و هیچ میراتگرێکی نەبێ تەنیا یەك لە چواری سامانەکەی بە ژنەکەی دەبڕێ‌و دەوڵەت سێ لە چوارەکەی دیکە بە قازانجی حکوومەت زەوت دەکا. خاڵێکی جیی سەرنج لەوەدایە کە ئەگەر پیاوێکی چەند ژنە بمرێ، هەر ئەو یەك لە هەشتەی ماڵ‌و سامانەکەی بە سەر هەموو ژنەکانی دا وەك یەك دابەش دەکردرێ.

**تەڵاق**

بەپێی یاسا تەڵاق مافی بێ ئەملاو ئەولای پیاوەو پیاو بۆی هەیە هەرکاتێك پێی خۆشی بوو لە ژنەکەی جیابێتەوەو تەڵاقی بدا. بەڵام ئەگەر بێت‌و ژن داوای جیابوونەوە بکا ئەوا دەبێ لە دادگا بە بەڵگە بسەلمێنێ کە مێردەکەی بۆی خراپە، موعتادە، نەفەقەی پێ نادا‌و یان دەنا حوکمی درێژ خایەنی زیندان بۆ مێردەکەی بڕاوەتەوەو مێردەکەی لە گرتووخانەیە. سەلماندنی ئەو ئیدیعا یان داوا کارییانەش لە دادگادا چەند ساڵێك دەخایەنێ‌و لە جێ دا زۆر سەخت‌و دژوارو تاقەت پڕووکێنە. لە کۆتایش دا ئەگەر ژنە توانی لە دادگا بۆ چوونەکانی بسەلمێنێ، ئەو جار دەبێ لە مارەیی‌یەکەی خۆش بێ دەنا ناتوانێ لە مێردەکەی جیابێتەوە.

**سەرپەرستی کردن‌و ڕاگرتنی منداڵ**

لەیاساکانی ئێراندا" حضانت"و" ولایەت "ی منداڵان دوو چەمکی لێك جیاوازن. " حضنانت " بە مانای ڕاگرتنی منداڵە بەڵام " ولایت" بەمانای سەرپەرستی کردن‌و بەڕێوە بردنی کارو باری دارایی، بڕیار دان لەسەر شوێنی ژیان، خوێندن‌و چوونەدەرێ لە وڵات‌و ئیزن دان لە کاروباری دەرمانیی منداڵە. بەپێی یاسا دایك ناتوانێ هیچ کاتێك ببێتە سەرپەرستی منداڵەکانی‌و تەنانەت لە نەبوونی باوك‌و باپیرو جەدی باپیریشی دا ناتوانێ مافی سەرپەرستی کردنی منداڵەکانی هەبێ‌و تەنیا دەتوانێ" قیم"ی منداڵەکانی بێ‌و لەو کاتەدا بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرستی کە لە ژێر بڕیارو چاوە دێریی دادستانیی وڵات دایە، چاوە دێری بەسەر کاروباری دایکە قەیومەکە دا دەکاو تەنانەت مافی فرۆشتنی سامانی منداڵەکانیشی نیە. سەبارەت بە " حضنانت" ی منداڵ دوای تەلاق دایك دەتوانی منداڵی هاوبەش لەگەڵ مێردەکەی تا تەمەنی ٧ساڵیی لەلای خۆی ڕاگرێ‌و ئەگەر لەو ماوەیەدا شوو بکاتەوە، ئەو مافەشی لێ دەستیندرێتەوە

# که تۆ هاتی

**بێبەش**

چەند سەدەیە گەواڵ گەواڵ هەوری نەزۆك بە ئاسمانی وڵاتمدا دێن و دەچن، ویشك دەڵێی تێکوشینی هەژارانن.

دەشتم هەمووی شەقار شەقار، بیابانی رووت و قاقڕ.

کێو هەمووی نوقمی تۆزی بەرهەمی خواوەندانی شەڕ، لەسەر سینگیان داری چاکی، بێگەڵاو پڕ لە بزگوڕ، بزگوڕی سەوز.

زۆرجار رووبار هاتوونە بەرچاوی رێبوار، رێبواری رێی ئاوەدانی، کەچی تراویلکە دەرچوون.

گڕەی گەرم و قەمچیی دەستی رەشەبایان دڵی بەردینی رەوەزی نەرم وەك ماجووم کردوە، بووە بە مەسیح.

خاکە هەناو سووتاوەکەم لێزمە باران و گەردانەی پەلکەزێڕینەو جاڕەگوڵی تێراوی هەر بە خەو دیبوو کە تۆ هاتی...

هاتی هەور وەژێنی، هاتی دەشت کەی بە بەهەشت و بیابان ئاوەدان کەیت و تۆزتەکێنی کێوەکانی کەی.

تراویلکە نەبووی بە خۆ... رووبارێ بووی روون روون وەکوو ئاوی کەوسەر، تینوویەتی زۆر رێبوارت شکاندوە، زۆر وەك هەرچی واقیع بینە.

هاتی لەسەر سینگی رەوەز هەڵاڵەو نەسرینت رواند.

چرای بیری دەست یارانت خۆشتر کردو خێوی شەوت زراوچوو کرد. بزە بووی هاتی، هاتییە لێوی وشکی هەموو کاکەمەمان.

تیشك بووی هاتی، هاتییە دڵی هەموو زینان.

تۆ کە هاتی، تەزوویەك بە مێژوودا هات، زریکاندی و هەستایەوە، هەستایەوەو جارێکی دی شێخی نەهری، سەید رەزا، شێخ مەحموود، قازی محەممەدو مەلا مستەفا پڕ بە جیهان هاواریان کردو لە بانگیاندا : ئێمە ماوین.

کە تۆ هاتی، پەتی گەرنی هیوا پساو سێدارە وەك نەوەکانی شاعەبباس سەریان شۆر کرد، دار بەرووەکان قەدیان کێشاو باڵایان کرد.

بە لێزمە باران بارییە سەر خاکە هەناو سووتاوەکەمو پەلکەزێڕینە دەرکەوت، بەڵام هەی ئاخ...

بە لەوەی جاڕەگوڵی کوردستانم تێر ئاو وەخۆن، خێوانی شەو چاویان کوێر بێ، هاسان زەفەریان پێ بردی.

دوو دەیەیە لە چاوی کوڕەحەیران و ئاسکۆڵە قژ خاوەکانی نیشتمانی لەت کراوم، لەگەڵ ترووسکەی یادت، چەند دڵۆپ فرمێسکی روون بۆ گەش بوونی گۆنای وەفا هەڵ دەوەرن.

دوو دەیەیە هەمووی ئەوانەی تینوویەتیان لە کانیاوی روونی بیرت شکاند، لەساڵڕۆژی دوا سەفەرت هەگبەیەکی پڕ لە رقی پیرۆز هەڵ دەگرن و لە سەر رێگەی مەرگی خێوانی شەو دەیبارێنن.

دوو دەیەیە دەیانهەوێ خەرمانی ئەستێرەی یادت لە بەرزایی ئاسمانەوە بکێشنە نێوزەلی بە سامی لە بیر چوون، بەڵام ورەی رێبوارانی رێو رێبازت هێندە بەهێز ناهێڵێ نا، یەك ئەستێرە لە تاقی ئاسمانی کوردان کەم بێتەوە.

چ زوو هاتی! زووش رۆیشتی، هێشتا باغی هەنار ساواو تیشکی هەتاو کەسیرە بوو.

هەر کە هەنار پێگەیشتو تیشکی هەتاویش رەها بوو، قاسملووی کورد تۆش دێیەوە.



# پووشپەڕی سوور

له پووشپەڕدا
ئەوی وا پەڕی
پووش نەبوو
هەڵۆی بەرزە فڕی
باڵ خوێنینی
کوێستانەکەم بوو
له پاش پڕشه بارانی خوێنیشیدا
ئاسمانی گەلاوێژ
پڕ بوو لە کۆلکە زێڕینە
بەفرە سپییەکانی سەر لووتکەیش
سەوزو زەردو سووریان
لێ دزین و ئالآیان هەڵکرد...

بهروز فاتح ٢٠٠٩/٧/١٤

(وەرگیراو لە ماڵپەڕی بەیان)

# بەرەو یەکساڵەی مەرگی هونەرمەندێکی جوانەمەرگ

ب. هانا



لە نێو هەموو ئەو نووسینە جوانانەی لە ماوەی یەکساڵی رابردوودا لە بارەی مەرگی بێوەختی هونەرمەندی جوانەمەرگ سمایل سەردەشتی خوێندوومنەوە، نووسینە کورتە هاوبەشەکەی بەڕێزان ناسر حیسامیو حوسێن شەبەق، لە هەمووان زیاتر سەرنجی منی راکێشا. ئەوان قامکیان لەسەر گرنگترین تایبەتمەندیی ئەو هونەرمەندە دانابوو، نزیکبوون لە خەڵك!

لە یەکساڵەی مەرگی ئەو گۆرانیبێژە جوانەمەرگەدا، منیش حەز دەکەم بە هەڵوێستەیەك لەسەر ئەم تایبەتمەندییەی، یادی بکەمەوە.

لە بەشێکی زۆری رۆژهەڵاتی کوردستانو هەروەها لە رووبەرێکی بەرینی باشووری کوردستانیشدا، سمایل سەردەشتی لایەنگرو جەماوەرێکی یەکجار زۆری هەبوو. لایەنگرانی سمایل سەردەشتی هەم لەو دیو، هەم لەو دیوە، خەڵکی رەشورووت، خەڵکی زەحمەتکێش، لاوانی چینو توێژە هەژارو دەستکورتەکان، خەڵکی خاوەن هەستی نیشتمانپەروەریو، ئۆگرانی بزووتنەوەی کوردایەتی و ئازادیخوازی بوون. راستە سمایل سەردەشتی دەنگێکی خۆش و بەهرەیەکی تایبەتی لە گۆرانی گوتندا هەبوو، راستە کە دەیتوانی بۆ ماوەی چەند ساعات لە سەر یەك گۆرانی بڵێو، هەوای جۆراوجۆر بە دوای یەك دا بچڕێ و، بە گوێرەی جۆری بەشداران و سەربردەو مەوقەعییەتیان و حاڵو هەوای شایی و هەڵپەڕکێکە بەستەو بەندان بڵێو بهۆنێتەوەو سەرنجی هەمووان بۆ لای خۆی رابکێشێ، بەڵام هەر ئەو تایبەتمەندییانە نەبوون کە ئەویان خۆشەویست کردبوو. تایبەتمەندیی لەمانە گرنگتر، سادەییو خۆمانەبوون لەگەڵ خەڵكو تێکەڵبوون لەگەڵ ناخی حەزو ئاواتو ئارەزووەکانی خەڵك بوو. ئەو خەڵکە هەژارو نەدارەی بەردەوام بە بۆنەی هەژاریو بێبەشییانەوە، لەلایەن دەسەڵاتدارانو چینی باڵادەست و کەسانی خۆ لێ گۆڕاو، بە کەم دەگیرێنو سووکایەتییان پێ دەکرێ، سمایل سەردەشتی بەو خۆشەویستیو ناوبانگە رۆژبەرۆژ لە زیادبوونەیدا، لێیان میوان دەبوو، دۆستایەتیو رەفاقەتی دەکردن و خۆی بە بچووکی ئەوان دەزانیو شانازیی بە تێکەڵاوی، هاونشینیو دۆستایەتیی ئەوانەوە دەکرد.

سمایل سەردەشتی، لە بارێکی دیکەشەوە لە خەڵکەکەی نزیك بوو. نەك هەر نزیك، بەڵکوو دەربڕی هەستو سۆزو ئاواتو ئارەزووەکانیان بوو. ئەو دەیزانی خەباتی ئازادیخوازیو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەو حیزبی دێموکراتی کوردستانو رێبەرە شەهیدەکانیو تێکۆشەرانو پێشمەرگەکانی کوردستان، چەند لای خەڵکی کوردستان خۆشەویستن. ئاواتی ئازادیی کوردستانو شەکانەوەی ئاڵای کوردستانو بڵاوبوونەوەی سێبەری دەسەڵاتێکی ئازادی کوردی، چەندە بە ناخی خەڵکەکەماندا رۆچووە.

بۆیە گۆرانییەکانی بۆ دەربڕینی ئەو خۆشەویستیو ئاواتو ئارەزووانە، تەرخان کردبوو. ببووە سەفیری حەزو ئارەزووەکانی کچانو کوڕانی لاو، خەونو ئاواتەکانی نەتەوەکەی بە زمانێکی ساکارو بە هەستێکی بێخەوش دەردەبڕی. لەسەر ئەم کوردایەتیو ئازادیخوازیو پێشمەرگە دۆستییە، زیندانی کراو تووشی دەربەدەری بوو.

١١ی گەلاوێژی ١٣٨٧، هەواڵێك لە کەمتر لە سەعاتێکدا، سەرانسەری کوردستانی داگرتو بە سەدان هەزار کەس لە لایەنگرانی ئەو هونەرمەندەی هەژاند. سمایل سەردەشتی بە رووداوێکی هاتوچۆ گیانی لە دەست دا! دەنگدانەوەی ئەم هەواڵەو رێورەسمی پرسەو سەرەخۆشیو بە خاکسپاردنی لە نێو گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکراتو، ئەم هاودەردییەی لەم پێوەندییەدا، لە رۆژهەڵاتو باشووری کوردستانو دەرەوەی وڵات خۆی نواند، نیشاندەری ئەم خۆشەویستییە کەم وێنەیە بوون کە سمایل سەردەشتی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەیبوو. ئەو هونەرمەندە، زۆر بە ناوەخت لە دەستمان رۆیی. لەو ئەستێرانە بوو کە زوو راخوشینی، بەڵام پڕشنگی ژینی کورتو تروسکانەوەی راخوشینەکەی، بەم زووانە لە بیر ناچنەوە.

یادی بەخێر



KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 515 22 Jul 2009

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لەماڵاوایی

# کەبوودوەند هێمای پێشێلکرانی مافی مرۆڤی کورد

مەنسوور مروەتی

بۆ یەك مانگ دەچێ کە محەممەد سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان پێی ناوەتە سێهەمین ساڵی دەسبەسەر کرانیەوە. کەبوودوەند کە لە لایەن کاربەدەستانی ئەمنییەتیی سەر بە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامییەوە بە تاوانی دامەزراندنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و ئاشکرا کردن و خستنە بەر باسی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی کورد حوکمی قورسی یازدە ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە، چوار ساڵ لەوە پێش بە دامەزراندنی ئەو رێکخراوەیە کۆتایی بەو بێدەنگییە سامناکەی ناوخۆی وڵات هێنا کە لە لایەن حاکمیەتەوە بەسەر کوردستاندا زاڵ کرابوو. ئەگەرچی بەر لە کاك سەدیق، چالاکانی دیکەش ناوە ناوە هەواڵی ئەو ناعەدالەتی و مافکوژییانەیان بەرانبەر بە نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو دەکردەوە، بەڵام رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان نە تەنیا لە ئاستی چالاکان و بژاردەکانی کۆمەڵگە بەڵکوو خستنە بەرباسی مافی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی لە هەر چین و توێژ و جێگەو پێگەیەکدا کردە ئامانجی مرۆڤانەی خۆی و بەوکارە پڕبایەخەی، دۆزی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکشانێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و، ئەو بۆشاییە لە مێژینەیەی تا رادەیەکی زۆر پڕ کردەوە.

کەبوودوەند ئێستاش سەرەڕای ناساغیی جەستەیی و گوشار و ئەشکەنجەی نێو زیندان هەر بە پەرۆشەوە بە دواداچوونی هەواڵ و رووداوەکانی کوردستان دەکا و بە شێوەیەکی ژیرانە و واقیعبینانە داوای چارەسەری کێشەی کورد بە شێوەی ئاشتییانە و بە دوور لە هەر چەشنە توندوتیژییەك دەکا. بەڵام سەپاندنی حوکمی قورس و ناعادڵانەی یازدە ساڵ زیندان بە سەر سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە پێشدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەك ئامادە نین دان بە مافەکانی نەتەوەی کورددا بنێن، تەنانەت ئەگەر داخوازییەکانی کورد لە چوارچێوەی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤدا و بە دوور لە هەر چەشنە بارگرژی و توندوتیژییەك بێتە ئاراوە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو حوکمە ئەوەمان بۆ روونتر دەکاتەوە کە جیاوازیی مرۆڤی کورد لە هەر پێگەیەکدا چەندە جیاوازە لەگەڵ تاکێکی فارسدا تەنانەت ئەگەر فارسەکەش هەمان تاوانی کەسێکی کوردی درابێتە پاڵ. بەڵگەش بۆ ئەم وتەیە بەراورد و پێك گرتنی پەروەندەی سدیقی کەبوودوەندە لەگەڵ چالاکانی دیکەی مافی مرۆڤ لە تاران کە ئەو پەڕەکەی بە ساڵێك زیندان رزگاریان دەبێ. بەڵام کەسێکی وەکوو کەبوودوەند نەتەنیا حوکمێکی قورسی وای بەسەردا دەسەپێنن، هەر رۆژە و بە بیانوویەك دەیبەنە دادگا و تاوانێکی دیکەی دەخرێتە پاڵ. وەك دەبینین لە دوایین دادگایی کردنیدا ناوبراو دەبەنە دادگای شاری مهاباد و بە تاوانی یارمەتیدان بۆ بڵاوکردنەوەی نامیلکەیەك لە سەر دۆزی ژنانی کورد دادگایی دەکەنەوە. ئەگەرچی کاك سەدیق بە وتەی پارێزەرەکەی سەرەڕای هەموو بوێری و ئازاییەك لە وەئەستۆ گرتنی ئەو بەناو تاوانەی سەبارەت بە دامەزراندنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دراوەتە پاڵی، حاشا لەو تۆمەتەی دادگای مهاباد دەکا بەڵام هەمووی ئەمانە سەلمێنەری ئەوەن کە بەرپرسانی ئەمنییەتی و قەزایی کۆماری ئیسلامی لە هەر چەشنە ئازارو ئەزیەتێك بۆ شکاندن و چۆك داهێنانی سەدیق کەبوودوەند درێغی ناکەن.

هەر وەك لە سەرەتادا باس کرا محەممەد سەدیق کەبوودوەند ئێستاش و سەرەڕای ئازارو ئەشکەنجەکانی نێو زیندان، مرۆڤایەتی و مافەکانی نەتەوەکەی وەپشت گوێ نەخستوە. پێویستە رێکخراوەکانی نێونەتەوەیی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ، بە فشارهێنانی زیاتر بۆ سەر کۆماری ئیسلامی، گوشارەکان لەسەر کەبوودوەند کەم بکەنەوە و بە ناردنی نوێنەری تایبەتی و خستنە ژێر گوشاری دەزگای قەزایی ئێران تاوانە پاڵخراوەکانی کەبوودوەند و سزای نامرۆڤانەی سەر ئەو هەڵ بوەشێتەوە.

# وێبلاگنووس




## گۆشەیەك بۆ ناساندنی وێبلاگە کوردییەکان

وێبلاگی "**چلچەمە**"، وێبلاگێکە بۆ بابەتە پێوەندیدارەکان بە پرسو کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

بەڕێوەبەری وێبلاگی "**چلچەمە**" بەم جورە پێناسەی خۆی دەکاو خۆیو شوناسی خۆی بەخوێنەر دەناسێنێ: من تاکێکم لەم گوێ زەویە کە بەرێکەوت لە جوگرافیایەك کەپێی دەوترێ کوردستان لە دایك بووم. ئێستا من تاکێکم لە کۆمەڵگەیەکدا کە پێی دەوترێ کۆمەڵگەی کوردو، سەر بەنەتەوەیەکم کەپێی دەوترێ نەتەوەی کورد. نەتەوەو کۆمەڵگەکەی خۆم خۆش دەوێ، وەك چۆن ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی دیکەش بام و سەربە نەتەوەیەکی دیکەش بام هەر بەم شێوەیە دەبوو. لە هەمان کاتیشدا رێزم هەیە بۆ هەموو نەتەوەکانی کۆمەڵگەکانی دیکە. خۆشەویستیی من بۆ نەتەوەو کۆمەڵگەشم وای نەکردوە دژ بەنەتەوەکانی دیکە بم، یان کەم و کوڕییە کلتووریو سیاسییەکان لە بەرچاو نەگرم. بە پێچەوانەوە ئەو کەم و کوڕییانە دەبینم و زۆر جاریش دژ بەم کەمو کوڕییانەم بە هیوای وڵاتێك کە تێیدا رێز لە مرۆڤ بگیرێ وەك مرۆڤ .

لەم لاپەڕە ئێلێکترۆنییە دا ئەم بابەتانە دەبینرێن، ١٨ی پووشپەڕ رووداوێکی فەرامۆش نەکراو، دەسەڵات و دۆخی نائاسایی، پۆست مودێرنێتیو رێژەگەرایی کلتووری، رەخنەی ئەدەبی مارکسیتی، خۆپێشاندانو چەن پرسیار...؟!، تەنها دەنگ بدە، نامەیەك لە مارکسەوە بۆ فۆیەر باخ، دۆست - دوژمن دوای کزبوونی مارکسیزم.

نوێترین بابەتی ئەم وێبلاکە لە ژێر ناوی" نیگا وردبینەکانی پۆل ئاستێر(چاوخشاندێك بەسەر دنیای گێڕانەوەی پۆل ئاستێردا). هەروەك لە سەردێرەکەیەوە را دیارە تاوتوێی نووسراوەو وەگێران و شێعرو بەرهەمە جۆراجۆرەکانی ئەم نووسەرە ئەمریکاییە، کە نووسەر ئاستێر لە چاو نووسەرە هاوچەرخەکانی خۆی بە مودێرنتر دەزانێ و بەڵگەشی ئاماژە بۆ وەرگێڕانی بەرهەمکانیتی بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان. هەر لەم بابەتەدا نووسەر چەند بەرهەمی مەزنی ناوبراو وەکوو" تریلۆژیی نێوێورك"، " شاری شووشەیی"، " رۆحەکان"، " ژووری درگە داخراو"و.. هێتد دەخاتە بەرباس.

خۆێنەرانی بەرێز بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر ئەم وێبلاگە دەتوانن سەردانی ئەم ناونیشانە ئینتێرنێتییە بکەن.

htt//www.chlcheme.blogfa.com

# پێشاندانی بەرهەمە سینەماییەکانی هونەرمەندانی کورد لە فیستیڤاڵەکانی جیهان

لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی "سینەما دامار" CINEMADAMAREی ئیتالیا دا سێ کورتە فیلمی سینەماکارانی کورد بە ناوەکانی "سنوور" لە دەرهێنانی سەتار چەمەن گوڵی، "یاری لە بێدەنگی دا" لە دەرهێنانی جەبار ساڵحی و لێرە شەقامەکان بێ کۆتایین" لە دەرهێنانی تۆفیق ئەمانی بەشداری کێبڕکێکانن.

هەروەها لە ١٢یەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی منداڵان و مێرمنداڵانی "ئابۆرن" لە ئوستڕالیا دا پێنج کورتە فیلمی سینەماکارانی کورد لە بەشی فیلمەکان بۆ منداڵان پێشان دەدرێن کە بریتین لە:


کوڕە جوانەکەم دەبێتە پادشا، لە دەرهێنانی سالم سەڵەواتی
کارتۆنی زام،لە دەرهێنانی ماشاڵڵا محەمەدی
گۆرانیی باران، لە دەرهێنانی جەعفەر نوورمحەمەدی
شەوی رۆژی بەفری، لە دەرهێنانی دانش سڵەواتی و بابەك سڵەواتی
ژوانگە، لە دەرهێنانی سەرکەوت محەمەدی

هەروەها فیلمی سینەمایی "پەرینەوە لە غوبار" کە بەرهەمی سینەماکاری کورد شەوکەت ئەمین کورکییە لە سینەماکانی پاریس و چەندین شاری دیکەی فەڕەنسە پێشان درا.

# راگەیەندراوی پشتیوانیی کۆمەڵێک کەسایەتیی ئێرانی دەرەوەی وڵات لە مانگرتنی واشنتگتۆن

دوای ئەوەی ئەکبەر گەنجی و کۆمەڵێك روناکبیرو خەباتکارو هونەرمەندی ناوداری ئێرانی لە بەرانبەر بنکەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مانیان لە خواردن گرت زۆرێك لە کەسایەتییە جیهانی و ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات پشتیوانیی خۆیان لەم مانگرتنە دەربڕی و داوایان لە خەڵکی ئێران کرد تا ئەو جێیەی بۆیان دەلوێ بەشداریی ئەو مانگرتنە بکەن. کۆمەڵێك کەسایەتیی ئێرانی دەرەوەی وڵات لە رێگەی دەرکردنی راگەیەنراوەو پشتیوانیی خۆیان لەم کردەیە دەربڕیوە بریتین لە:

شاهین نەجەفی، فەریدون ئەحمەدی و کۆمەڵێك کەسایەتیی بیانی: تامس ئیسکانلون (مامۆستای فەلسەفەی زانکۆی هارواد، ئێلیزابێت ئەندرسۆن (مامۆستای ماف، زانکۆی میشیگان)، جاشوا ئۆبێر (مامۆستای زانستە سیاسییەکان، زانکۆی ئێستنفۆرد)، ئەندی سکات و کیك سکات (بەڕێوەبەری گووگل)، میشل بێری (مامۆستای پزیشکیی زانکۆی ئێستنفۆرد)، هانری بارکی (مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی لی های)، جول رابێرتس (مامۆستای ماف زانکۆی ویسکانسۆن)، کوری رابن (مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی نیۆیۆرك)، جان رومر (مامۆستای زانستە سیاسی و ئابوورییەکانی زانکۆی ییل)، دێبورا ساکس (مامۆستای ماف و ئەخلاقی زانکۆی ئێستنفۆرد)، تامی شلبی (مامۆستای فەلسەفەو توێژینەوەکانی زانکۆی هاروارد) و .... چەندین کەسایەتیی بەرجەستەی دیکە.



# نوام چامسکی و خوزە کازونوا دەچنە ریزی مانگرتووانی بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان

نوام چامسکی زمانناس، فیلسوف و رەخنەگری مەزنی ئەمریکا لەنامەیەکدا بۆ مانگرتووانی بەردەم بنکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە واشنگتۆن پشتیوانی خۆی لەو کارەیان دەردەبڕێ و ئاوات دەخوازێ بتوانێ بچێتە ریزی ئەوانەوە کە دژی هەڵسوکەوتە نامرۆییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران دژ بە خەڵکی ناڕازی مانیان لە خواردن گرتوە.

# چوارەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی سەرشەقام لە مەریوان بەڕێوە دەچێ




سەرەتای پاییزی ئەوساڵ چوارەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی سەر شەقام لە مەریوان بە بەشداریی هونەرمەندانی شانۆکاری ئەو شارە بەڕێوە دەچێ. پێشبڕکێکانی ئەو فیستیڤاڵە کە سێ بەشی نێونەتەوەیی، وۆرك شۆپە فێرکارییەکان و وتارە توێژینەوەییەکان لە خۆ دەگرێ بە بەشداریی چەندین گرووپی نێوخۆیی و چەند گرووپی بیانی بەڕێوە دەچێ.

# رابرت رێدفۆرت نامەیەک بە مەبەستی پشتیوانی لە مانگرتنی واشنتگتۆن دەنووسێ




ئەکتەرو دەرهێنەری ناوداری ئەمریکایی رابرت رێدفۆرت نامەیەکی بە مەبەستی پشتیوانی لە مانگرتنی ئێرانیانی بەردەم بینای نەتەوە یەکگرتووەکان لە واشنتگتۆن نووسیو، کچەکەشی بۆ نیشاندانی هاوپێوەندیی لەگەڵ دەستبەسەرکراون دەنێرێتە شوێنی مانگرتن.



# پشتیوانیی دزمۆند توتو و .... لە هەنگاوی جیهانی لە رۆژی سێیەمی گەلاوێژ

چەندین کەسایەتیی براوەی خەڵاتی نوبێل و دزمۆند توتوو هونەرمەندان و شاعیرانی ئێرانی پشیتوانیی خۆیان لە هەنگاوی جیهانی لە رۆژی سێیەمی گەلاوێژ دەربڕی.

ئار ئێچ بی شاب دزمۆند توتو براوەی خەڵاتی نوبێلی ساڵی ١٩٨٤، شیرین عیبادی داکۆکیکاری ئێرانیی مافی مرۆڤ و براوەی خەڵاتی ئاشتیی نوبێلی ساڵی ٢٠٠٣، مایرید مگوئایر براوەی خەڵاتی نوبێلی ساڵی ١٩٧٦، جودی ویلیامز براوەی خەڵاتی ئاشتی ساڵی ١٩٩٧، سیمین بێهبەهانی و ئیسمائیل خۆیی، لە شاعیرانی بە ناوبانگی ئێرانی وێڕای رەخنە و گازندە لە هەڵسوکەوتی رێژیم لەگەڵ خەڵکی ناڕازی پشتیوانی خۆیان بۆ رۆژی جیهانی هەنگاو بۆ مافی مرۆڤ لە ئێران دەربڕی.




دانشگای تاران ١٩٧٩




دانشگای تاران ٢٠٠٩

جهان سر به سر عبرت و حکمت است .... فردوسی